# پرسە پەروەردەییەکان

## ئاوڕێک لەڕابوردوو، هەنگاوێک بۆ داهاتوو

ڕەووف محەمەد ئالانی

چاپی یەکەم ٢٠٢٤

ناوی کتێب: پرسە پەروەردەییەکان

بابەت: پەروەردەیی

نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی

تایپکردن و هەڵەچن: نوسەر

دیزاینی بەرگ: د.نیاز عوسمان

دیزاینی ناوەوە: هەڵمەت محەمەد شکور

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤

چاپخانە: سلێمانی چاپخانەی (پاندا)

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ١٢٧٨ )ی
ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە

## پێشکەش بێت

- بەوانەی خەمی پرۆسەی پەروەردەیان کردووە بە ئەرکی سەرشانیان
- بە هەموو ئەو مامۆستایانەی زمانی شیرینی کوردیان پاراستووە
- بەو نوسەرانەی لەسەر پەروەردە ئەنوسن
- بە تۆی خوێنەری ئەم کتێبە

# ناوەڕۆکی کتێب


لە جیاتی پێشەکی ........................................ ٧

پەروەردە، ئەرکی لە گێڕانەوەی شکۆ بۆ مامۆستایان................ ٩

پرسە پەروەردەییەکان و چەند سەرنجێک ........................ ١٤

پەروەردە، پەیوەندی بە مۆندیالەوە .............................. ١٩

پەروەردە، هاندان بۆ خوێندنەوە..................................٢٣

پەروەردە؛ خواستێکی گەورە، خەونێکی زڕاو ........................٢٧

پەروەردە، ڕۆڵی لە نەهێشتنی رق و کینەدا .........................٣١

پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە.............................٣٤

پرۆسەی پەروەردە و شانۆی منالان .............................. ٤٠

ڕۆڵی پەروەردە، لە دیاریکردنی کەسێتی تاک......................... ٤٤

نەبونی پلان، لە پەروەردەدا، کاریگەریە نەرێنیەکانی ...............٤٨

وێرانکردنی پەروەردە ........................................٥٧

ئاوڕدانەوەیەک لە پرۆسەی پەروەردە ............................ ٦٠

پەروەردە، لەنێوان بازرگانیکردن و بەها بەرزەکاندا................٦٥

پەروەردە و گرنگینەدان بەزمانی دایک.............................. ٦٩

یەکێتی مامۆستایان، لەنێوان پاشکۆیەتی وسەربەخۆییدا ............٧٧

پەروەردە، زەنگیک لە یادی ڕاپەڕیندا............................٨١

پەروەردە ومتمانە بە خۆبوون.....................................٨٦

پەروەردەونەهێشتنی فشاری دەروونی ............................ ٩٠

**ترس و پڕۆگرامەکانی خوێندن ........................ ٩٤**

**دەست درێژیکردنە سەرزەوییەکانی پەروەردە.................... ٩٨**

**پەروەردە و گرنگیدان بە مافەکانی منداڵان..................... ١٠٢**

**پەروەردە و خولەکانی هاوینە.............................. ١٠٧**

**پەروەردە، گرفتی جیاکاری منداڵی مامۆستا و منداڵانی تر ........... ١١١**

**نەک ڕۆژێک، جیهانێک بۆ منداڵان ......................... ١١٥**

**پەروەردە، پرۆسەی بێبەشکردنی بەشێک لەمامۆستایان............ ١١٩**

**حیزب، مۆتەکەی پەروەردە.............................. ١٢٤**

**ڕۆڵی پەروەردە، لە کەمکردنەوەی توند و تیژی .................. ١٢٨**

**کەسێتی مامۆستا و کاریگەری لەسەرپەروەردە.................... ١٣٤**

**ڕۆڵی پەروەردە، لە نەهێشتنی شەرمکردندا ...................... ١٣٩**

**پێشوازیکردن لەساڵی نوێی خوێندن ......................... ١٤٤**

**بایکۆتی خوێندن و بێباکی حکومەت......................... ١٥٣**

**پەروەردە و گیانی وەرگرتنی ڕەخنە ........................... ١٥٧**

**پەروەردە وگیانی بەرپرسیارێتی............................ ١٦١**

**پەروەردە لە نێوان ململانێی حیزبەکان و خواستی مامۆستایان .... ١٦٦**

**ئاسایشی دەروونی مامۆستایان، هەنگاوی چارەسەر ............... ١٧٠**

**بایکۆتی خوێندن، ڕووە و نەمانی متمانە ........................ ١٧٦**

**ڕێزگرتن و پاداشتدانەوەی مامۆستایان.......................... ١٨٠**

## له جیاتی پێشەکی

نوسین لەبواری پەروەردە لەگەڵ ئەوەی گرنگ و پێویستە، قورس و پڕ بایەخیشە، بۆمن زیاتر جێی بایەخە، چونکە هەم پیشەکەم مامۆستایەتیە، لەبواری پەروەردەدایە، هەم خۆم خولیا و خواستم ڕۆچونە بەناو جیهانە پانوبەرینەکەی پەروەردە، ئەم وتارانە زۆربەیان لە ماڵپەڕەکان بلاوکراونەتەوە، کە نوسراویشن، لەبەر پێویستی و بوونی کەموکورتی لەو بوارە نوسراون، پێش نوسینیان بەدواداچوونی زۆرم کردوە، تا دەستبخەمە سەرخاڵە لاوازەکان و چارەسەریان بۆدابنێم، بەو هیوایەم توانیبێتم کون و کەلەبەرەکانی دیواری پەروەردەم دیاری کردبێت، چونکە لە زانستی پزیشکیشدا ئەوەندەی دیاریکردنی نەخۆشی گرنگە، چارەسەرکردن ئاسانترە، بەو هیوایەم کاتێ خاڵە لاوازەکانم دیاریکردوە، لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار بەدوای چارەسەردا بگەڕێ، کە ئەوەشم فەرامۆش نەکردوە و دیاریم کردون.

منیش بەهۆی خۆشویستنی پیشەکەم و بێ لەوەی ماف لەکاتی دەوام وپیشەکەم وەربگرم، ئەمکارانەم کردوە، فەرەنسیەکان وتەیەکیان هەیە ئەڵێن(**هەرکەس پیشەکەی خۆشنەوێت، پیشەکەش ئەوی خۆشناوێ**) پیچەوانەکەشی ڕاستە، کەسێک پیشەکەی خۆشویست، دڵی پێی خۆشە و بێگومان سەرکەوتو دەبێت.

زۆربەی ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا جێیان بۆتەوە، لەکاتی نوسینیاندا، بەچەند قۆناغێکدا گوزەریان کردووە، جاری یەکەم تەنها بەبەتەکەم دیاریکردوە، چەند ڕۆژێکیش بەدوای زانیاری

گەڕاوم لەسەری، پاش ئەوە چوومەتە قۆناغی نوسین و دارشتنەوەی، پاشان ناردوومن بۆ ماڵپەڕەکان.

بواری پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی ئەکەوێتە سەرشانی دڵسۆزان و خەمخۆران، لە نوسەران و پەروەردەکاران، زۆربەی شارەزایان و نوسەران ڕایان وایە، ئەو کەسانەی خۆیان بە ئەدەبی منالان و پەروەردە سەرقاڵکردوە، هەستێکی گەورەیان هەیە بۆ خزمەتکردن، بەلام ئەوکەسانە ئەگەر پیشەکەیان مامۆستابێت باشترو سەرکەوتوترن، ئەمەش لەسۆنگەی نزیکیان لەمنالان و شارەزا بوون لەهەستونەستیانەوەیە.

لەم وتارانەشدا لەزۆر دەرگامداوە، بەهیوام ئەم داوا و بۆچوونانە ببنە هۆکاری دەستبردن بۆ لایەنە خراپەکان و باشترکردنیان تا لە پەروەردەوە، بتوانین دەرگا کلۆمدراوەکانی ژیانی ئەم هەرێمە بکەینەوە و شادبین بە پرۆسەیەکی پەروەردەی هاوچەرخ و سەردەمیانە.

ڕەووف محەمەد ئالانی

سلێمانی کانونی دووەمی ٢٠٢٤

## پەروەردە، ئەرکی لە گێڕانەوەی شکۆ بۆ مامۆستایان

لەناو کۆمەڵدا، هەموو پیشەکان خاوەن تایبەتمەندی و ڕێزی خۆیانن و هەر یەکێکیش لەوانە پێگەی گرنگی لەناو کۆمەڵدا هەیە، کەواتە هەموو پیشەو تاکێک پێویستە بەچاوی ڕێزگرتن و خۆشەویستی لێی بڕوانرێت.

ئەوەی مەبەستی منە ئەمجارە لیی بدوێم و هەڵوێستەی لەسەر بکەم، بێڕێزی کردن و ناشیرینکردنی پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتیە، کە لێکەوتەودیاردەی خراپی لێ دەبینرێت، تەنانەت وایلێهاتوە، ڕۆژانە هەواڵی سەیروسەرسوڕهێنەردەبیستین لەسەربێڕێزیکردن بە مامۆستایان، ئەمانەش لەخۆیانەوە ڕونادەن، پێویستە بەچاوێکی ووردو ڕەخنەگرانەو وورد بینیانە، خوێندنەوەی بۆ بکرێت، تابزانرێت هۆکاری ڕودانیان بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

هەرکاتێک فەلسەفەیەکی پەروەردیی نەگونجاوبەرکاربوو، لەناو کۆمەڵگەدا ئەو بەریەککەوتنانە دەبینین، چونکە شێوازی پەروەردەکەی وادەکات سنورەکانی کەسێتی و بەشەکان دیاریکراو نەبن، کاتێ کەسێتی وشوێنەکان نادیاربوون، سنووریش جێگەی نیە، پرسی شکۆی مامۆستایان لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، بۆتە جێگەی مشتومڕوباسی ناو میدیاکان، ئەم گرفتەش بۆ چەند لایەک ئەگەڕێتەوە، کە ئەمانەن:

١- وەزارەتی پەروەردە وبەشەکانی، زۆرجار بەبێ ئەوەی بیربکرێتەوەوڕاوێژ بەکەسانی شارەزا بکرێت، فەرمان

وڕاسپاردەی وادەردەکرێت، کە زەرەروزیانی زۆرترە لە باشی و چاکەکانی.

٢- مامۆستایان، کەسیتی مامۆستا یەکێکیترە لەولایەنەی کە دەبێتە هۆکاری شکاندنی کەسیتی خۆی.

٣- نەبۆنی یاسایەکی بەرکار تاکو ببێتە لەمپەر و ڕێگر لە شکاندنی شکۆی مامۆستایان، لێرەدا مەبەستم لایەنی پەروەردەیە نەک قەزاودادگا، چونکە دەکرێ لە بڕیارورِاسپاردە پەروەردییەکان، گرنگی بە کەسێتی و شکۆی مامۆستایان بدرێت، چونکە ئەو ڕاسپاردانە لەناو پرۆسەی پەروەردەدا ڕەنگدەدەنەوە.

٤- ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە، تاکۆمەڵگە ئاستی گەشە سەندوتر بێت، شکۆی تاک لەئاستێکی بالآدا دەبێت

هەرلایەک لەو لایەنانەی سەرەوە، بەرپرسیارێتی گرنگی لەئەستۆیە بەرامبەرڕێزگرتن و گێڕانەوای شکۆبۆ مامۆستایان، کاتێ سنوری ڕێزهەبێ، شکۆش دەگەڕێتەوە، دیارە ئەم سنوری ڕێزگرتنەش وابەستەیە لەگەڵ دادوەری وکارگێڕی وکۆمەڵیەتی.

کاروپیشەی مامۆستایەتی گرنگ و جێی بایەخە، چونکە مامەڵەی ئەولەگەڵ مرۆڤدایە، لەم بارەوە(بیل گەیتس) دەوڵەمەندترین پیاوو بازرگان دەڵێت (تەکنەلۆژیا تەنها ئامرازێکە، لە ڕووی پاڵنانی منداڵان وهاندانیان بۆهاوکاریکردنی یەکتر،بەڵام مامۆستایان گرنگترینن).

لەم سەردەمی شارستانی و پڕتەکنالۆژیەدا، چەند گرنگی بەهۆکارەکانی گەیاندن ئەدرێت، کە مرۆڤ لەڕێگەیەوە دەتوانێت بە هەموو زانستەکان بگات، بەڵام هەرناگات بە ماموستاو کاریگەریەکانی لەمناڵان و سەرژیان و کۆمەڵگە .

لەڕێگەی پەروەردەوە، مەعریفە دەگاتە مەنزڵی ژیان، کە ڕێگەیەکی جوانی پڕلە هونەر و ژیانە، بۆ ئامانجە بەرزەکەی مرۆڤایەتی. سیاسەتمەداروفەیلەسوف و دەوڵەتمەدار (شیشرۆن) دەڵێت: (مەعریفە هونەرێکە، بەڵام پەروەردە لەسەرخودی خۆی هونەرێکی ترە).

ئەوەی شکۆی مامۆستایانی هێناوەتە خوارەوەودایبەزاندوە، دەسەڵات خۆیەتی، چونکە بیانووی داوەتە دەست مامۆستایان وکۆمەڵگە، کە شکۆی نەگاتە ئاستی خۆی، بەوبێبایەخکردنەی بەرامبەرتوێژی مامۆستایان ئانجامیداوە، لە دابین نەکردنی ژیانێکی شایستە بە مامۆستایان و وەرنەگرتنی خواست وداواکانیان، وەڵامدانەوەیان بە خراپی و ناشیرینی، نمونە بۆ ئەم باسە زۆرە، ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان و شەقەکەی لە مامۆستاکە درا، وێنەیەکی دیاروتابلۆیەکی هەڵواسراوە و لەیاد ناچێت، لیرەوە کۆمەڵگە ببینیت شەق لە مامۆستا ئەدرێ، چۆن قوتابی و خوێندکارەکانی ڕێزی ئەگرن؟

لەپەروەردەی هاوچەرخ و مۆدێرندا، مامۆستایان، دەبنە فاکتەری جوانکردن وباشکردنی داهاتوی ژیان، (سی.س.لویس)دەڵێت:(ئەرکی

پەروەردەکاری مۆدێرن پاککردنەوەی جەنگەڵەکان وقیرتاوکردنیان نییە، بەڵکوئاوەدانکردنەوەی بیابانە ووشکەکان و ئاودانیانە).

لەسەرمامۆستایانیش ئەرک وپێویستە، پیشەکەی خۆیان خۆشبوێت و گرنگی بە لایەنەکانی (ڕوکەش و ناوەڕۆک)بدەن، مەبەست لە ڕوکەش، جلوبەرگ وکەسێتی دەرەوەیە، کە ئەبێت پۆشتە و ڕێکپۆش بێت، چونکە مناڵ سەرنجی دەدات، ناوەڕۆکیش، بایەخدانە بە خۆپڕچەککردن بە زانیاری و خوێندنەوە.

لەوکاتەدا مامۆستا، دەبێتە دەروێشێکی دڵسۆزی پەروەردە، بەدڵنیایی پەیامەکەی بەباشی دەگاتە کۆمەڵگە، وەک(ئەحمەد ئەمین)دەڵێت: (مامۆستا دەروێشێکە، کە بۆ خزمەتکردنی زانست دانراوە، وەک چۆن دەروێش بۆخزمەتکردنی ئایین خۆی تەرخان دەکات).

خاڵێکی ترکەهەمیشە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، وازهێنانی حیزبەکانە، لە دەست وەردانیان لە کاروبارەکانی پەروەردە، چونکە هۆکارێکی ترە کە مامۆستایان وابەستە نەکرێن بەئایدۆلۆژیای دوور لە پیشەکەی خۆیان، هەرچەندە هەندێ لەمامۆستایان، خۆیان دەستی حیزبەکان دەگرن بۆ ناو پرۆسەی پەروەردە، تەنها بۆ ئەوەی پۆستێکیان بدرێتێ یان پشتگیریان بکرێت، کە بمێننەوە لەسەر کورسی بەڕێوەبەریان چاوپۆشی کردنیان لە کەموکوڕی و کەمتەرخەمیەکانیان، (نەجیب مەحفوز ١٩١١–٢٠٠٦) نوسەرو هونەرمەند، دەڵێت: (مامۆستایی گەورەترین پیشەیە، کە هەموو پیشەکانی ترلەسەردەستی ئەو دەردەچن).

**ئەوەی باسمانکردولێی دواین، بەشێک لە گرفتەکانی نەهێشتنی شکۆی مامۆستایە، بەو هیوایەین، جارێکی ترئەوەی پێویستە بۆیان بگرێتەوەورێزوشکۆوماف و پێزانین لەخزمەتە گەورەکانی مامۆستایان بگیرێت.**

## پرسە پەروەردەییەکان و چەند سەرنجێک

پرۆسەی پەروەردە، بە پێی کات وگۆڕانکارییە زانستی و ژینگەیی و تەندروستیەکان، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەم پرۆسەیە، هەمیشە پێویستە بەچاوی ڕەخنەگرتن و چاودێریکردن و سەرنجدان و دانانی پێشنیار، لێی بڕوانرێت.

زۆرجار گۆڕانکاری لەپەروەردەدا، دەبێتە فاکتەری بەدیهێنانی گۆڕاکاری کۆمەڵایەتی، بەشێوازی لەسەرخۆ و بەهێمنی بۆ ئایندەی کۆمەڵگە.

دوو پرسی گرنگی پەروەردەیی، لەم ماوەیەدا قسەی زۆریان لەسەر کرا، تائێستاش وەک پێویست، وەڵام وەرنەگیراوەتەوە، بۆ هیچ کام لەو پرسانە، منیش وەک خۆم، سەرنج و بۆچوونی تایبەتیان لەسەر دەنوسم، بەهیوام سودی هەبێت و کاریان لەسەر بکرێت.

پرسی یەکەم: کاتی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکان

بەپێی فەرمانی وەزارەتی پەروەردە، وابڕیارە ٢٠٢٢/٩/٤ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ بێت.

هەمووومان دەزانین سەرەتای مانگی نۆ، وەرزی هاوینە و گەرمایە، ئەم هەلومەرج و دۆخەی ئێستای هەرێمیش بۆئەو کاتە گونجاو نیە، ساڵی نوێی خوێندن دەست پێبکات، لەبەر ئەوەی نەتوانراوە، وەک پێویست هەموو کەلەبەرو کەموکورتیەکانی پەروەردە، چاکبکرێن، هەر لە نەبوونی بینای پێویستی خوێندن و بوونی

چەند دەوامی لە یەک بینادا و نەبوونی هۆیەکانی فێنککەرەوەو زۆری ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران و ڕێکنەخستنی میلاکاتی خوێندنگەکان، لە زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، نەبوونی کارەبای نیشتمانیش وەک پێویست لەم کاتانەدا، ئەو کاتەی دیاریکراوە، زۆر گەرمەو قوتابیان و خوێندکاران لەجیاتی بەپیرەوەچوونی پرۆسەی خوێندن، توشی بێزاری و ماندووبوون دەبن، دانانی کاتی دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە، دەبێت زۆر بەوردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەو کاتەی دیاریکراوە، لەوە ئەچێت بێ ئەوەی پلانێکی باش و خوێندنەوەیەکی دروستی بۆکرابێت، دانراوە، من دڵنیام لەوەی پێویستە دەستکاری ئەو کاتە بکرێت و واباشترە دوابخرێت بۆ ١/١٠/ ٢٠٢٢ کە گونجاوترین کاتی دەستپێکە بۆ ئەو پرۆسەیە.

پرسی دووەم: دەنگۆی گۆڕینی پرۆگرام و لابردنی وانەی ئایین

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا، بۆئەم پرسە، لێدوانی زۆری خەڵک بوو، بەتایبەت هەندێ حیزبی ئیسلامی، تەنانەت سەرۆک و کەسی یەکەمی ئەو حیزبانە، هاتنە سەرخەت، لای من ئاساییە، هەرکەس و لایەنێک، بەرگری لە بیرو ڕای خۆی بکات و ئەگەر زانرا، زوڵم یان زیادەڕەوی دەکرێت بەرامبەری، بێدەنگ نەبێت و بە فشاری مەدەنیانە، وەڵام بداتەوە، ئەوەی لای من جێی سەرنج بوو، وەڵامدانەوەی وەزارەتی پەروەردە بوو، کە هیچ شتێکی واها ڕوووینەداوە، ئەگەر وابێت ئەو لایەنانە کەوتوونەتە، هەڵەوە، دەبوو ئەو لایەنانە، لەڕێگەی زانستی و پێشنیار و ڕەخنە و پرۆژە بۆچونەکانیان ئاراستە بکردایە، نەک هەڵلای ڕاگەیاندن، یان

ئەوان و هەموو حیزبەکان، چەندین ڕێکخراوی بەناو پیشەیی و مەدەنیان هەیە، ئیشی ئەوان چییە بۆ ئەو کارانە نەبێت؟

لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، ئەوەی زۆر گرنگ و جێی بایەخە و پێویستە کاری لەسەر بکرێت، گۆرینی مەنهەج و پرۆگرامی خوێندنە، بەچەند ساڵێک، نەک مانەوەو قەتیس بوون، چونکە ژیان و جیهان لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، بەڵام چۆنێتی ئەو گۆڕانکاریانە، دەبێت بە پلان و بەرنامەی هەمە لایەن و زانستی و خوێندنەوەی سەرجەم لایەنەکانی و ئینجا هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانە، دەکرێ و پێویستیشە، مناڵانی کورد، شارەزای ئایینەکەی خۆیان و ئایینەکانی تریش بن، لەدنیای پێشکەوتوو شارستانیدا، دەبینین، چۆن وڵاتانی تر ڕێز لە جیاوازی بیرو ڕاو ئایینەکانی تر دەگرن، سەرۆکی دەوڵەتە زلهێزەکان چۆن لەبۆنە ئایینیەکانی تردا، پیرۆزبایی لەو خەڵکانە دەکەن، کە سەر بەو ئایینانەن، ئێمەش بەشێکی دانەبڕاوین لە مێژووی مرۆڤایەتی و ناکرێ بەچاوی ڕێزگرتن و قبوڵکردن لە ئایین و کەسانی تر نەڕوانین، ئەوەی سەرنجی منی بەلای خۆیدا کێشکردووە، هەر باسو خواسێک دێتە پێش، بەشێکی زۆری کۆمەڵگە، دەکەونە دوو بەرەوە، یەکیان تەباو ئەویتریان، دژ بەو خواستە، هیچ نەتەوەیەک نیە، لەسەر ڕووی زەمین، داب و نەریت و کەلتووری خۆی بسڕێتەوەو شانازی بە ڕابردووی خۆی نەکات، کورد نەبێ، ئەوانە کێشەی ئەم کۆمەڵگەیەن و دەبێت لە پرۆگرامی خوێندن چارەسەر بکرێن، نمونەیکی بەرجەستەی بینراوی خۆم، باسدەکەم، نەورۆزی پار چەند ڕۆژێ دوای بۆنەکە، لەپۆلدا

پرسیارم لە خوێندکارەکانم کرد، چی لەسەر نەورۆز دەزانن، یەکێکیان وتی مامۆستا ئەوە جەژنی ئێمە نیە، حەرامە نابێ یادی بکەینەوە، منیش وتم کێ پێی وتی؟ وتی لە مزگەوت لەکاتی خوێندنی دەرسی قورئان مامۆستا وایوت.

شتێکی وام نەوت، وتم با ئەو مامۆستایە کەسێتی لای خوێندکارەکە دانەبەزێ، وتم نا تۆ حاڵی نەبووی مامۆستا واناڵێ، ئەم جەژنە بۆنەیەکی نەتەوەییە، بۆنەی ئایینیش هەیە، وەک جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان.

من دڵنیام زۆر مامۆستای ئایینی هەن، کە پێشڕەوی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی بوون لە کوردستاندا، دەیان نمونەی وەک قازی محەمەد و شێخ سەعید و شێخ عوبەیدوڵای نەهری ..... هتد

لەبواری شۆڕش و مەیدانی کوردایەتی خەباتیانکردووە، هەر مزگەوتەکانیش لەکۆندا، شوێنی قوتابخانەیان گرتبۆوە، هەزاران کەس لەو شوێنە پیرۆزانە، لە نەخوێندەواری ڕزگاریان بوو، ئەوەی ئێستا ڕوودەدا، لەناو ئەم کۆمەڵگەیە، نامۆو دوورە لە نەریتی ئیسلامی ڕاستەقینەی کوردەواری، پێویستە توێژەران و لێکۆڵەران و نوسەران و کەسانی پسپۆڕو شارەزا، هەموویان بێنە سەر هێڵ و هۆکارەکانی ئەم نەریتە خراپانەی بەدیدەکرێن، وەک یەکتر قبوڵنەکردن و جنێودان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت هەندێ مینبەریش، شیبکەنەوەو کاری لەسەر بکەن، لەسەر پرۆسەی پەروەردەش پێویستە، کار لەسەر بنیاتنانەوەی تاکی

**کۆمەڵگە بکات و لە پڕۆگرامەکاندا، بەوردی ئاماژەی پێبکات و ڕەنگبداتەوە.**

**ئەو پرسانە خەمی هەموو دڵسۆزان و پەروەردەکاران و ئیماندارنن، لەم هەرێمە، داوام لەلایەنە پەیوەندیدارەکانە، بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن و خاڵ بخەنە سەر پیتەکان.**

## پەروەردە، پەیوەندی بە مۆندیالەوە

هەموو چوارساڵ مانگێک، خەڵکی جیهان، زۆربەی کاتەکانیان ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایە، دەربارەی وەرزش، هەرکەسەو هەڵبژاردەی وولاتێک بە هەر هۆکارێک بێت، دەکاتە نیازی دڵی و دەبێتە هاندەری ئەو هەڵبژاردەیە، ئەمە جگە لە هاونیشتمانیانی ئەو هەڵبژاردانە کەبەگەرمی پشتیوانی هەڵبژاردەکانیان دەکەن.

زۆرجار لەلایەن هەندێ لە هاندەرەکانی ئەو هەڵبژاردانە، ململانێکان دەگەیەننە، پێکداهەڵپژان و شەڕ لەسەر جادەکان و ناو کافتریاو شوێنەگشتییەکان، بەتایبەت لەو وولاتانەی ئاستی یەکترقبوڵکردن تێیاندا زۆر نزمەو نەریتی چەسپاندنی بیروڕای کەسی بۆتە نەریتێکی خراپ، ئەکرێ لەسەر ئەوە بابەتی تایبەت و تێرو تەسەل بنوسرێت،تا دەگاتە توێژینەوەو کتێب لەو بوارەدا.

هەر کە دیمەنە جیاوازەکانی هاندەران دەبینین، لەوکاتانەی هەڵبژاردەکان گۆڵ دەکەن، یان بەسەر هەڵبژاردەکانی بەرامبەریان سەردەکەون، هەندێ لەو وولاتانە زۆر بەئاسایی خۆشیەکانیان دەردەبڕن، هەندێکی تریش هەڵچوون و تێکچوونی شیرازەی دەرونی و بێزارکردنی بەرامبەرەکانیان پەیڕەو دەکەن، هەموو ئەمانە لە ژینگەیەکی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی جیاواز سەرچاوە دەگرن، ئەوانەی کار کردنیان بواری پەروەردەیە، یان شارەزایی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسین، ئەو ڕاستیە بەباشی هەست پێدەکەن، کە پەروەردە چەندە کاریگەری هەیە لەسەر مامەڵەو هەڵسوکەوتی

تاکەکان، هەرلەمناڵییەوە تا هەرزەکاری و گەنجێتی و تەمەنی پێگەیشتن و کامڵبوون.

ساڵی (١٧١٠) بۆیەکەمجار یاری تۆپی پێ لە قوتابخانەکانی ئینگلتەرا دەرکەوت، دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا ئەو یارییە لەهەموو جیهاندا بڵاوبۆوە و بووە یاریەکی جیهانی، هەربۆیە وانەی وەرزش لە خشتەی وانەکانی خوێندن دانرا، دەرکەوت کە ئەو وانەیە چەندە کاریگەری گرنگی هەیە بۆ مناڵان، تا ئەو ووزە زۆرەی هەیانە بەهۆی ئەو وانەیە، بەتاڵبکرێتەوە، هەرچەندە درەنگ هەست بەبایەخ و گرنگی ئەو وانەیە کرا، بەتایبەت لە ووڵاتە دواکەوتووەکاندا، تاوایلێهات لەساڵی (١٩٠٠) یەکەم مۆندیال لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا ئەنجامدرا، بەشێوەیەکی سادەو ساکار، بەڵام لەساڵی (١٩٢٩) بڕیاری ڕێکخستنی یاریەکانی جامی جیهانی بۆهەرچوار ساڵێک جارێک، بەناوی ئۆلۆمپیادەوە دراو لەو کاتەوە کاری لەسەر دەکرێت، هەرجارەو بەپێی پلانی فیفا لە ووڵاتەکانی جیهان ئەنجام دەدرێت.

وەک هەمومان دەزانین کەوەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتتر، چەندە حاڵەتەکانی دەروونی مرۆڤەکان ئاراستەی خۆشنوودی دەکات و زۆر جار دەبێتە هاندەری سەرکەوتنی تاک لە بوارو پیشەکەیدا، (کاردال جۆنز) دەڵێ: (تۆپی پێ هەمیشە خاڵی دەستپێک بووە، بۆ خوێندنەکەم) ئەوەش دەربڕی هاندان و پێشکەوتن و خۆدۆزینەوەیە، بۆئەوانەی مەبەستیانە وەرزش بەباشی و چاکی و جوانی بەکاربێنن.

وەرزش کاریگەری زۆر دەکاتە سەر دەرونی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ئاراستەی شیاووگونجاو لەناو کۆمەڵگەدا، زۆرکات جگە لە دروستکردنی گیانی هاوکاری و خۆشەویستی و ڕێزگرتن، فێری وورە بەرزی و بەرگەگرتنی ناخۆشی و ململانێ و چۆکدانەدان دەبێت، ئەوەتا نوسەری گەورەی فەڕەنسا(جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢–١٧٧٨) دەڵێ:(بەرگەگرتن، یەکەم شتە کە منداڵ پێویستە فێری ببێت، ئەوەش زۆرترین و گرنگترینە، کە پێویستە بیزانێت).زۆر جار ململانێی ڕامیاری و کێبەرکێ ئابوریەکان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان، لەناو تۆپی پێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم وەرزشە تێکەڵ بە کاری ڕامیاری دەبێت، هەربۆیە(تۆمی دۆچێرتی)دەڵێ:(لەتۆپی پێدا سیاسەتێکی زۆر هەیە)، هەندێک ئەم ووتەیە بەوەلێکدەدەنەوە، ئەویش پێویستی بە پلانی وورد و نەخشە و ستراتیژ هەیە، دەکرێ بەهەردوو ڕووکارەکەیدا، ڕاست بێت، هەم ململانێی دژەکان و هەم پلانی سەرخستنی ئەو هەڵبژاردەیە.

هەروەها بەپێی ئەو مێژووەی کە بەقۆناغ ئەم وەرزشە بڕیوێتی، لەخۆڕانیە وا بۆتە وەرزشێکی جیهانی و زۆرترین بینەری هەیە، ساڵانە سەدان ملیار دۆلار دەخرێتە خزمەتی بەرەوپێشچوون و ئەنجامدانی تۆپی پێ لەهەموو جیهاندا،(وودی هایس) دەڵێ: (تۆپی پێ یارییەکی ستراتیژی و تاکتیکییە).

ئەوەی بۆئێمەی کورد گرنگ و جێی بایەخە، لەسەرمانە لەڕووی پەروەردەییەوە بایەخی زۆرتر بەم وەرزشە بدەین، بیکەینە ئامرازێکی گرنگ لەپێناو ئامانجێکی گەورەی داهاتووی نەتەوەی

کورد، لەم مۆندیالەدا چەند شتێک سەرنجی ڕاکێشاوم، لێرەدا بۆتۆی خوێنەر باسیان دەکەم، یەکەم: هاوڕێیەکی شاعیرم، شەوێک تەلەفۆنی بۆکردم، وتی شتێک هەیە بۆت ئەگێڕمەوە، تۆش بینوسە، چونکە کاری پەروەردەیە، بەباشی گوێم بۆگرت، وتی: لەم شەوانەدا منالّەکەم لەسەر مۆندیال پرسیاری کردووە، پێی وتوم: ئەوە بۆچی هەموو نەتەوەکانی جیهان چوون بۆقەتەر، کورد نەچووە، بۆ ئێمە هەلّبژاردەمان نیە؟

وتی ئەوەنە پرسیارەکەی بۆ من قورس بوو، نەمزانی چی پێ بلّێم، وتم ئێمە جارێ نەمانتوانیوە وەک ئەوان کاربکەین، بەلاّم ئێمەش لەداهاتوودا هەلّبژاردەی خۆمان دەبێت.

دووەم:لەمۆندیالی ئەمسالّی ٢٠٢٢ قەتەر، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، هاندەرەکانی هەلّبژاردەی ژاپۆن بوون، ئەوان شوێنی ئەو خەلّکەیان پاکدەکردەوە کە لێی دانیشتبوون، هەموو ئەوشوێنانەی دەستیان پێی دەگەیشت، بەجوانی جێیان دەهێشت و نوسراوێکیان دادەنا، نوسرابوو: سوپاس بۆ وولاّتی قەتەر.

ئەوەیە دەرخستنی پەروەرددەی دروست و کاردانەوەی لەناو کایەکانی ژیاندا، دەکرێ هەموو جیهان لەوانەوە فێری پێزانین و ڕێزگرتن و خۆشەویستی وهاوکاری وژیان و ژینگە دۆستی ببێت، دلّنیام پەروەردە ڕۆلّ و کاریگەری باشی لەم شێوازە جوانەدا هەیە کە ژاپۆنیەکان ئەنجامیاندا.

# پەروەردە، هاندان بۆ خوێندنەوە

خوێندنەوە، کردار و چالاکیەکی ئارەزومەندانەی مرۆڤە، بەهۆی خوێندنەوە مرۆڤ بیرکردنەوەی فراوان دەبێت، لە کایەی رۆشنبیریدا، ئەوەی کراوەتە بنچینە و بەردی بناغە خوێندنەوەو ئاشنابوونە بە جیهانە ئارام وبێدەنگەکەی کتێب، ناکرێ رۆلوبایەخی پەروەردە لە دنیای خوێندنەوە و کتێب فەرامۆش و پەراوێز بخرێت.

ئەکرێ خوێندنەوە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا پۆلێنبکرێت، بۆمناڵی و مێردمناڵی و هەرزەکاری و لاوی و پێگەیشتویی، بۆهەرقۆناغێک لەمانە، جۆری خوێندنەوە و ئەو کتیبانە ئەبێت جیاوازبن، کە دەخوێندرێنەوە، زۆربەی شارەزایان و نوسەران و پەروەردەکاران ڕایان وایە، کە پەروەردە فاکتەرێکی گرنگ و بەهێزە بۆ ئاراستەکردن، ڕوەو خوێندنەوە، چونکە مناڵ ئەکرێ ئاراستە بکرێت و ڕابهینرێت بۆ خوێندنەوە و کتێبی لاخۆشەویست بکرێت.

بۆیە ئەرکی مامۆستایان گرنگ و قورسە، بەڵام پڕبەرهەم و ئامانجداریشە، کە ئەڵێم قورسە مەبەستم ئەوەیە کارامەیی ولێزانینی گەرەکە، کاتێ مامۆستا پیشەکەی خۆی خۆشویست، هەوڵ ئەدا قاڵبێت لە بۆتەی گەیاندنی پەیامەکەی، بەڵام ئەگەرویستی نەبێت، سەرکەوتوو نابێ لەپیشەکەی، فەرەنسیەکان ئەڵێن: (هەرکەس پیشەکەی خۆی خۆشنەوی، پیشەکەش ئەوی ناوێ).

خۆشەویستی پیشە یەکەمجار لە کەسەکەوە سەرچاوەدەگرێت، دوای ئەو لایەنی پەیوەندیدار و بەرپرس، چونکە ئەو دەتوانێ ڕێگەکەی بۆ پاکبکاتەوە و لەمپەر و ڕێگریەکان لاببات، بۆ مامۆستایانیش ئەمە ڕاستە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە، بە دانانی پلان و نەخشەی دروست و وورد، کاربکات، بە کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ مامۆستایان و دابینکردنی پێویستیەکانی کتێبخانەی خوێندنگەکان و قوتابخانەکان، لەگەڵ گرنگیدان بە کتێب و خوێندنەوە، بەنوسراوی فەرمی، بۆ ئەوەی کاری لەسەربکرێت.

بەپێی ئەوبەدواداچونەی ماڵپەڕی (Global English Editing) ئەنجامیداوە، سەبارەت بە پلەبەندی ئەو وولاتانەی زۆرترین خەڵکیان دەخوێننەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە هیندستان پلەی یەکەمی گرتوە کەلە هەفتەیەکدا تێکڕایی خوێندنەوە دەگاتە ١٠.٧، تایلاند پلەی دووەمی گرتوە بەتێکڕایی خوێندنەوە لە هەفتەیەکدا ٩.٤، چین بەتێکڕایی ٨، فلیپین بەتێکڕایی ٧.٦، وولاتی میسر بەتێکڕایی ٧.٥، روسیا بەتێکڕایی ٧.١، سوید و فەڕەنسا بەتێکڕایی ٦.٩، هەنگاریا و سعودیە بەتێکڕایی ٦.٨، بەڵام وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پلەی ٢٣ هەمی جیهانی گرتوە بە تێکڕایی ٥.٧ خوێندنەوە لە هەفتەیەکدا، پاش ئەوە هەریەک لە وولاتەکانی ئیتالیا و مەکسیک و بەریتانیا و بەڕازیل و یابان دێن.

ئەم داتاو ئامارانە تەنها بۆ ئەوە هێناومنەتەوە، تا بزانین جیهانی شارستانی بەهۆی گرنگیدان بەکتێب و خوێندنەوە بەکوێ گەیشتوون.

ئەکرێ لە ڕێگەی پەروەردەوە دەرچەیەک بدۆزینەوە تا لەم دۆخە چەقبەستوەی دوور لە کتێب و خوێندنەوە تێبپەڕێت و خۆمان ئاشتبکەینەوە لەگەڵ کتێب و نەوەکانی داهاتوو بەو جیهانە جوان و بێگەردە ئاشنا بکەین.

پەندیکی ئەڵمانی هەیە ئەڵێ: (جەستە بەبێ خواردن و وەرزش گەشەناکات، ژیریش بەبێ خوێندنەوەو بیرکردنەوە).

ئەو مرۆڤەی دەخوێنێتەوە، جیاوازە لەوەی ناخوێنێتەوە، ئەمەش ڕێک هاو واتای شیعرەکەی عومەر خەیامە کە دەڵێ:

دوو کەس لەم دنیا کاریان تەواوە

چەرخ لەلایان وەک خەڕەک سواوە

یەک مرۆڤێک بێ تەواو تێبگا

دوو بێ ئاگایە لەم بەندو باوە

تەنانەت خوای گەورەش باس لەوە دەکات و ئەو مرۆڤانە جیادەکاتەوە کە زانیاریان زیاترەودەزانن، بۆیە فەرموویەتی (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ و إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الأَلْبَابِ).

ئەکرێ ئاماژە بە گرنگی خوێندنەوە بکەین لە لای منداڵان و لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

١-فراوان بوونی بیر و هزر

٢-سود وەرگرتن لەکات

٣–زمان پاراوی و باشکردنی توانای دەربڕین

٤–زیادکردنی زانیارییەکان

٥–ئازاد بوونی مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە ژێردەستەیی

٦–توانای چارەسەرکردنی کێشەکان

٧–خۆسەویستی و دڵنەرمی و بەسۆزی

٨–شارەزابوون لە شێوازی مامەڵەکردنی دەوروبەر و ئەوانی تر

٩–نرخاندن  و هەلسەنگاندن بۆ کاروچالاکی جیاواز

١٠–گرنگیدان بە ژین و ژینگە  و ژیاندۆستی

ئەوەی زۆر گرنگە بۆ منالآن و قۆناغەکانی ژیانیان، مامەڵەکردنی ڕاستودروستە لەگەڵیان، ئەویش ڕۆچون بە ناو دنیا ئالۆزەکانی تەمەن و شارازابوون لە خواست و ویستاکانیان، تا لەدەروونیان شارازا نەبین ناتوانین ماماڵەیان لەگەڵ بکەین.

هەرکە ئاشنا بوین ئەتوانین بەباشی ئەوەی ئەمانەوێ ئاراستەیان بکەین، بەگشتی و خۆشەویستی کتێب و خوێندنەوە بەتایبەتی.

## پەروەردە؛ خواستێکی گەورە، خەونێکی زڕاو

ئەوەندەی بیرم بێت و بەدواداچونم کردبێت، ئەوەی پێویست بووبێت، کاری لەسەر بکرێت، بە ئامانج دابنرێت، هەمیشە و هەموو کات، پشتگوێ خراوەو ئاوڕی لێنەدراوەتەوە،یان بەهەند وەرنەگیراوە، بەتایبیەت لەو وڵات و شوێنانەی کە سیستەمەکانیان، دکتاتۆری و نادیموکراسین، مەبەستمە بەتایبەت لەم هەرێمەی خۆمان بدوێم، لەپاش سی و یەک ساڵ لە حوکمڕانی دەسەڵاتی خۆماڵی، دوای پێشنیارو داوا و توێژینەوەی دەیان نوسەر، بۆ باشترکردن و دابینکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ، ئەمانە وەک دەڵێن مێش میوانیان نەبووەو بەخەیاڵیاندا نەهاتووە، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ، دەبێ بڵێین: (خۆزگەمان بەپار)، واتە بەرەو خراپتر براوەو بۆتە مەملەکتێک، کە هیچ کەس ئاواتی پێنەخوازێ.

ئەم دەسەڵاتە هەمیشە ویستوێتی پەروەردە بکاتە، پەناگەیەک بۆ لادان و شاردنەوەی خراپەکاریەکانی خۆی و تاوانبارکردنی کۆمەڵگە، پێچەوانەی وتەکەی (مارک توین (١٨٣٥ – ١٩١٠) هونەرمەند و نوسەر،کە دەڵێت: (پەروەردەی باش پێکدێت، لەشاردنەوەی هەموو ئەو چاکانەی کە بیر لەخۆمان دەکەینەوە و ئەو خراپانەی بیرلەکەسانی تر دەکەینەوە)، لەم هەرێمەدا تەنها ئەوە کاری لەسەر کراوە و بۆتە نەریتێکی باوی قێزەوونی سێ دەیەی ڕابردوو، لێرەدا بۆیە باس تەنها لەم سی و سێ ساڵە دەکەم، چونکە بە خەون و خەبات و خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە بەدیهاتووە، بەڵام جێی نیگەرانی و بێزاریەکی گەورەیە، بۆ

ئەوانەی ویستیان و دەیانەوێ ئەم گەلە بگەیەننە کەناری ئارام، پێچەوانە بۆتەوە و بەدینەهاتووە.

لەسەردەمی خەباتی شاخیان ئەگەر بە ووردی سەرنج لە پەیڕەو و بەرنامەی هەموو حیزبە کوردیەکان بدەین، خەونی زۆر گەورەیان بۆ تۆمارکردووین، بەڵام دیارە، هەموو ئەو بەڵێن و ویستانەیان، بیرچۆتەوە، یان بەئەنقەست لەبیریان کردووە، لەسەر ئەوەش ماهاتماگاندی دەڵێ: (لەبیرچوون بۆ تۆ نایەت، بەڵکو تۆی بەرە و پیری دەچیت).

دیارە دەسەڵاتدارانی کوردو حیزبە حوکمڕانەکان و سەرکردەکانیان، خۆیان بەرەو پیری ئەو ویستەی خۆیان چوون، چونکە بەرژەوەندی باڵای ئەوان و مانەوەیان، لە بەرەو پێشچوون و ئاراستەیەکی باش و سەقامگیرو پەروەردەیەکی هاوچەرخدا نیە و نابینن، هەربۆیە کاری زۆریان لەسەر کردووە، تا ئەم پرۆسە گرنگەی ژیان گەشە نەکات و مرۆڤی ئازاو ئازاد لەداهاتووی کۆمەڵگەی کوردی دروست نەبێت، بۆیە زیاتر ڕووی وتەکانم و نوسینەکەم، لەدەسەڵاتدارانی خۆماڵیە، چونکە ئەبوایە لە دەسەڵاتی داگیرکارو شوڤینی بەعسی عەرەبی جیاوازترو پێچەوانەترکاریان بکردایە.

بەڵام بەنیگەرانیەکی قووڵەوە، لەم کاتەدا زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو، دەستی حیزبەکان لەناوەندەکانی خوێندن برەوی پێدراوە، هەر لە باخچەکانەوە تا باڵاترین دامەزراوەکانی پرۆسەی

خوێندن و زانکۆکان، ئیتر کامەیە ئومێدو خەونی دڵسۆزانی ئەم گەلە بەشمەینەتە؟

ئەگەر دەمی هەر کەسێکی حیزبی و بەرپرسێکی دانراوو نوێنەری حیزبەکان لەناو پرۆسەی پەروەردە بکەیتەوە، بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵدەدات و چەندین دەستکەوتی سەرزارەکی و بێ بنەمات بۆ ئەژماردەکات، بەڵام لەڕاستیدا، نیەتێکی خراپی بەلاڕێدا بردنەو هیچی تر، وەک (ڕیچارد باکمینستەرفۆلەر)لەو بارەوە دەڵێت(نیەتی خراپ، هەمیشە هۆکاری خراپ بۆکردەوەی باش دەدۆزێتەوە).

هەر لەسەر نیەتی باش کە بکرێتە بەرنامەو ڕێوشوێنی بەجێ، پیرەمێردی نەمر وتویەتی:

(نیەتت، باش بێت، ئیش دەبەیتە سەر،

درەخت زڕنەبێت، هەربۆت دێتە بەر).

دیارە ئەو بیرو بۆچوونەی ئەم دەسەڵاتە هەیەتی بەرامبەر پرۆسەی پەروەردە، درەختی زڕە بۆیە تائێستا بەری نەگرتووە.

ئەوەی خواستی من و دەیانی ترە، پێویست بوو ئەم کایە گرنگەی ژیان، باشتر ئاراستە بکرایە، ئەویش بە دروستکردنی چەندین دامەزراوەی پەروەردەیی گرنگ و پرس و ڕا بە کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون، یان داواکردنی پڕۆژەی گەورەی هاوچەرخی پەروەردەیی، بۆ ئەوەی پەروەردە، لە قەیران دەربهێنرێت، نەک بەناوی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان،

یان بۆردی پەروەردەیی، کۆمەڵگە چەواشە بکەن، لەئێستاشدا هەرچەند کات ڕۆیشتووە، بەڵام درەنگ نیە، بۆ هەنگاوی باش و کاری جوان لەم پرۆسە ژیانیەی کۆمەڵگە، کە ئاراستەکەی دەمانخاتە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی ژیاری و ئایندەیەکی ڕوون، کە تاکی خاوەن ئیرادە بونیات دەنێت، وتەکەی (شکسپیر) دەکەمە کۆتایی وتارەکەم کە دەڵێت: ( **ڕەفتاری باش وەک دار زەیتون وایە، خێرا گەشە ناکات، بەڵام تەمەنی درێژە).**

## پەروەردە، ڕۆڵی لە نەهێشتنی رق و کینەدا

زۆر پێناسەی گرنگ هەیە بۆ پەروەردە، هەر کام لەوانە بێنین، دروست و گونجاون، بەشێوەیەکی کورت و پوخت، پەروەردە ئامانجی باڵای ژیان و بونیادنەری ئایندەی گەشی دواڕۆژی گەل و نیشتمانە، کە هەوڵی جوانکردن و خۆشەویستی و هاوکاری و ڕاستگۆیی و گەیشتنە بە شکۆمەندی.

ئەگەر بەووردی سەرنج لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی کەسێتی تاکی کورد بدەین، یان لە کاتە جیاوازەکاندا، هەست بەبوونی دیاردەیەکی گشتگیر دەکەین،ئەویش بوونی ڕق و کینەیە لەجیاتی لێبوردەیی و خۆشەویستی و قبوڵکردنی ئەوانیتر.

رق و کینە بەمانای بوونی گیانێکی شەڕەنگێزی و دووژمنانە، لەناو ناخ و هەستی ئەوتاکەدا، کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی پێچەوانە یان بەدینەهاتنی خواستی خۆی تووشی هەڵچوون و پەرچەکرداری نادروست دەبێتەوە، لەئەنجامدا هەستی بەرامبەر دەشکێنێ و بریندراری دەکات، بۆیە ئەو ڕق و کینەیە، دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە کەسانیتر و دەوروبەر.

ئەو ڕق و کینەیەی کە بوونی هەیە نابێ بەئاسانی و سادەیی سەیر بکرێت، پێویستی بە خوێندنەوە و توێژینەوە هەیە، بەڕای ئێمە ئەوە لە پەروەردەی خێزان و قوتابخانە و کۆڵانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر بەووردی و بەپلانی زانستی و پەروەردەیی کاری لەسەر نەکرێت، زۆرجار تاکی خراپ و شەڕەنگێز دروست دەکات،

تەنانەت دەبێتە تاکێکی تاڵانکار، هەربۆیە **(ئاگاتا کریستی ١٨٩٠– ١٩٧٦) هونەرمەندو نوسەرو ڕۆماننووس) دەڵێت: (مرۆڤی لاواز لەوانەیە ببێتە دڕندەیەکی تاڵانچی ئەگەر دەرفەتی پێبدرێت، ئەگەر هەست بەڕق و کینە لەژیان و کۆمەڵگە بکات).**

زۆرجار ئەوەمان لەکەسانی دەوروبەرمان بیستووە، کاتێ منداڵێک لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا ناکۆکیەک یان جیاوازیەکیان دەبێت، دەکەونە سەر و گوێلاکی یەکتر و هەندێ جار برینداربوون و سەرشکاندنی تێدەکەوێت، کەسە نزیکەکانی بریندارەکە، هەمیشە دەپرسن ئەی تۆ چیت لەو کرد؟، هەقی خۆت کردەوە؟، تۆش لێتدا؟

ئەوکەسەی ئەو پرسیارانە دەکات لە مناڵەکە، کارێکی نەرێنی و نەشیاو دەکات وا لە مناڵەکە دەکات، هەرکات و لە هەر کوێ بۆی گونجا لەو مناڵە بداتەوە کە پێشتر ئازاری داوە،ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەبنە هۆکارو فاکتەری دروستکردنی گیانی شەڕەنگێزی و تۆڵە کردنەوە، بەڵام لەڕاستیداو لە ئەنجامدانی کردەیەکی پەروەردەیی، ئەمانە پێچەوانە دەبنەوە، ئەگەر ئەو کەسە بە نەرمو نیانی و لەسەر خۆ دڵنەوایی مناڵەکە بکات و بە سادە و ساکار تێی بگەیەنێت، ئەوە هاوڕێتە و بە سوعبەت وای کردوە، ئێستا ئەو دڵی لەلاتە، پێی ناخۆشە تۆ ئازارت گەیشتووە، دڵنیام مناڵەکە هیچ جۆرە ڕق و کینەیەک لەدڵیدا جێینابێتەوە، بەڵام دەکرێ بپرسین، ئایا کێ ئەم کارە ئەرێنیە دەکات؟

بێگومان  ئەو کەسانەی بەباشی و دروستی لە پەروەردە گەیشتوون و کاری لەسەر دەکەن و ئایندەی منداڵەکانیان باشتر دەنەخشێنن، کە دوور بێت لە رق و کینە و شەڕەنگێزی.

تاکەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، زۆرجار نمایشێکی خراپ دەکەن، بۆ دەربڕین و نواندنی خۆشەویستی، بەڵام ناخیان دوورە لەو نمایشە، ئەمەش کارێکی ناپەروەردەییە، هەربۆیە (پۆل ڤالێری ١٨٧١– ١٩٤٥) هونەرمەند و نوسەرو شاعیر) دەڵێت:(خۆنمایشکردنی خۆشەویستی لە ڕق خراپترە).

لە یارییەکانی مۆدندیالی ئەمساڵی ٢٠٢٢ ی قەتەر، زۆر بەڕوونی گیانی شەڕەنگێزی  و ڕق و کینەم بەدیدەکرد، لە لایەن هەندەرانی زۆر لە هەڵبژاردەکانەوە، لە کاتی دەربڕینی خۆشیەکانیان و پشتیوانیکردن لەو هەڵبژاردە دڵخوازانەی خۆیان مەبەستیانە سەربکەون، بەڵام هەندێ جار دەبووە، دەمەقاڵێ و دەربڕینی ووشەی نەشیاو و بریندارکەر، تەنانەت ئەو جۆرە دەربڕینانە لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش ڕەنگی دابۆوە، **(عەلا محەمەد مستەفا) لەم بارەوە دەڵێت: ( وەرزش بریتیە لە بەڕێوەبردنی عەقلانی بۆ جەستەیەکی تەندروست)** ئەوەی چێژ لە وەرزش دەبینێت، بەتایبەت لە مۆندیالدا، ئەوانەن کە دوور لە گیانی ڕق و کینە، تەنها بە سەربردنی کاتێکی پڕچێژ سەیری یاریەکان دەکەن، نەک بەو شێوازە خراپەی کە خەڵکی ئێمە بەکاری دەهێنن، دڵنیام هەموو ئەو کارو پەرچە کردارە خراپ و شەڕەگێزیانەی  ڕق و کینە دەبەخشنەوە، بە پەروەردەیەکی  دروست و هاوچەرخ، دەگۆڕدرێت بۆ گیانی خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن .

## پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە

پەیوەندی ئەو ڕایەڵە و پرد و هێڵەیە، کە چەند هۆکار دەبنە بەستنەوەی بابەت و تەوەرو خاڵی هاوبەش، بۆ ئەوەی ئامانجێک بەدیبێنێت.

پەروەردە ئەو پرۆسە گرنگەی ژیانە کە هەموو ئایندەی تێدا دەردەکەوێت و ژیانی کۆمەڵگە لەوێوە نەخشە ڕێژدەکرێت.

هۆکارێکی گرنگی ئاراستەکردنی تاکەکانە بۆ ئامانجی گەورەی پەروەردە و فێرکردن.

دیارە ئەمەش بەئاسانی بەدینایەت، هەروەک چۆن **ئەرستۆی فەیلەسوف دەڵێ: (ڕەگی پەروەردە تاڵە، بەڵام ئەنجامەکەیو بەرهەمەکەی شیرینە)**لێرەدا ڕەگ واتە ئاراستەکردن و ماندوو بوون و کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پەروەردە، بەرهەمەکەشی واتە ئامانج و ئایندەی گەش بۆ نیشتمان و گەل.

بۆ زانین و ئاشنا بوون بە راگەیاندن، پێویستە پێناسەیەکی کورتیش بۆ ڕاگەیاندن بکەین، لەکورتترین پێناسەدا، بریتییە لە ڕایەڵی گرنگی پەیوەندی لەنێوان نێرەر( کەناڵ) و وەرگر(خەڵک)کە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە.

پێشتر ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم، ناوزەد دەکرا، بەڵام لەئێستادا، بەهۆی کاریگەریەکانی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی تردا، بە گرنگتر لێی دەڕوانرێت.

لەلایەکیتر ڕاگەیاندن دەبێتە ڕایەڵێکی گرنگ نەک هەر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، بەڵکو هۆکارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن و گەیاندنی پەیام بۆ کۆمەڵگەکانی تر، وەک (ولبرشرام)دەڵێ: **ڕاگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە لێکگەیشتن لەنێوان کۆمەڵگەکاندا مسۆگەر دەکات، ئەمەش پەیامی گرنگی مرۆڤایەتییە)**

لەم ناساندنانەی هەردوو چەمکی پەروەردە و ڕاگەیاندن، چەند خاڵێکی هاوبەش و نزیکیەکی گەورە هەیە کە بۆتە پردی پەیوەندی نێوانیان، ئەوانیش ئەمانەن:**(گەیاندن، ئاراستەکردن، خزمەتی مرۆڤایەتی...)**

ڕۆڵ و کاریگەری و شێوازەکانی هەریەکێک لەو دوو چەمکە (ڕگەیاندن، پەروەردە) بەپێی کات و شوێن و ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی، هەرکۆمەڵگەیەک، گۆڕانی بەسەردا دێت.

لە وولاتە پێشکەوتوەکاندا، هەردوو بوارەکە، زۆر قۆناغی بڕیوە، واتە کراونەتە دامەزراوەی زانستی و یاسایی، لەوکاتەشدا کێشەو گرفت و ئاریشەکان کەمتر دەبن، کە ڕوو بدەن بە سانایی چارەسەر دەبن، بەڵام لەو وولات و شوێنانەی بەپێی یاساو بنەما ڕێکنەخراون، لەجیاتی ڕۆڵی باش ببینن، کێشەو گرفت بۆ کۆمەڵگە دروست دەکەن، ڕاگەیاندن لە جیهانی پێشکەوتوو بەیاسا ڕێکخراوە، وابەستەی دیسپلین و ئەتەکێتە، دەوڵەت و دامەزراوەکانی تایبەت بەو کارە، چاودێری ووردی دەکەن، بەتایبەت کاتێ ڕاگەیاندن، بکرێتە هۆکارێک بۆ تێکدانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی مناڵ و خێزان، پەروەردەش وابەستەی

فەلسەفەیەکی دیاریکراوی خۆیەتی و خراوەتە، خزمەتی تاک و خێزان و کۆمەڵگە.

لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان، هەردوو بوارەکە، وەک پێویست ئاراستە نەکراون، نەتوانراوە، بە یاسا و ڕێنمایی گونجاو ئاراستە بکرێن، بۆیە زیانی زۆری لە ئامانجە گەورەکە داوە، کە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستی زانستی و کۆمەڵایەتیە، لەهەرێمی کوردستاندا، پرۆسەی پەروەردە، بەهۆی بەستنەوەی بە یەکەیەکی گەورەی کارگێڕی و دامەزراوەیەکی حکومڕانی،کەوەزارەتی پەروەردەیە، ئاراستەکەی دەکرێ باشتر و چاکتر بکرێت، هەموو ئەو سەرنج و ڕەخنەو بۆچوونانەی لەسەری هەیە، سالآنە لە دیبەت و کۆڕ و کۆنفرانسەکاندا، ئاماژەیان بۆبکرێت و هەنگاوبنرێت بۆ چاککردنیان، ئەوەی بۆتە نیگەرانی و دڵشاردی تائێستا وەک پێویست، ئەو هەموو سەرنج و ڕخنانە بەهەند وەرنەگیراون و کاریان لەسەر نەکراوە، بەهۆی شپرزەیی ئەم سێکتەرە، لەلایەن دەسەلآتدارانی هەرێمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەبۆتە سێکتەرێک کە لێی بێ هیوا بین، بەلآم هێشتا ڕەخنەو سەرنجەکان زۆرن لەسەر ئەم پرسە گرنگەی ژیان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە، هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی تایبەتمەند، جیاوازی لەگەڵ شوێنەکانی تری جیهان هەیە، بۆهەردوو چەمکەکە، بەوهۆیەی پەیوەندی لەگەڵ ناوەند، بەپێی بەندەکانی دەستور جێبەجێ نەکراون، گرفتی بۆ زۆر بوار دروستکردوە، لەوانە پەروەردە و ڕاگەیاندن، ئەوە خاڵی سەرەکی و بنەڕتییە، کە

لەوێوە خاڵە لاواز و نەرێنیەکانی ئەو ڕایەڵ و پەیوەندیانەی نێوانیان، دەبینرێن.

لە دۆخێکی ئاوادا، کە میدیا تا ڕادەیەک سەربەخۆ و دامەزراو نیە، چونکە میدیا تەنها خاوەندارێتیان بۆ لایەنە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە، ئەوانیش بەپێی بەرنامە و پلان و ستراتیژی سیاسیان کاردەکەن، بۆیە لەو کاتەدا، کە مەبەستیان نەبێت و لە خزمەتی ستراتیژی سیاسیان نەبێت، وەک پێویست کار لەسەر پەروەردە ناکەن، ئەگەر کاریش بکەن، تەواو و پڕ نابێت.

لەگەڵ ئەوەی کاری ڕاگەیاندن و میدیا بەباشی ڕێکنەخراوە، دەیان تۆڕی سەیر و سەمەرەی میدیا هەیە، کە وابەستەی ئیتیک و دیسپلینی ڕاگەیاندن نین، لەو کاتەشدا گرفت و کێشەی گەورە بۆ پەروەردەی تاک و خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکەن،لەناو کایەی ڕاگەیاندندا، زۆرجار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن( بینراو، بیستراو، خوێنراو، سۆشیالمیدیا)هەواڵ و بەرنامەو ڕاپۆرت لەسەر سێکتەری پەروەردە، دەکرێن، کەئەمەش هەنگاوێکە بۆ پەیوەندی ئەو دوو چەمکە، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە وەک پێویست کار لەسەر پەروەردە کرابێت، لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە. چونکە ئاماژەمان بۆ ستراتیژو خاوەنداریتیان کرد.

چیبکرێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی پەروەردە و ڕاگەیاندن ؟

ئەو بۆشاییەی کە هەیە لە نێوان، ڕاگەیاندن و پەروەردەدا، هۆکار گەلێک هەن، کە دەتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێن، یەکێک لەو بۆشاییانە، نەبوونی میدیایەکی بەهێزی

حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەکاتی بوونی ئەو میدیایەدا کەلێن و بۆشاییەکە دەتوانرێ پڕبکرێتەوە، ئەگەر بە پلان و نەخشەی باش کار بکرێت، ڕاستە وەزارەتی پەروەردە، تەلەڤزیۆنێکی هەیە، کە کراوەتە ئاسمانی و چەند بەرنامەیەکی پەروەردەیی هەیە، دەکرێت، باشتربکرێت و بخرێتە خزمەتی پەروەردە، ئەویش بە دابینکردنی پێداویستیەکان و دانانی کارمەندی شارەزا و کارامە لە بوارەکانی میدیادا.

ئەم خاڵانە دەبنە فاکتەری بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پەروەردە و ڕاگەیاندن:

١- گرنگیدان بە بڵاوکراوەی قوتابخانەو خوێندنگەکان و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆیان.
٢- سازدانی دیبەیت و کۆڕی تایبەت بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەکان، بۆ قوڵکردنەوەی گیانی هاوکاری.
٣- داوەتنامەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنبکرێت، تا هەموو کۆڕوچالاکی و بەرنامە و سیمینارە پەروەردەییەکان پەخش بکەن.
٤- دیداری ساڵانەی وەزارەت بۆ چۆنێتی هەڵسەنگاندنی بوارو چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی سەرجەم پەروەردەکان و پەخشکردنی لە میدیاکاندا.
٥- هەرپەروەردەیەک ساڵانە بۆهەروەرزێکی خوێندن لیژنەی تایبەت پێکبێنێت بۆ سازدانی پێشبڕکێی بوارە ئەدەبی و هونەری و وەرزشیەکان، براوەکان خەڵات بکرێن و لە میدیاکان هەموو چالاکیەکان پەخش بکرێن.

## ٦- خولی تایبەت بۆ ئەو مامۆستایانە بکرێتەوە، کە لە قوتابخانەکاندا سەرپەرشتی چالاکیەکان دەکەن

هەرچەندە بۆ چاککردن و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان، پەروەردە و ڕاگەیاندن، زۆر ئەرک و کاری گرنگ پێویستیان بە پلانی گرنگی زانستی هەیە، بەڵام ناکرێ پشتگوێ بخرێن و بەگرنگ سەیرنەکرێن، چونکە ئەمجۆرە پەیوەندیانە دەبنە هەوێنی بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی خۆشنوود و کامەران، کە ئازادی و دیمۆکراسی لەئاسۆی دەمکەل، چاوەڕوانی هەڵهاتنن، وەک خۆری کازیوە و سپێدە.

# پرۆسەی پەروەردە و شانۆی منالآن

لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، هەندێ فاکتەر هەن، کاتێ گرنگیان پێدەدرێ، پرۆسەکە باشترو چاکتر ئامانجەکانی دەپێکێ، مەبەست لە پێکانی ئامانج، گەیشتنە بەو ویستەی کە پرۆسەی پەرەوردەی لەسەر بونیادنراوە، ئەوانیش( ئاراستە پەروەردەییەکان، فێرکردن، ئاسودەیی دەروون، گەشەپێدانی جەستە....)

یان بەجۆرێکیتر، پرۆسەی پەروەردە، بریتیە لە گەشەپێدانی ئەرکە جەستەیی و دەروونی و ئەخلاقیەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە تەواوکاریەکان).

زۆربەی شارەزایانی بواری پەروەردە، لەسەر ئەوە کۆک و تەبان، کە چالاکیەکانی دەرەوەی پۆل، هاوسەنگ لەگەڵ وانەکانیتر دەبنە خاڵی دەستپێکی پرۆسەیەکی پەروەردەی سەرکەوتووی هاوچەرخ، مەبەست چالاکی دەرەوەی پۆل، وانەکانی وەرزش و سرود و هونەر(شانۆو موزیک و وێنەکێشان) دەگرێتەوە، چونکە لەڕێگەی ئەو وانانەوە منالْ دەتوانێ ووزە شاراەکانی جەستەو دەروونی گەشە پێبدات و ئەو وانانە دەبنە پاڵپشتێکی بەهێز، تاوانەکانی تری وەک زانستی و وێژەیی و بیرکاری، بەئاسانی وەربگرێت.

باسی ئەمجارەی من شانۆی منالْە، لەناو خوێندنگەو قوتابخانەکاندا، ئایا تاچەند کاری لەسەرکراوە؟

ساڵانە چەند ڤیستیڤاڵی شانۆی منالان سازدەکرێت؟

بۆ ئەم پرسیارانە وەڵامێکی ڕاست و دروست و هیچ ژمارەیەکی تەواومان دەست ناکەوێ، چونکە ئەم چالاکیە بەشێوازی تێکەڵ و دوور لە پلانی وەزارەت و پەروەردەکان، تەنها لە ناو قوتابخانەکاندا لەکات و بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان ئەنجامدەدرێن، جگە لەچەند چالاکیەکی ساڵانەی بەڕێوەبەرێتی چالاکی و هونەر، ئەویش لەسەر داوای چەند مامۆستایەکی هونەر لەناو قوتابخانەکاندا، کە ڕێژەی بەشداریکردن، دیاریکراوە، ئەمەش ئاکامێکی بچووکی پەروەردەیی بەدیدێنێت، بە نمایشی چەند ئۆپەرێتێکی منداڵانە، کە ئەویش پێویستە لیژنەیەک هەبێت، بۆ بینین و هەڵسەنگاندن و ڕاییکردنی ئەو کارانە کە نمایش دەکرێن، پێویستە لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو شانۆ و ئۆپەرێتانە، کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون و قەڵەم بن(نوسەر) نەک وەک لیژنەکانیتر بەپێی هاوڕێیەتی و هەندێ شتیتر کە ناتوانن وەک پێویست بەو کارە هەڵبستن، لەجیاتی خزمەت گەیاندن، کارەکە وێرانتر دەکەن، لەو کاتەدا ئەنجامنەدانی ئەو کارە هونەریانە باشترە لە ئەنجامدانیان، چونکە هیچ ئامانجێک بەدیناهێنن.

شانۆی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە شانۆی گەورەکان، ئەمانە بەشێکن لەو تایبەتمەندیانە:

**١- پێویستە ئەو دەقانەی بۆ منداڵ دەنوسرێن، دەربڕی تەمەن و ئاستی منداڵبن.**

**٢- بە زمانێکی سادە و ساکار بنوسرێن.**

**٣- ئامانجی پەروەردەیی تێدا بێت.**

٤- زیاتر هاندانی منالآن بێت بۆ خۆشەویستی کەسانیتر و گیانداران و پاراستنی ژینگە.

٥- واباشترە دەقی شانۆگەریەکە یان ئۆپەرێتەکە سرود ئامێز بێت.

٦- واباشە زۆربەی مندالآن بەشداریان پێبکرێت، یان بکرێنە گروپ و لەناو شانۆگەریەکە یان ئۆپەرێتەکە، یان چەند کارێک بکرێت کە زۆربەیان بەشداربن.

٧- لە ساڵێکدا لانیکەم، هەموو قوتابخانەیەک دوو کاری شانۆیی منالآن ئەنجام بدات.

٨- پێویستە هەموو هۆکار و پێداویستیەکان لە بابەتی هۆڵ و کەلوپەل بۆ قوتابخانە و خوێندنگەکان دابین بکرێت، لەگەڵ بودجەیەکی تایبەت بەو کارانە.

٩- سالآنە لەسەر ئاستی پەروەردەکان و وەزارەت ڤیستیڤاڵەکان بە بایەخەوە کات و شوێنی ئەو کارە هونەرییانە دیاری بکرێت.

١٠- پێویستە داوا لەو مامۆستایانە بکرێت، کە توانای ئەو کارانەیان هەیە، پێشنیار و سەرنجەکانیان بخەنەڕوو بۆ چۆنێتی سەرخستن و ئەنجامدانی ئەو ڤیستیڤالآنە.

جگە لەو خالآنەی ئاماژەمان پێداون، کە تایبەتن بە گرنگیدان بەشانۆی منالآن لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کاربکات بۆ ئەنجامدانی کاری شانۆیی منالآن و یبخاتە پلانی کاری خۆیەوە، یان داوای دەقی شانۆی منالآن لە نوسەران بکات و چەند دەقێک،

**که ئاستیان بەرز و گونجاوە بۆ ئەمدۆخە، نوسەرەکانیان خەڵات بکرێن، یان هەر تیپێکی شانۆیی توانی ساڵانە کارێک یان دوو کاری هونەری شانۆی منداڵان نمایش بکات، وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکی هۆڵ و بودجەی کاری شانۆگەریەکە تەرخان بکات، لەپێناو ئەوەی زۆرترین کەس و لایەن و تیپ کاری شانۆی منداڵان ئەنجام بدەن، ئەگەر هەماهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارتی (پەروەردە و ڕۆشنبیری)دا بکرێت بۆ ئەوەی هونەری شانۆ بەگشتی و شانۆی منداڵان بەتایبەتی بایەخی پێبدرێت، دڵنیام، نەوەکانی ئایندە، خاوەن بیرێکی فراوان و جەستەیەکی بەهێز دەبن و دەیان داهێنەر، لەم کۆمەڵگەیە دروست دەبن، لەبەر ئەوەیە، جۆن دیوی، بایەخی منداڵان لەداهاتوودا بە بەرزی دەنەخشێنێ و ئایندەیان لەسەر بونیات دەنێ، بەهیوام ئەم وتارە دەستپێکێک بێت بۆ ئاوڕدانەوە لەشانۆی منداڵ و ببێتە جێی بایەخی لایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە لەئەمڕۆی دنیای هونەر و بواری پرۆسەی پەروەردەشدا، خەریکە ئەم لایەنە تەواو فەرامۆش دەکرێت و بیرمان دەچێت، کە بابەتێکی گرنگی ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەکە.**

## ڕۆڵی پەروەردە، لە دیاریکردنی کەسێتی تاک

زۆر جار کاتێک تاک لە کۆمەڵگە لادەدات و بەپێی یاساو داب و نەریت هەڵسوکەوت ناکات، یەکسەر هەندێ لەتاکەکان بەوشەیەکی نەشیاو(جنێو) لەو تاکە لادەرە دەردەبڕن، بۆ ئەو کەسەی مامۆستای ئەو بووە، لە باشترین وشەدا کە خاتری بگرن، پێی دەڵێن (ئەوە مامۆستاکەت نەیتوانیوە باش پەروەردەت بکات) لەمەوە کاریگەری پەروەردە بۆسەر کەسێتی تاک دەردەکەوێت، هەرچەندە ئەم پێوەرە ناکرێ بە سانایی و ساکاری لێی بڕوانرێت، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قوڵتر هەیە، ئەوەش گرنگە بزانرێت، ئەم وتەیە چۆن و بۆچی لەناو کۆمەڵگەدا وا بڵاو بۆتەوە و بۆتە وێردی سەرزمانی خەڵک ؟ بەڕای من تێگەیشتن لەم وتەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و بایەخ و گرنگی پەروەردە و بە گەورە بینینی لای خەڵک،ئەوان واهەست ئەکەن کە مامۆستا و پەروەردە دەیتوانی ئەم تاکە لەم لاڕێیە لابدەن و باشتر بێت. لێرەوە وتەکەی **(دیباش مێردا ئێم دی) بەجوانی دەسەلمێت و ڕەنگدەداتەوە کە دەڵێ:(پەروەردە، ڕوناکیت پێدەبەخشێت بۆ بینین، باڵت دەداتێ بۆ فڕین، مۆسیقاشت بۆ دەژەنێ بۆ گۆرانی وتن).**

کەسێتی تاکی کورد، لەهاوکێشەی دیاریکردنی ئاستی بیرکردنەوە و ووشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ناسینی خود، هەمووومان تووشی سەرسوڕمان و بیرکردنەوەی ئاڵۆز و شێواو دەکات، بەوەی چۆن ئەم تاکانە، بەو ئاراستەیە دەڕۆن و جیاواز لە ڕەوشێکی ئاسایی و بەدەر لە بینین و خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کەسێتیەکان دەبینرێن؟ هەمیشە تاکی کورد

لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا لاواز و خۆبەکەمزان دەردەکەوێت، نمونە بۆئەم وتەیە زۆرە، کاتێ کەسێکی سەر بەنەتەوەیەکی تر دێتە ئەم وڵاتە چەند بمێنێتەوە، فێری زمانەکەمان نابێت، لەزۆربەیانم پرسیوە، هۆکارچییە کوردی نازانن؟ لە وڵامدا پێیان وتوم، خەڵکی ئێوە هەر بە زمانی خۆمان قسەمان لەگەڵ دەکەن، هەرچەند ناشیزانن، ئەکرێ ئەوە بە هۆکاری خۆبەکەمزانین و کەمتەرخەمیش لێکبدرێتەوە، من ناڵێم باخەڵکی کورد بەزمانی تر نەدوێن، بەڵام لە هەموو جیهان وایە زمانی سەرەکی ئەو شوێنە ئەکرێتە سەرچاوەی بەهێز بۆ ئەوەی خەڵکانیتر فێری ببن و بەکاری بێنن، یان کەی لە پرۆسەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پلان بۆ بەرزڕاگرتنی زمانی دایک دانراوە؟ چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی هێنانی بەرنامەیەکی دژە زمانی کوردی، گوایە دەیانەوێ وانەکانی بیرکاری وزانست بکەنە ئینگلیزی، کارێکیان کرد خەریک بوو منداڵی کورد زمانەکەی خۆی بیردەچۆوە، باش بوو ئەو پیلانە دوژمنکارانەیەی بۆ مەبەستی گیرفانی چەند کەسێک، لادراو وانەکانی زانست و بیرکاری کرانەوە بە کوردی، جا حکومەتێک ئەوە بەرنامە و پلانی بێت بۆ پەروەردە، ئیتر چۆن تاکێکی باش و خاوەن ئیرادە و کەسێتی بەرز لە ژێر سایەی ئەم پرۆسە خراپەدا، خۆی بەکەم نازانێت و مرۆڤێکی تێکشکاو دەرناچێت؟ دەیان قوتابخانەی ئەهلی و تایبەت بەناوی جیاوە لەم هەرێمەدا کراونەتەوە، ئەکرێ بپرسین تاچەند کار لەسەر ئەوە کراوە،زمانی شیرینی کوردی بکرێتە وانەیەکی سەرەکی و بە پێی ڕێنمایی و فەرمان ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیانە ناچاربکرێن، وانەی زمانی کوردی بخوێنن؟ دڵنیام هیچ نەکراوە و

نەبۆتە بابەتێکی گرنگ لای پەروەردە، یان ئەو ئاوارانەی لە هەرێم لە قوتابخانە عەرەبیەکان دەخوێنن، بزانن وانەی زمانی کوردی دەخوێنن؟ دەبوو بکرایە بە ناچاری و دەیان مامۆستای کوردیان بناردایەتە ئەو قوتابخانانە تا هەم ئەوان بەباشی فێری زمانی کوردی دەبوون و هەم پایە و شکۆی زمانەکەمان لای ئەوان بەرزتر دەبوو.

بەڵێ هیچ گومانی تێدا نیە، پەروەردەی باش و هاوچەرخ مرۆڤەکان دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵای ووشیاری و خاوەن کەسێتی بەرز، **(عەلی وەردی)کۆمەڵناسی گەورە دەڵێت: (کاتێک بیری مرۆڤ ئازاد دەبێت، لەنەریتەکان لادەدات، ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک سیمای دڵنیایی بپارێزێت).**

لەلایەکی ترەوە سەرنج لەم ماوەیەی حوکڕانی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی بدەین، بزانین تاچەند کارکراوە پرۆسەی پەروەردە بکرێتە بنچینە و بناغەی بەدیهێنانی تاکی ئازا و ئازاد؟ وەڵامەکە دیارە کە نەخێر پلانەکە تەنها بە ئاقاری ئایدۆلۆژیای خواری حیزبەکان و دەسخەڕۆ کرنی کۆمەڵگەی کوردی بووە، مرۆڤ شەرمەزار ئەبێت باسی دەستوەردانی حیزبەکان بخاتە ناو ئەم بابەتەوە، چونکە هێندە بە قێزەوونی کاریان لەسەرکردووە، تووشی سەرسوڕمان دەبین، کەی ڕەوایە بارەگایەکی حیزبی کە هیچ مەعریفەیەکی لەسەر پرۆسەی پەروەردە نیە، بێت بەڕێوەبەری قوتابخانە دابنێت؟ چەند ساڵێک لەمەبەر سەرپەرشتیارانیش هەر ئەوان دایان دەنا، کە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی پرۆسەی پەروەردە، وێران بێت و کەسێتی تاکی کورد ڕوخاو و تێکشکاو و خۆ بەکەمزان ببینرێت.

زۆرجاری تر و لەنوسیەکانمدا، ئاماژەم  بە خراپی دەستوەردانی سیاسی و حیزبەکان کردووە، بەڵام بێدەنگ نابین و بەردەوام دەبین، تا ئەو کاتەی دەرگاو پەنجەرەکانیان لێدادەخرێت و خۆیان دەڵێن، با ئەوە دابنێین بۆ ئەوانەی کاریان پەروەردەیە، من وادەبینم هەمووومان لە **بەلەمەکەی  ڤۆڵتیر(١٦٩٤–١٧٧٨ز) داین، کە شکاوو وێرانەیە، بەڵام ئومێد و هیوا و گۆڕانی ڕزگار بوونە لەدەریای پڕمەترسی ژیان، بۆیە دەڵێ: (ژیان کەشتییەکی وێرانەیە، بەڵام نابێت هەرگیز خۆشی و ئومێدو گۆڕانی وتن لەبەلەمەکانی ڕزگارکەردا لەبیر بکەین).**

بەو هیوایەوە بەردەوام  دەبین، تا ژیان لە سایەی پەروەردەوە، کەسایەتی تاکی کورد ڕزگار بکات و بیخاتە سەر وێستگەی ژیانێکی شکۆمەند.

## نەبونی پلان، لە پەروەردەدا، کاریگەریە نەرێنیەکانی

کێشەکانی پەروەردە ئەوەندە زۆرن، لە ژماردن نایەن، بە بۆچونی من سەرچاوەی ئەو گرفتانە، نەبونی پلانی زانستی و داڕێژراوی هەمە جۆرە.

لە ئەمڕۆی دنیای پڕ جەنجاڵی و زۆری هۆکارەکانی گەیشتن بە زانیاری، وایکردوە، هەموو تاکێک بتوانێت، بەئاسانی دەستی بەوەی مەبەستێتی پێی ڕابگات و بەدەستی بێنێت، پلاندانان، هەمیشە و بۆ هەموو کار و پرۆژەیەک، بەردی بناخەی سەرخستنیەتی.

ئەوەی مەبەستی منە، لەم وتارەمدا، باسی بکەم و لێی بدوێم، گرنگی پلانە لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە هەموومان، دەزانین، ئەگەر ویستی گۆڕانکاری و پێشکەوتن هەبێ لەهەر شوێنێک، دەبێ لە پەروەردەوە دەست پێبکات.

زۆرجار دەبیستین کە دەڵێن پلانمان هەیە ئەو کارە بکەین، ئەوە سەرکەوتوو نیە و نابێتە جێی **ئومێد (دوایت ئایزنهاوەر)دەڵێ:( پلان گرنگ نییە، پلاندانان گرنگترینە).**

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە قسە کردن ناچێتە بواری پلاندانان، ئەم حاڵەتە زۆرجار لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان، لە دەمی بەرپرسان دەیبیستین، بەڵام دوای چاوەڕوانیەکی زۆر ئەو قسەیە نابینین لە ناو پلاندانانەندا ڕەنگ بداتەوە.

هەموو بوارە کارگێڕی و داراییەکان، چەند هەنگاوێکی پێویستە، ئەرکەکانی بەڕێوەبردن بەگشتی دابەشکراون بەسەر پێنج توخمە سەرەکییەکاندا، تا بگاتە ئەنجام، ئەوانیش ئەمانەن:

**١- پلاندانان: بریتیە لە نەخشەکێشان و دانانی بەرنامەو شێوازی کارکردن، لەسەر پرۆژەیەکی دیاریکراو.**
**٢- ڕێکخستن و ڕێنوێنی: ئەمەش بریتیە لە هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی نەخشەکە، کە رونکردنەوە و دیاریکردنی ئەو ڕێ و شوێنانەی نەخشەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.**
**٣- سەرپەرشتیکردن: ئەو بەرنامە و نەخشەیە پێویستی بە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردن هەیە، تا لە هێڵی گشتی پلانەکە لانەدات.**
**٤- هەماهەنگی(نوینەرایەتی): بریتیە لە هاوکاری و بیروڕا گۆڕینەوە، لە پێناو جێگیرکردن و سەرخستنی پلانەکە.**
**٥- کۆنترۆڵکردن و ئەنجام: دوا قۆناغی بینینی کار و هەنگاوەکانی پلانەکەیە.**

**ئەوەی لای زۆربەی چاودێران و پەروەردەکاران بۆتە جێی گومان و نیگەرانی، ئەوەیە پەروەردە و وەزارەتەکەی لەماوەی ئەم سێ دەیەی رابردودا، پلانەکانی سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش بە ڕوونی لە شیوازی دەرئەنجامەکانی دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت.**

**نمونەیەک لە وتەکەی (هێنری فۆرد(١٨٦٣-١٩٤٧) دەهێنمەوە، کە ڕێک لەگەڵ، دۆخی پەروەردەی هەرێمی کوردستان گونجاوە،**

**دەڵێت:(هەر کاتێک سەرکەوتن لە ئەنجامی پلانی باش و کۆڵنەدانێکی بەردەوام و لەگەڵ دەرفەتێکی لەباردا دەرکەوت، خەڵک بە باشی دەزانن).**

بەلآم ئایا ئەو دەرفەت و هەل و کار و ئەنجامە، لەم سیستم و شێوازەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بینراوە و بەدیکراوە؟ بێگومان وەلآمەکەی نەخێرە.

لەماوەی ئەم نۆ کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر گۆڕانکاریەک لە وەزارەتی پەروەردە کرابێت، وەزیری تازە کاری وەزارەتەکەی لەسەر بۆچونی خۆی داناوە، کە ئەمە بۆ پەروەردە نەگونجاوە، بۆیە خەڵکانی دڵسۆز و خەمخۆر، نیگەرانن لەو دۆخەی لەناو پەروەردە هەیە و بەدیهاتووە.

بەبۆچوونی ئێمە دەبوایە سەرۆکی حکومەت لە هەموو کابینەکان، پێش کاروباری سیاسی، تا سێکتەری پەروەردە باش و چاکنەکرێت، نەدەبوو دەست بۆ هیچ سێکتەرێکیتر ببرێت، ئەمە پێی ئەوترێ چاکسازی و گەشەسەندن و پێشخستنی کۆمەڵگە.

لەلایەکیتر بۆ زۆربەی پرس و سێکتەرەکان، حکومەت پێویستی بەچەند جۆرێک لە پلاندانان هەیە،

پلاندانان، لەهەموو بەش و بۆ هەموو کەسێک گرنگ و پێویستە، مامۆستایان، بەڕێوەبەرەکان، سەرپەرشتیاران، بەرپرسی بەش، بەڕێوەبەرەگشتیەکان، ڕەوێژکاران، تا دەگاتە وەزیر.

ئەوەی پێویستە بکرێت، چەند کار وهەنگاوێکی زانستی پڕ بایەخن بۆ ئەوەی قۆناغەکانی پلاندانان، بۆ هەموو پڕۆژەیەک ئەنجام بدرێن، ئەوانیش ئەمانەن:

**١-پلانی خێرا: ئەو پلانەیە کە پێویستە بەخێرایی کاری لەسەر بکرێت**

**٢-پلانی مامنەوەند: ئەو پلانەیە کە ماوەیەکی درێژتری پێویستە بۆ ئەنجامدانی ماوەکەی لە (١ساڵ بۆ ٣ساڵە)**

**٤-پلانی دوورمەودا: ئەو پلانەیە کە ماوەیەکی پێویستە تا ئەنجامبدرێت، ماوەی (٣بۆ ١٠)ساڵی دەوێت، نمونەی ئەو پڕۆژانەی کە نوێگەری دەکەن لە سیستمەکە، چونکە ئەوانە پێویستیان بە هەنگاوی جۆراوجۆر هەیە تا بخرێنە سەر ڕێگەی خۆیان.**

ئەوەی کێشەوگرفتی بۆ وەزارەتی پەروەردە دروستکردوە، ئەم وەزارەتە لەناو کابینەی وەزاراتەکان، هەموو جارێ لە سفرەوە دەستپێدەکەنەوە، بەمەش ناتوانن هیچ پڕۆژەیەک سەربخەن.

ڕاستە ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن زیاتر پەروەردە دەگرنەوە، بەڵام لە سەروو هەموو وەزارەتەکان، دامەزراوەیەکی گەورەتر دەبێ بوونی هەبێت، کە هیچ حکۆمەتێک بەبێ ئەو وەزارەتە، کارەکانی جێناگرێ، ئەویش وەزارەتی پلاندانانە، دەکرێ بزانرێ لەم هەرێمە ئەو وەزارەتە کاری هەیە، یان تەنها بەناو هەیە؟ یان ئەوان کاری خۆیان دەکەن و گوێیان لێناگیرێت؟ چونکە هەموو پڕۆژە و کار و

بەرنامەی حکۆمەتەکە پێویستە لەوێوە پەخشبکرێت و ئینجا ئەنجامبدرێت.

تا حکۆمەت و وەزارەتی پەروەردە پلاندانان نەکەنە کاری لەپێشینەی هەموو شتەکان، چاوەڕوانی باشتر نابین، بەهیوام گوێ لە خواستە دڵسۆزانەکان بگرن، تا ئێمەش چاو و دڵمان بخەینە سەر دوارۆژێکی باشترو جوانتر بۆ ئایندەی هەرێمەکەمان.

## هەباسە، لە پەروەردە چ باسە؟

ئەوەی سەرنجی  من زۆرتر بەلای خۆیدا کێش دەکات و ڕادەکێشێت، ، ئەو خەمساردی و بێباکی  و پشتگوێخستنەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی  پرۆسەی پەروەردەی هەرێمی کودستان.

ڕۆژانە لە زۆربەی ماڵپەڕ و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، چەندین بابەتی گرنگ و پڕبایەخ بەرچاومان دەکەوێت، لەسەر کەمو کورتی و ناتەواوییەکانی پرۆسەی پەروەردە، لەگەڵ نیشاندانی هەموو ئەو خەوشانەشدا، ئەو نوسەرانە، دەستنیشانی لایەنە خراپەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە دروستەکانیش دەکەن، بەڵام کەس ئاوڕیان لێناداتەوە و بەدواداچوونی پێویستیان لەسەر ناکرێت، ئەمەش لە دووخاڵ بەدەر نییە:

- یان خۆیان هۆکارو فاکتەری دروست بوونی ئەم خەوشانەن کە بەرچاون.
- یان ناتوانن چارەسەریان بکەن و بەو حاڵە خراپەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دێتە سەریان و کەڵەکە دەبن

لەم ماوەیەدا لە چەند حاڵەتێکی نەگونجاوی پەروەردەیی، ڕوویدا لە چەند خوێندنگەیەک، بووە مشتومڕ و قسەگەلێکی جیاوازو تا ئەوەی ململانێ و کێبەرکێی نابەجێ دروست بکات، من بە چاوی چاودێریکردن، هەردوو حاڵەتەکانم بینی و بۆچوونی خۆم هەیە لەسەریان وەک مامۆستایەک و چاودێرێکی بواری پەروەردە و ئینجا وەک نوسەرێک.

**حاڵەتی یەکەم** تەنها باسکردنی چەند کەسێک بوو لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە باس لەو کارە نابەجێیانە دەکرا، کە لەچەند خوێندنگەیەک نێرگەلە و جگەرە دەکێشرێن، باس لەوەش کراوە چەند خوێندنگەیەک بوونە هۆکاری بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر، تەنانەت خوێندنگەی کچانیشی گرتۆتەوە، بەڕاستی کارێکی نامۆ و قێزەوونە و پێویستە هەنگاوی خێرا بنرێت، بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی، ئەمە هۆکارێکی نەرێنیە بۆ تێکدانی ئەخلاق و بیر و ڕەوشتی نەوەی ئایندەمان، ئەگەر ڕێی لێنەگیرێ، پەلدەهاوێ و فراوانتر دەبێت و چارەسەرکردنی ئەبێتە مەحاڵ.

**حاڵەتی دووەم**، ئەوەی لە چەند خوێندنگەیەک ڕوویدا، مناڵان شوێنێکیان بۆ ئامادەکراوە و نوێژی بە کۆمەڵ دەکەن، هەرچەند من ڕێزی تایبەتم بۆ ئاین و بیرو باوەڕ و کەلتوری خەڵک هەیە، بەڵام ئەمەش کارێکی ناپەروەردەییە، ئەنجامدانی و بەردەوامی دەبێتە هۆی ڕوودانی پشێویی و تێکدان و ئاراستە کردنی ئایدۆلۆژیا، چونکە خەڵکانی ترو لایەنی سیاسی بەناو دینی ئەمانە دەقۆزنەوە و دەستی تێدەخەن، وەک چۆن دژی دەستی حیزبە نەتەوەیی و عیلمانیەکانم بۆ ناو پرۆسەی پەروەردە، بەهەمان جۆر بیر و هزری ئیسلامی سیاسیش بۆ ناو پەروەردە بەخراپ دەبینم، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:

لە کوردستاندا کە ناویان ناوە، هەرێمی پێکەوە ژیانی ئاینەکان، واتە تەنها ئاینێک لێرە نیە، بەڵکو پەیڕەوانی ئاین و ئاینزای تر، بوونیان هەیە، پێویستە ڕێز لە بیرو ڕای ئەوانیش بگیرێت، ئەگەر ئەو مامۆستایانە ئەم نەریتی ئایینیە لە قوتابخانەکانی خۆیان

پەیڕەو بکەن، ئەوانی تریش ئەم کارە دەکەن، ئەوسا خوێندنگە ئەبێتە شوێنی خواپەرستی و هیچ مانایەک بۆ جیاوازی و پەروەردە و فێربوون نامێنێتەوە، دەبوایە، وەزارەتی پەروەرد و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان، ئەو مامۆستایانەیان لەم کارە ئاگادار بکردایەتەوە، لە دووبارە بوونەوەشی سزای توندیان بدەن، یان هەندێ مامۆستا کە وانەی تایبەت ئەڵێنەوە، هەستاون بە بەخشینی دیاری بۆ ئەو خوێندکارانەی نمرەی بەرزیان هێناوە، دیاریەکە هەرشتێک بێت، نابێ هاندان بێت بۆ ئاین و باوەڕێکی تایبەت، ئەمەشیان کەس هیچی لەسەر نەوت.

لەم هەرێمەی ئێمەدا هەندێ کەس و لایەن، بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، سوکایەتی بە پرۆسەی پەروەردە دەکەن، بۆئەمجۆرە، مامەڵەکردنەش، (چێ گیڤارا) دەڵێ **( هەمیشە عەقڵی سوکایەتیپێکەر، لەمەرام و نیەتی باش تێناگات، بۆیە هیچ سودێکی نیە کە پاساو بۆکارەکانت بێهێنێت بەرامبەریان، بۆیە هیچ کات داوای لێبوردن مەکە).**

جا ئەم هەموو بابەت و چاودێریکردنە بۆ پرۆسەیەکی گرنگی ژیانی وەک پەروەردە، لەخۆڕا نیە و ئامانجێک و هەستێکی گەورەی مرۆڤ بوون لە پشتیەتی، هەوڵی باشی چاکە خوازی ئەوەیە، پشتی ڕاستی بگرین و نەتەوەکەمان، لەڕێگەی پرۆسەیەکی گرنگی وەک پەروەردە، بەرەو ئاراستەیەکی دوورنمای گەش و ئاسۆی ڕوون بەرین، نەک خۆمان بخزێنینە، بیری تەسکی ئایدۆلۆژیا و نەریتی خراپ، مەبەستم نیە ئاین بە خراپ دابنێم،

ئەوەندەی گەرەکمە ئایین لە پەروەردە خوێندنگە دوور بێت، بخرێتە شوێن و پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی و کەلتوری ژیان.

ئەوەی مەبەستم بوو، لێرە بیخەمەڕوو، ئەو چەند حاڵەتە بو کە ڕوویداوە، دڵنیام زۆرکاری هاوشێوە ڕۆژانە ڕوودەدەن و کەس باسیان ناکات، هەق وایە، وەزارەتی پەروەردە، لەئاست ئەم کارانە بێدەنگ نەبێت و بڕیارێک، دەربکات و سزای ئەوانە بدات، کە خەریکی شێواندن و بەلاڕێدابردنی پرۆسەی پەروەردەن، **وتەیەکی(محەمەد غەزالی) دەکەمە کۆتایی وتارەکەم، کە دەڵێت (نوێبوونەوەی ژیان بەمانای خستنە ناوەوەی هەندێک، کردەوەی باش یاخود نیازی باش نییە، لەناو جەستەیەکی زەبەلاحی خوو ئەخلاقی خراپدا، وەک چۆن ئەم سەرلێشێواوییە مرۆڤێک بە ئایندەیەکی باش یان ڕێرەوێکی شکۆمەندەوە جێگیرناکات).**

# وێرانكردنی پەروەردە

هەمووما‌ن ئەو ڕاستیە دەزانین، كە سێكتەری پەروەردە، وەک تۆڕێكی فراوانی كۆمەڵایەتی گەورە، هەموو كۆمەڵگە بەیەكەوە دەبەستێتەوە، مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم تۆڕە، پێویستی بە پلانی هەمە جۆری زانستی و هونەری هەیە، هەر كات بەباشی و دڵسۆزی بیر لەم سێكتەرە كرایەوە، ئەوە نیشانەی خواستی گەشەكردنی هۆشیاری و زانستی ئەسەلمێنێ، بەپێچەوانەشەوە، پشتگوێخستن و ئاوڕنەدانەوە لێی، هەنگاوە بۆ دواخستن و پاشكەوتویی و هێشتنەوەی كۆمەڵگە، لەو ئاستە خراپە جێگیرە دواكەوتووەیدا.

زۆرنمونەی گەش و زیندوو، لەمێژووی هاوچەرخدا بەرچاوون، دەرخەری ئەو ڕاستیەن، كە پەروەردە كۆڵەكە و بەردی بناغەی ئایندەیەكی گەش و ڕوونی كۆمەڵگەیە، لە هەرێمی كوردستان، ئەم سێكتەر و كایە گرنگەی ژیان، نەک بەهەند وەرنەگیراوە، بگرە كراوەتە تاقیگەیەک بۆ بەئایدۆلۆژی و لەقاڵبدانی تاكەكان، ئەویش بەهۆی بێ پلانی و كاركردنی خراپ بەئاراستەی وێرانكردن .

هەژموونی هەردوو ئایدۆلۆژی ئیسلامی سیاسی و حیزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان، لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بەرچاوە، لەم ململانێ و كێبەركێی سەپاندنی ئایدۆلۆژیا لەناو پەروەردەدا، زەرەرمەندی یەكەم، كۆمەڵگەی كوردی بووە، لەبوونی وەزارەتی پەروەردە و هەموو بەش و یەكەكانیدا، جێی داخو هەڵكێشانی هەناسەی ساردی بێ ئومێدییە، بەسەر ئەم هەموو

کەسە شارەزاو نوسەرو توێژەرو لێکۆڵەرەی وەزارەتدا، بیرۆکەو پلان و ئامانجە باڵاکانی پەروەردە، بخرێنە لاوەو کاریان پێنەکرێت، لەجێی ئەمانە، حیزبەکان بەناوی بۆردو ڕێکخراوو کۆمیتەو ناوچەو هەموو ئۆرگانەکانی تری حیزبەکان بەگشتی، ڕۆڵبگێڕن و چۆنیان بوێ وابکەن، ئەمە وێرانکردن نەبێ چییە؟

حیزب هەیە بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بکات، بەناوی بەرگریکردن لەوانەیەک، چەند مانگێک بە هەموو کادرو بەشەکان تا دەگاتە کەسی یەکەمی حیزب، دێن ئەیانەوێ، ئەجێندای تەسکی خۆیان لەناو پرۆسەی پەروەردە، جێگیربکەن، کە ئەمە بۆ هەموو ئایدۆلۆژیەکان هەڵەیەکی گەورەو زەقە، چونکە ناکرێ مناڵان بە بابەتگەلێک سەرقاڵبکرێن، کە لەڕووی پەروەردەییەوە، نەشیاوو نەگونجاون، بەپێی ئەزموون لەهەردوو جۆری بیری تەسک و دەستخستنە ناو پرۆسەی پەروەردەم بینیوە، هەم لەلایەن حیزبە بەناو قەومی و عیلمانیەکان، کە دەسلاتدارن و زۆر کاری خراپیان کردوە، هەم حیزبە بەناو ئیسلامیەکان، بەئێستاشەوە هەردوولا لەم کارەیاندا بەردەوامن، من لەگەڵ ئەوەم کۆمەڵگەی کوردی خاوەن کەلتورو ڕۆشنبیری ئاینی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی، پێویستە بە شێوازێکی زانستی و پەروەردەیی ئەم نەریت و ڕۆشنبیریە کۆمەڵایەتیانە، ئاوێتە و ئاوێزان بن لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕەچاوی تەمەن و ئاستی گەشەکردنی هزرو توانای وەرگرتنی ئەو بابەتانەو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشت و کرداری تاک، بەڵام ئەوەی بۆتە مایەی نیگەرانی ئەم هەموو ئاڵو گۆڕو داهێنانە گەورانە لەجیهاندا بە هۆی سۆشیالمیدیا و

تۆڕەکانی پەیوەندی زوو بە ئێمەو جیهان دەگات، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کارمان لێناکات و دەرس و پەند وەرناگرین، وتەیەک هەبوو، دەیووت: (ئەگەر حیزب لەدەرگاوە چووە ژوور، زانست لە پەنجەرەوە، دەڕواتەدەر).

جاران مامۆستا و فێرکارەکانی کورد بەگیانێکی نەتەوەیی و ئاینی و خۆشەویستییەوە، کاریان لەسەر پەروەردە دەکرد، چەندین سرودی جوانیان، دەخستە ناو هزر و بیری منداڵانی کوردەوە، کێ دەتوانێ لە یادەوەری خۆیدا، ئەو سرودانە بسڕێتەوە؟

خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند دڵگیر و شیرینە

ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕ لە گوڵ و نەسرینە.

ئەگەر بەووردی لەم سرودە جوانە وورد بینەوە، کە (فایەق بێکەس) نوسیوێتی، زۆربەی ئەوانەی لەڕابردوو قوتابی بوون، ئەم سرودەیان ئەزبەرە، ئەم سروودە، لەپڕۆگرامی وانەکانی خوێندنیشدا نەبووە، تەنها مامۆستاکان بە هەوڵ و دڵسۆزی خۆیان کاریان بۆکردوە، لەم نمونەیەوە ڕۆڵی پرۆسەی پەروەردە دەکرێ، باشتر ببینرێت، مامۆستایانی ئەوکاتە، چونکە لەقاڵب نەدرابوون بە ئایدۆلۆژیای تەسک، کاریان لەسەر پەروەردە و فێرکردن دەکرد، ئێستا حیزبەکان بەمەرام و نیازی خراپیان، پەروەردەیان بەرەو ئاقاری کێوی هەزار بەهەزار، بەرەو لێواری، خستنە چاڵی نەمان بردووە، کێڵگەی پرۆسەی پەروەردەیان، وێرانکردوە.

# ئاوڕدانەوەیەک لە پرۆسەی پەروەردە

لەئێستادا پرۆسەی پەروەردە، لەم هەرێمەی لەمەڕ خۆمان، ئەو سێکتەرەیە کە وەک لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگە، نەک هەر نەخراوەتە سەر نەخشەی ئاراستە کردنێکی زانستی و هاوچەرخ، بەڵکو پەراوێزخستن و مامەڵەکردن بە شێوازی نادروست خەریکە، بەرەو تونێلێکی تاریکی دەبات، لەو تاریکستانەشدا جگە لە وون بوون و بزرکردنی ڕێگە ڕاستەکە و ئاکامی خراپ، بۆ کۆمەڵگە هیچی تر بەدیناکرێت.

ئەوەی من پێی گەیشتووم، لە ئەنجامی خوێندنەوە و کارکردنم بەپڕاکنیکی لەناو پرۆسەی پەروەردەدا، هەست ئەکەم ئەوەی پێویست و گرنگە بۆ ئەم بوارە، هەنگاوەکان وەک پێویست نەنراون، تەنانەت ڕێگریەکان لە هەوڵەکان زۆرتر و کاریگەرترن، لەم کاتەدا کە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی خوێندنە، دەبوایە، لایەنە پەیوەندیدار و بەرپرسەکانی بواری پەروەردە، بەرنامە و هەنگاوی لەپێشینە بنێن، یان ئەو کەموکورتیانەی لە ساڵانی پێشوودا، بینراون و کاریگەری خراپیان لەسەر پرۆسەکە، هەبووە، بەشێکیان چارەسەر بکرانایە، بەڵام بە نیگەرانیەکی زۆرەوە، جیاوازی چینایەتی لەناو پرۆسەکەدا، دیارە و بەزەقی بەدیدەکرێت، منالی هەژار کوا وەک منالانی خوا پێداو، ئەتوانن ئەوەی ئەیانەوێ بۆیان بکرێت؟ هەر لە دابینکردنی پێداویستی خوێندن و جل و بەرگ، مەلزەمە و کڕینی ئەو کتێبانەی کەمن و بەشی ژمارەی قوتابیان ناکات، تا دەگاتە بەکرێگرتنی مامۆستای

تایبەت، بۆئەو وانانەی پێویستیان پێیەتی، ئیتر وەزارەتێک نەتوانێ ئەمانە چارەسەر بکات، چۆن بڕوا بەخۆمان و ئەوانیتر بێنین، کە سەرکەوتن، تاکە ئومێدی هەمووانە؟

**(ڕۆبێرت مۆگابی) لەو بارەوە دەڵێت: (ئێمە ناتوانین، بڕوابە نەوەی نوێ بێنین، کە پەروەردە کلیلی سەرکەوتنە، تا ئەو کاتەی بەدەرچووی هەژار و دزی دەوڵەمەند دەورە درابین).**

هەموو ئەوانەی خەمێکی گەورە، داگیری کردوون، مەبەست و مەرامی کەسی و خواستی تایبەتیان نیە، ئەوەندەی ئامانجیانە کۆمەڵگە لەو بۆتە خراپەی بۆی دانراوە، بێتە دەرەوە و بگۆڕدرێت، بۆ باشتر، واتە گۆڕانکاری لە پەروەردەوە بکرێتە کەلتورو ڕەنگبداتەوە، لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئامانجە وتەیەکی **( ئیبراهیم ئەلبولاحی)** دەهێنمەوە، کە دەڵێت: **(گشتاندنی پەروەردە، کاریگەر نابێت، تاگۆڕانکارییەکی کەلتووری ڕیشەیی، بەدەست نەهێنرێت، کە بەهۆیەوە، سیستمی بەهاکان، دەستکاری بکرێت و بەرژەوەندیەکانی خەڵک بگۆڕێت).**

لەکاتێکدا، حکومەت نەیتوانیوە، بە بەرنامە و پلانی زانستی کار بۆ ئایندەیەکی ڕوون و گەشی بواری پەروەردە بکات، بەڵام ساڵانە، چەند بڕیارێک و فەرمانێک دەردەکات، بۆ گشتاندن و جێبەجێکردنی لە ناو پەروەردەکان و قوتابخانەو خوێندنگەکان، بێ ئەوەی لایەنە باش و خراپەکان شەن و کەو کرابن، وەک ئەوە وایە، بیانەوێ، بە مامۆستایان بڵێن، ئاگامان لە پرۆسەکەیە.

من وەک ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری پرۆسەی پەروەردە بەگشتی دەکەم، ئەم خاڵانە بەهەنگاوێک دەبینم، بۆچارەسەرکردن و ئاوڕی خێرا، تا کەمێک لەو گرفتانە نەمێنن و تا ڕادەیەک ئارامی بخرێتە ناو پرۆسەکەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

**١- سەبارەت بە کاتی وانەکان، بۆ ئەم هەلومەرجە خراپەی جۆری بینای قوتابخانە، کە هەرفۆرمە کۆنەکەیە، واتە ژووری زۆربەی پۆلی خوێندن، یان گونجاو نین، یان ژمارەی قوتابی زۆری تێدایە، وانەکان بکرێنە (٣٥)خولەک.**

**٢- واباشە پشووی نێوان وانەکان، لە (٥بۆ ١٠) خولەک تێنەپەڕێت، چونکە لە زۆربەی قوتابخانەکان، هیچ هۆکارێک نیە، منالان دلخۆش بکات، لە گۆڕەپانی باش و باخچە و شوێنی یاری و خواردنی دروست.**

**٣- ئەگەر وانەکان (٣٥) خولەک بن، وانەی شەشەمیش بخوێنرێت ئاساییە.**

**٤- پێویستە بە بڕیار داوالە کارگێڕی قوتابخانە و خوێندنگەکان بکرێت، وانەکان وا ڕێکبخرێن، کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی منالّ دروست نەکەن، بە نمونە، با وانەکانی وەرزش یان هونەر و موزیک، بخرێنە ناوەندی وانەکان تاووزە و حەز و چالاکی و ئارەزووی زیاتر بدرێتە منالان، نەک بخرێنە وانەی یەکەم و کۆتایی.**

**٥- پێویستە هەموو مامۆستاکان لەبوار و پسپۆڕی خۆیان خولیان بۆ بکرێتەوە و ئاگاداری نوێبوونەوەی زانست و زانیاریبن.**

٦- ئەوانەی وانەی خولەکان دەڵێنەوە، ناکرێ هەر وەک جاران چەند کەسێکبن، کە ئاستی زانستیان بەرز نەبێت، با کەسانێک بن قاڵبووی پروسەکە بن و ئەوانیش ڕاهێنرابن، لە ئاستی باڵادا.

٧- چاوبخشێنرێتەوە بە گۆڕانکاری پڕۆگرامەکانی خوێندن، بە چەند لیژنەیەکی شارەزا و پسپۆڕ بسپێرێن، نەک تەنها قۆرخ بکرێن، بۆ ئەوانەی مەبەست بن.

٨- پڕۆژەی پریتش کانسڵ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، خاڵە لاواز و نەگونجاوەکانی بۆ هەرێم، لاببرین، ڕاستە ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٩٣٤ لە بەریتانیا دامەزرا، بەڵام ژینگەی ئێرەو ئەوێ جیاوازن.

٩- با بە فەرمانێکی وەزارەتی پەروەردە، هەموو قوتابخانەو خوێندنگەکان هەڵبژاردن، بۆ باشترین و لێهاتووترین کادری پەروەردەیی بکەن و بەدەنگی زۆرینە، بەڕێوەبەر، بۆ کاتێکی دیاریکراو هەڵبژێردرێت، نەک تا مردن هەر خۆی بێت.

١٠- یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی بگۆڕدرێ، بۆ باشترین پڕۆژەی ساڵانە لەبواری پەروەردە، نەک بچێتە قوتابخانە بۆ بینینی وانەی مامۆستا کەئەوە ئیشی پەو نیە.

١١- لیژنەکانی قوتابخانە کارا بکرێن و کاری تەواویان پێبدرێ و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ، تا لەو ڕێگەیەوە،قوتابخانەکان ئاستیان گەشە بکات، کە کاری هەماهەنگیە.

١٢- میلاکاتی قوتابخانەکان ڕێکبخرێنەوە، بەگوێرەی پێویست مامۆستا بۆ ئەو شوێنانە دابنرێت، کە پێویستە، نەک وەرەقەی ئەمو ئەو.

**١٣- تەرخانکردنی بودجەیەکی باش بۆ هەرقوتابخانەو خوێندنگەیەک کە بەلیژنەو بەپێی پێویستی خەرج بکرێت.**

**١٤- ئەوەی ئێستا لەناو قوتابخانەکاندا دەکرێت، لە هەڵسەنگاندنی خودو قوتابی و کەسوکاریان، شڵەژاوی پێوەدیارە ئامانج بەدیناهێنێت لابردنی باشترە**

بەهیوام لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان، کار لەسەر ئەم خاڵانە بکەن و بیکەنە کاری لەپێشینەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆ ئەمسالی خوێندن.

# پەروەردە، لەنێوان بازرگانیکردن و بەها بەرزەکاندا

ئەوەی ئێستا لەم هەرێمە ڕوودەدات، بەتایبەت لەناو سێکتەری پەروەردەدا، جێی تێڕامان و سەرسوڕمانە، کەسێک بەچاوی گەشەکردنی پەروەردە و پێشکەوتنی ژیان، بەراوردی پرۆسەی پەروەردە بکات، توشی شۆک و دڵەڕاوکێ دەبێت، چونکە وا هەست دەکرێت بەدەستی ئەنقەست و بە پیلانێکی نەخوازراوی نەزانانە، کار لەسەر ئەم پرسە گرنگەی ژیانی کۆمەڵگە دەکرێت، بەرەو بردنی بۆ دۆزەخێکی نادیار، ئەم وتنەشم، بە بەڵگە و نزیک لە ڕاستی و بەرچاوە.

لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی دووەم، لەمساڵی ٢٠٢١–٢٠٢٢ لە ناو خوێندنگە، دەهاتمە دەرەوە لە دەرگای دووەم نزیک ژوری مامۆستایان، گەنجێک هاتە بەردەمم بەستەیەک وەرەقەی ڕەنگاوڕەنگی بە دەستەوە بوو، وتم فەرموو کاکە وتی مامۆستا ئەم وەرەقانە ئەدەم بە قوتابیان و چەند دانەیەکیش بە دیوار و دەرگای قوتابخانە هەڵدەواسم. وتم، بابزانم تایبەتە بەچی؟ وتی خولی بەهێزکردنی هاوینەیە، پەیمانگەی ئەهلی، وتم نابێ لێرە ئەو ڕیکلامە بڵاو بکرێتەوە، یاسایی نیە، دەبێ ببوری، وتی مامۆستا بۆچی؟ وتم کاکە نابێ دەبێ نوسراوی ڕێگەپێدانت پێدرابێت لەلایەن پەروەردەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ نوسراوێکی پێنەبوو، ناچار قوتابخانەی جێهێشت.

مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم ڕوداوە، ئەوەیە: هەموو قوتابخانە و خوێندنگەکان توشی ئەم جۆرە ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە دەبن،

بەهۆی زۆری پەیمانگە ئەهلیەکان، بۆئەوەی بازاڕی هاوینیان گەرم بکەن و بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێک بڕێک پارە وەربگرن، لەباتی بەشداریکردنیان لەو خولانەی دەکرێنەوە، تا ئەو مامۆستایانەی وانەکان دەڵێنەوە، دەوڵەمەند بکرێن، ئەم دیاردەیە، هێندە زەق و بڵاوە، کاری کردۆتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، دەبێ بپرسین، هەر ئەو مامۆستایانە نین لەکاتی دەوامدا وانە بەو قوتابیانە دەڵێنەوە؟ بێگومان هیچیان لەو وڵاتێکی ترە ناهێنرێن تا دڵنیایی ئەوە بدەن کە لە مامۆستاکانی تر باشترن و جوانتر پرۆسەکە دەگەیەننە قوتابیان و خوێندکاران.

ئەم پرۆسەیە پێویستی بە میکانیزمی زانستی و پلانی وورد و خوێندنەوەی باش هەیە، بۆچی وەزارەتی پەروەردە ڕێوشوێنی گونجاو دانانێت بۆ ئەو پەیمانگایانە؟.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، وەزارەتی ناوخۆ بەبڕیار ڕێگری کرد لە فەرمانبەرانی خۆی، کاری تاکسی بکەن، هەرچەند نەتوانرا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت، بەهۆی دۆخی سەختی ئابوری و لەمپەری دواکەوتن و پاشەکەوتی موچە، ئەگەر ئەم بڕیارە، بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاستەنگی هەبێت، بەهۆی ئەوەی کڕین و خاوەندارێتی ناتوانرێت وەک پێویست ڕێگری لێبکرێت، بەڵام بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە، زۆر ئاسانە و دەتوانرێت کاری پێبکرێت، چونکە ئەو پەیمانگە ئەهلیانەی دەکرێنەوە، پێویستیان بەمۆڵەتە، دەکرێ چەند ڕێو شوێنێکی یاسایی دابنرێت، بۆ ئەو پەیمانگە ئەهلیانە، تاکار لەپرۆسەی پەروەردە نەکات، دەکرێت هەرمامۆستایەک خواستی کردنەوەی پەیمانگەی هەبێت، پێش ئەوە

مۆڵەتی بێموچە لە پەروەردە وەربگرێت، یان واز لە پیشەی مامۆستایی بێنێت و خۆی بۆ کاری بازرگانیەکە تەرخان بکات، هۆکارێکی بەهێز بۆ دواکەوتنی خوێندکار و نەهێنانی نمرەی بەرز، دەگەڕێتەوە، بۆ بوونی ئەو پەیمانگە ئەهلیانە، چونکە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانە دەڵێنەوە، ئەو وانەیەی لە پەیمانگەکە دەیڵێنەوە، لەخوێندنگەکە ئەنجامی نادەن، هۆکار زۆرن، یەکێک لەوانە، گەرمکردنی بازاڕی پەیمانگەکانە.

هۆکارێکی تری لاوازی ئاستی زانستی قوتابیان و خوێندکاران، نەبوونی پڕۆگرامێکی یەکگرتوی خوێندنە، ڕاستە کتێبی پڕۆگرامی خوێندن هەیە، بەڵام مامۆستای وانە بە ئارەزووی دڵی خۆی و بۆ مەبەستی بازرگانیکردن و پەیداکردنی پارە، مەلزەمەیەک دروست دەکات و لە کتێبخانە و پەڕاوگەکان دایدەنێت، تا خوێندکاران بچن بیکڕن، گوایە دەرچونیان مسۆگەرە و نمرەی باش دەهێنن، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی پڕۆگرامی خوێندنە، دەکرێ مامۆستا بابەتەکە پۆخت و کورت بکاتەوە، بۆ قوتابیان، بەڵام نەکرێتە مەلزەمە و بیفرۆشێت، خەڵک هەیە هەزار دۆلاری داوە بە مەلزەمە بۆ منداڵەکانی، چونکە بۆتە چاولێکەری، دڵنیام لەسەر وتنی ئەمڕاستیانە، زۆر لەو هاوڕێ مامۆستایانەی خەریکی ئەم کارەن، لێم زویردەبن، بەڵام نیشتمان و ئایندەی گەل لای من لە هەموو شتە تایبەتییەکان بەرزو بەڕێزترە، دەکرێ وەزارەتی پەروەردە، گوێ لە خواستی دڵسۆزان بگرێت و بە یاساو ڕێنمایی، ئەو هەموو کەلێنانەی لەئایندەدا دەبنە گرفتی گەورە، زوو چارەیان بکات و گوێ لە بەرژەوەندی چەند کەسێکی خۆخوازو بەرژەوەند پەرست

نەگرێت، تا ڕێڕەوی پڕۆسەی پەروەردە بچێتە سەر ڕاستەڕێی خۆی و چاوی ئومێدو هیوا بۆ ئەم سێکتەرە گرنگە بگەڕێتەوە و ئاستی گەشەکردن و پێشخستنی زانست و زانیاری بەجۆرێک بەرزببێتەوە، خەڵک ئاوات بخوازێت منداڵەکانی بێنێتەوە ناو پڕۆسەی خوێندنی نیشتمانی(حکومی)، نەک خەڵک بڕوات بەپارەیەکی زۆر، کە کاریگەری دەخاتە سەر ژیانیان لەڕوی ئابوریەوە، منالّەکانیان لەو پەیمانگە ئەهلیانە بخاتە بەر خوێندن.

گرفتێکی دیکەی پڕۆسەی خوێندن لەم هەرێمەی ئێمە، بونی وانەی تایبەتە، کە ئەمیشیان، بۆتە بەربەستێکی گەورە، بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، ئەوەش هەر بەشێک لەمامۆستایان دروستیان کردوە، بۆ مەبەستی بازرگانیکردن بە خوێندن و پەروەردە، دەکرێ ئەو مامۆستایانەی وانەکان دەڵێنەوە، بناسرێن کە بۆچی لەناو خوێندنگەکەی خۆیان، کە موچە و بژێوی ژیانیانی لەسەرە، وەک پێویست پەیامەکە ناگەیەنن، بەڵام لەوانەی تایبەت دەیگەیەنن؟ وەڵامەکەی دیارە، بۆگیرفان و وەرگرتنی پارەیە، ئەوەی من و زۆر کەس دەیزانین، وێرانەیەک بەهۆی لێنەپرسینەوە، دروست بووە، جورێک جیاوازی چینایەتی دەخولقێنێ، لەنێوان مامۆستایاندا، ئەمیش بە ڕێنمایی و یاسا زۆر بەئاسانی چارە دەکرێت، ئەگەر وەزارەت خومخۆرانە و بێ سڵەمینەوە، کاری لەسەر بکات، چاوەڕێی هەنگاوە ئەرێنییەکانین، بۆ دوورخستنەوەی پڕۆسەی پەروەردە، لەو بازرگانییە قێزەونەی خەریکە جوانیەکانی ژیان دەشێوێنێ، بە ئومێدی بیستنی ئەم زەنگە لەلایەن دڵسۆزانەوە.

# پەروەردە و گرنگینەدان بەزمانی دایک

ئەوەی بۆتە جێی سەرنجی زۆربەی دڵسۆزانی زمانی کوردی و ڕۆشنبیران بەگشتی، ڕۆژانە لەم هەرێمەی ئێمە دەرگیری کێشەیەکی گەورەی نەتەوەیی دەبینەوە، ئەویش بەریەککەوتنی خەڵکی بیانییە، واتە ئەوکەسانەی لە نەتەوەی کورد نین و زمانی دایکیان بێگانەیە بە ئێمە، ئەمە کارێکی ئاساییە و هەموو میوانێک پێویستە ڕێزی لێبگیرێت، من لە وتارێکیترمدا، لەڕابردوودا باسی ئەوەم کردووە کە گومان دەخرێتە سەر کەسێتی تاکی کورد، بۆچی خۆی و زمانەکەی بەکەمدەزانێت، لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی بیانی، زمانی ئەوانیش نەزانێت، خۆی سەغڵەت دەکات تا بەچەند وشەیەکی سەروملخواری ئەوزمانە تێی بگەیەنێ، لێرەمەبەستم توانج نیە بۆ زمانە بیانییەکە، ئەوەندەی مەبەستم کەسە کوردەکەیە، بەسەرهاتێک دەگێڕمەوە کە ڕێک ئەو لایەنە دەردەخات، ئاخۆ بۆچی ئەوەی بیانین و دێنە کوردستان فێری کوردی نابن ؟ بەهۆی کارەکەم کە هەماهەنگکاری پەروەردەی سلێمانی بووم لەگەڵ پەروەردەی حکومەتی ناوەند، لەشوێنی کارەکەم دەبوایە من بە عارەبی بدوێم لەگەڵیان، چونکە ئەوان زۆرتربوون و کارەکەی منیش ئەوەبوو هاوکار و کارئاسانیان بم، لەناو ئەو کەسانەی ڕۆژانە بەریاندەکەوتم، هیچ کامیان کوردی نەدەزانی، کەلێم دەپرسین، چەند ساڵە لەم شارەن؟ تیایدا بوو چواردە ساڵ و زیاتریش، من تووشی سەرسوڕمان دەبووم، دەمپرسی چۆن و لەبەرچی تائێستا فێری کوردی نەبوون؟ ئەوان وەڵامیان بۆ من پێبوو، دەیانووت ئاخر لێرە کەس بەکوردی

قسەمان لەگەڵ ناکات، ئەو وەڵامە بۆمن باوەڕپێهێنەر بوو، چونکە ڕۆژانە دەبینم لە بازاڕدا،کاتێ بیانییەک دەچێتە دوکانێک کەلوپەل و پێداویستی بکڕێت، فرۆشیارەکە وەک دەڵێن، فڕی بەو زمانەوە نیە، کەچی هەر دەیەوێ تێی بگەیەنێت، ئەوە هۆکارێکە کە خەڵکانی میوان و بیانی فێری کوردی نابن. زمان بنچینە و ماک و هێزی سەلمێنەری نەتەوەییە، هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت بەبێ زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەیی هەڵبگرێت، زمانی کوردی وەک زمانێکی دانپێدانراوی جیهانی بوونی هەیە و ناسراوە، بەڵام بۆپێشخستن و ناساندن و بەردەوامبوونی دەکەوێتە سەر نەتەوەی کورد خۆی، لێرە بۆ زیاتر ئاشنابوون و ناسینی زمانەکان و چۆنێتی بایەخ و گرنگیدان بەزمانی دایک، لەجیهاندا ئامار و داتایەکی زمانەکانی جیهان دەخەمەڕوو، بەپێی نەخشە و وێنە و هێڵ کە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) بڵاویکردۆتەوە، بۆ تێگەیشتن و زانین و هەمە جۆری زمانەکان لە جیهاندا، ڕۆژنامەکە دەنوسێت، هەندێ کیشوەر زمانی زۆرتری تیایە لە هەندێ کیشوەریتر، بەشێوەیەکی گشتی (٧١٠٢) زمانی زیندوو لەجیهاندا بوونیان هەیە، بەمشێوەیە:

(٢٣٠١) زمان لە کیشوەری ئاسیادان (٢١٣٨) زمانیش لەکیشوەری ئەفەریقادان (١٣١٣) لە ناوچەی زەریای هێمندان (١٠٦٤) زمان لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکا بوونیان هەیە.

من دەپرسم، لەهەموو ئەو کیشوەر و وڵاتانەی ئەم زمانانەی بەسەردا دابەشبووە، کام وڵات و کام نەتەوە، هێندەی گەلی کورد خەمسارد و بێباکە بەرامبەر زمانەکەی؟

من لەجیاتی خۆم و بەپێی ئەزموون و دنیابینیم، وەڵامدەدەمەوە، بەڵێ کەس لە ئێمە بێباکترنیە بەرامبەر بەزمانەکەی خۆی.

لێرەدا داتایەکی سەیر و ئامارێکی سەرسوڕهێنەرتان بۆدەنوسم، کە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ئیدارە سەربەخۆکانەوە، (٨٤) قوتابخانە و خوێندنگەی حکومەتی ناوەند بوونیان هەیە، کەژمارەی قوتابی و خوێندکارەکانیان(٣٨)هەزار قوتابی و خوێندکارە، بەدڵنیایی لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک زۆر لەمە زیاترە، ئەمە جگە لە قوتابخانە ئەهلیەکان، کە زمانی کوردی وەک پێویست هەر بەکارناهێنن، مەگەر کەسانی دڵسۆز خۆبەخشانە ئەو کارەبکەن. ئینجا دەکرێ بپرسین، ئەم هەموو منالە عەرەب و کەسوکارەکانیان لەهەرێمی کوردستان دەژین، بەلام ئەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چ کارو بەرنامە و ڕێسا و یاسەیەکی بۆ ئەمانە داناوە، سەبارەت بە زمانی کوردی؟ بێگومان هیچ!

ئاخر دەکرا تەنها وانەیەکی کوردی بخوێنرایە و بۆ هەر قوتابخانەیەک مامۆستایەکی کورد وانەی بوتایەوە، ئەمە نەکفر ئەبوو نە بە دەریش ئەبوو لەیاساو دەستووری عیراقی، بۆنەکرا ؟ لە لایەکیتر لەم هەرێمەی ئێمە سەدان خوێندنگەی ئەهلی بیانی کراونەتەوە، چیکراوە بۆئەوەی بکرێتە ئەرک کە پێویستە هەموویان زمانی کوردی بخوێنن؟ وایلێهاتووە خەڵکی کورد، واز لە زمانی دایک دەهێنێت و منالەکانی دەخاتە ناو قوتابخانە و خوێندنگەی بیانی و شانازیش دەکات کە کوردی نازانێ، جا بە فیزێکی بێ هەستی و لەخۆبایی دەڵێ: منالەکەم کوردی نازانێت

بنوسێت، ئەتوانی بەئینگلیزی قسەی لەگەڵ بکەی؟ ئەمە ڕسوا بوون و نەفرەتکردن نەبێت لەخۆی وزمانەکەی چییە؟ **(جاک کیرۆک) هەست بە مەترسی لەناوچوونی زمانی دایک دەکات و دەڵێ: (چونکە ناتوانم بەزمانی دایکی خۆم بنوسم، ئیتر من وولاتێکی خۆمم نیە، نیگەرانم بەم بێماڵی و حاڵیە ترسناکە بۆ هەموو فەڕەنسیە کەنەدییەکانی دەرەوەی وولات لەئەمەریکا).** ئەوە دەرخەری ئەو گرفتە گەورەیەیە، کە دەرگیری زمانی شیرینی کوردی هاتووە، من ئەوە دەزانم کە زۆر دڵسۆز و خەمخۆرانی ئەم زمانە، هاواردەکەن و کەس گوێمانلێناگرێت. هەموو جیهان بگەڕێ، هیچ شوێنێک نیە کە چوویتە ئەوێ، فێربوونی زمانەکەیانت لەسەر پێویست نەکەن، تەنانەت ناتوانی هیچ کارێک بکەی بێ فێربوونی زمانەکەیان، جگە لەم هەرێمەی ئێمە نەبێت، کەس لەکەسە، کە جێیداخە. کاتی ئەوە هاتووە، بێدەنگ نەبین و هاوارەکانمان بۆ مانەوەی زمانەکەمان و ڕێگریکردن لەو وەیشومە ترسناکەی خەمساردیەمان، بکەین بەیەک و بڕیاربدەین بۆ بەرقەراربوون و ڕزگاربوونی زمانی دایکمان کەکوردییە، داوالە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەم، بەهانای ئەم داوایەمانەوە بێن و یاسایەک دابنێن بۆپاراستنی زمانی کوردی.

## پەروەردە، ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە

پێشکەوتن، بەمانا لۆجیکیەکەی واتە، تێپەڕاندن و بەردەوام بوون، یان هەنگاونان بۆ دەرچوون لەدۆخێکی خراپ و وەستاو، بۆ قۆناغێکی باشترو گەشاوەتر و پێشکەوتووتر.

هەرکایە و لایەنێک بگری و بەپێوەرە زانستیەکان، هەڵسەنگاندنت بۆئەنجامدا، ئەنجامەکەی ئەوە دەرئەخات، تاچەند توانراوە، گۆڕانکاری بەپێی پلان و بەرنامەی زانستی بەئەنجام بگات، ئەم هەڵسەنگاندنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە وولاتێکەوە، بۆ وولاتێکیتر، جیاوازە بەپێی ئەو نەخشە و سیستەم و یاسایانە، ئاستی زۆری و کەمی و باشی و خراپی ئەو گۆڕانکاریە، دەردەخات.

دنیای شارستانی وپێشکەوتن، وابەستە وگرێدراوی پەروەردەیە، هیچ وولاتێک گەشەناکات و پێشناکەوێت، تا خەمی پەروەردە و فێربوون نەکاتە، ئامانجی یەکەم، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو وانانەی کە بایەخی پەروەردە و گرنگیپێدانی شادیکردوون بە سەرفرازی و لوتکەی پێشکەوتن و ژیانی شایستە.

هەر نەتەوەومیللەتێک ڕووە و ئاسۆهەنگاوینا، هیج گومانێک نامێنیت، بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاکام.

وەک (نەک براون) دەڵێ: (بۆ مانگ برۆ و هەنگاو بنێ، ئەگەر شکستت هێنا، لە نێو ئەستێرەکاندا دەنیشیتەوە) ئەم وتەیە ئاماژەیەکی ڕاست و ڕوون و ڕەوانە، کاتێ مرۆڤ بە پلان و بەرنامە

و هیواوە، کاربکات و هەنگاوبنێ، بە خواستەکەی دەگات، (ع ح ب) شاعیری کورد بۆ ئەم مەبەستە، دێڕێکی جوانی هەیە دەڵێ :

هەر کاروانێ، بۆپڕشنگی خۆر بڕوانێ

کەم بن یان زۆر، لەئەنجاما ئەگەنە خۆر

کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکان، لەئێستادا وەک کۆمەڵگاکانی سەدەی شانزەو حەڤدەی ئەوروپا وان، کە خۆیان وابەستەی پەروەردەی کۆن و دواکەوتووکردوە، بۆیە تا ئەو دۆخە نەگۆڕن و ئاراستەکەیان ڕووەوهاوچەرخ بوون نەکەن، هەربەوجۆرە دەمێننەوە، هیچ شتێک لەچاوەڕوانی بێ کرداردا نایەتە بەر دەستت، بۆیە(بیل کۆسبی)دەڵێ:( چاوەڕێی ئەو دەرفەتە نائاساییە مەکە بێتە لات، بەڵکو دەرفەتە ئاساییەکان وەربگرە وگەورەیان بکە).

بۆساڵی ٢٠٢٣ لەپۆلێنکردنی دە دەوڵەتی جیهان کە ئاستی پلەبەندیان بۆ گەشە کردن و پێشکەوتوویی بواری پەروەردەو فێربوون، لەلایەن زانکۆی(سێنتراڵ کوینتیکت)ی ئەمریکی ئەنجامدراوە، ڕیزبەندیەکە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

- کۆریای باشوور پلەی یەکەمی گرتووە
- ژاپۆن پلەی دووەمی پێدراوە
- سەنگافورا لە پلەی سێیەمدایە
- هۆنک کۆنگ پلەی چوارەم
- فینلەندا پلەی پێنجەمی گرتوە

- **وولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە پلەی شەشەمدایە**
- **کەنەدا پلەی حەوتەمی گرتووە**
- **هۆڵەنداش کەوتۆتە پلەی هەشتەم**
- **ئێرلەندا لە پلەی نۆهەمدایە**
- **پۆڵەندا دوا پلەی پێدراوە کە ژمارەی دەهەمە**

**ئەم پۆلێنکردنە بۆ ئەو وولاَتانەیە کە گرنگی زۆر بە پەروەردە وفێربوون ئەدەن، ئەم وولاَتانەی لەمەڕ خۆمان ناچنە ناو چوارجێوەی ئەم پۆلێنانە، چونکە لێرە ئەوەی جێناگرێ و نابێتە جێی سەرنج وبایەخی پێنادری، رەخنەو پێشنیاری زانستییە، بەلاَم ئەو وولاَتانەی دەچنە پلەبەندی و پۆلێنبەندی گرنگی زۆر بە پیسنیاروڕەخنە دەدەن و کاری لەسەردەکەن بۆ گەشەسەندن و ڕەخساندنی دەرفەتی باشترتا دەگەن بەوەی مەبەستیانە، کە پەروەردەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرنە، لە پێناوشادبوون بە خۆشنوودیی و دادپەروەری.**

**کاتێ گویی خۆمان لەئاستی ڕەخنە بئاخنین، هیچ هەڵوێستێکمان نەبێت، دەگەین بەوەی کە ئێستایە و ناومان ناچیتە ناو کولەکەی تەڕیش، بۆ ئەم حاڵەتە وتەیەکی (ئەلبێرت هابارد) دەهێنمەوە، کە دەڵێت:**

**(بۆ ئەوەی لە ڕەخنە دوور بکەویتەوە، هیچ مەکە، هیچ مەڵێ و هیچ نەبیت).**

**بەو هیوایەم ئێمە شت بین ئەویش کاتێک کە شت بکەین و شت بڵێین، بەلاَم کەی و چۆن و بەچی دەگەین بەو ئامانجە بەرزە؟**

دڵنیام هەرکات ئەوەمان کرد وئەنجامماندا، لەخەم دەرەخسێین وشاد دەبین بەو خەونەی لە ئێستادا لامان مەحاڵە.

## یەکێتی مامۆستایان، لەنێوان پاشکۆیەتی وسەربەخۆییدا

مەبەست لە ڕێکخراوی پیشەیی، کۆکردنەوە و یەکخستنی تواناکان و بەگەڕخستنیانە، بە مەبەستی ئامانجی گەورە و دیاریکردنی ستراتیژێکی گونجاو بەڕێگەیەکی دیمۆکراسیانە، یان کۆکردنەوەی چەندکەسێک کە نزیکبن لە بیروڕا، یان توێژێک تا بتوانن ئامانجەکانیان دیاریبکەن و ببنە هێزێکی فشار بۆ ئەو ئامانجە دیاریکراوانەی مەبەستە بەدیبێن کە لەناو چوارچێوەیەکی پەیڕەویدا ئەرک و ئامانجەکان دیاری دەکرێن.

ئەو ڕێکخراوانە پێکهاتەی کۆمەڵگەن، شێواز و جۆرەکانیان بەپێی پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان و کارکردنیان جیاوازە، ڕێکخراوی پیشەیی لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکیتر، شێواز و پێکهاتە و پەیڕەوەکانیان، دەگۆڕێن، لەو وولاتانەی دیمۆکراسیەت و دادوەری هەنگاوی گەورەی بڕیوە، هەلومەرج و دۆخی ڕێکخواوەیی باشتر دەڕەخسێت و زووتر ئامانجەکانیان بەدیدێنن.

بەلام لەکۆمەڵگە دواکەووتوەکان و وابەستەییەکان، هیچ لەو ئامانجانە نەک هەر بەدینایەن، بگرە ئەو ڕێکخراوانە خۆیان دەبنە لەمپەری خۆیان، چونکە پەلی حیزب دەگرن بۆ ناو خۆیان، یان حیزبەکان دایان دەمەزرێنن، بەدڵی خۆیان هەیکەلی ڕێکخراوەکە دادەنێن، لەبەر ئەوەیە هیچ کات نابنە هێزی فشار بۆ مەبەست و ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەوەی بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەو دوو جۆرە لەڕێکخراوەکان، لەو شوێن و پێگە و جوگرافیانەی دیمۆکراسیانە و شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەکەن،

چەند فاکتەرێکی بەهێزبوونیان هەیە لە گەیشتنی ئەورێکخراوانەی لە وولاتە پێشکەوتووەکاندان، کە لەم دوو خاڵەدا کورت دەکەمەوە:

**١- سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانە، واتە لەژێر چەتری هیچ ئایدۆلۆژیەکدا نین، بەپێی ئەو پلان و بەرنامەیە کاردەکەن کە کۆیکردونەتەوە.**

**٢- لەمپەر و ڕێگریەکانی بەردەم ئەو ڕێکخراوانە کەمن یان هەرنین، بەپێی یاسا و دەستور وا ڕێکخراوون، ببنە بەشێک لە هاوکار و پشتیوانی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە.**

هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، لە کۆمەلگە ڕۆژهەلاتیەکان بەگشتی و لەم هەرێمەی خۆمان بەتایبەتتر، هەر بە ناو شارستانیین، لەڕاستیدا، پاشکۆی حیزبەکانن، ئەم ڕاستیە بۆ هەموو ڕێکخراوەکان گونجاوە و پشتڕاست دەکرێتەوە.

ئەوەی مەبەستمە لێی بدوێم، ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، ئەم ڕێکخراوە لە ١٥-٥-١٩٦٢ دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە بەکۆمەڵێ دۆخ و هەلومەرجی سەختدا ڕۆیشتوە، ناکرێ ڕۆڵ و بایەخ و خزمەتەکانی ئەو مامۆستا، بە ئەزموونانە فەرامۆشبکرین، کە لە سەرەتاکانەوە بێ هیچ مەبەستێکی خراپ و ئامانجی کەسیان ڕۆڵی باشیان گێڕاوە لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا، بەڵام هەلومەرجی کوردستان و ئەو دۆخە سیاسیەی تێیدابووە، کاروخزمەت و ئامانجەکانی ئەو خەمخۆرانەی کارکەنارخستوە و ئەوانیشی بێهیوا هێشتۆتەوە، لێرەوە، سەری

ڕێز و وەفا بۆ ئەوەنە دادەنەوێنم، کە بەدڵسۆزانە و خەمخۆرانە، خواستیان خزمەتکردنی مامۆستایان و زمانی شیرینی کوردی بووە.

دوای (٦١) ساڵ لەدامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەبێ بەچاوی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لەو کەمتەرخەمیانەی بەرچاومان دەکەون و دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکان، هەست بە شێواوی و ترازان و دوورکەوتنەوە لە ئامانج و بوون بە ژێرەوەی خزمەتەکان و لەدەستدانی سەربەخۆیی کارکردن و دابەشبوون و بوون بە پاشکۆی حیزبەکان، لەئامانج و سەرەتاکانی خەونی دروستبوونەکەی دووریخستۆتەوە.

تائێستا ئەو ڕێکخراوە، دوانزە کۆنگرەی بەستوە، بەهۆی دابەشبوونی کارگێڕی و بوون بە دوو زۆنی هەرێمی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانیش، دابەش بوو، بۆ دوو زۆن، هەر کە هەرێمی کوردستان بەناو یەکیگرتەوە، ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێکخراوەش یەکیگرتەوە.

یەکێتی مامۆستایان، پێویستە ببێتە هەوێنی دروستکردنی ئاراستە و فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ و مۆدێرن، دەبێ بپرسین، تاچەند بۆتە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە؟

ئایا ئەم ڕێکخراوە، تاچەند بۆتە هێزی فشار بۆ دەسەڵات، لەپێناو ئامانجاکانی توێژی مامۆستایان و باشترکردنی پەروەردە؟

دەبوایە یەکێتی مامۆستایان خەباتی بۆ دوورخستنەوەی ئایدۆلۆژیای تەسکی حیزب بکردایە لەناو پرۆسەی خوێندن، نەک خۆشی ببێتە بەشێک لەو ئەجێندا خراپە و پەروەردە وێران بکات.

**ساڵی ١٩٦٠ عەبدوڵا گۆرانی شاعیر، بۆ کۆنفرانسی دووەمی مامۆستایانی کورد، لەشەقڵاوا، بەجوانی خواستی مامۆستایان، دەخاتەڕوو، دەڵێ:**

**مامۆستایان ئەیانەوێ**
**هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ**
**ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆش کەن**
**زمانمان بە کوردی گۆش کەن**
**ئێمەیش شوێن کەوتووی کاروانین**
**هەم خانەخوێین، هەم میوانین.**

لەم ڕۆژانەدا، حیزبەکان نوێنەری خۆیان لەناو حیزبەکانیان دیاریکردوە، بەمەبەستی خۆخزاندنە ناو مامۆستایان، تا دەستبخەنە ناو هەڵبژاردنی ئەو ڕێکخراوەوە، بەمەبەستی ئەوەی زۆرترین نوێنەری خۆیان دابنێن، جا ڕێکخراوێک بەمجۆرە کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە بارەگای حیزبەکان، کام ئومێد و هیوای لەسەر هەڵدەچنرێت بۆ پرۆسەی پەروەردە و توێژی مامۆستایان؟

بۆدڵنیابوون لە باشکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەوتی کار و ئەرکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەوەی گرنگە بکرێت، دوورخستنەوەی دەستی حیزبەکانە لەو ڕێکخراوە و بەپیشەیی بوونیەتی، نەک پشکپشکێنەی لایەنەکان.

## پەروەردە، زەنگیک لە یادی ڕاپەڕیندا

ئەمڕۆژانە یادی ڕۆژە پڕشکۆکان و سەروەرییەکانی گەلەکەمانە لەباشوری نیشتیمان، بیرەوەری خۆش بۆ هەستی پڕ جۆشوخرۆشی گەلەکەمان، کە بەگژداگیرکاری و ستەمی زۆرداریدا وەستایەوە ئەویش بە ڕاپەڕین و وەدەرنانی دوژمن لەم پارچەیەی کوردستان کۆتایی هات.

لەیادی ڕاپەڕیندا هەمووومان ئاگامان لەهەستە پڕحەماسی و تورەییەکانی خەڵکە کە چۆن خەون و خواستەکانیان لەباربراوەوکەتونەتە دەریای بێ بنی بێ ئاگایی و خۆخوازیەتی چەند کەس و بنەماڵەیەک، کۆی پرۆسەی ژیان لەدوای ڕاپەڕین ئەوەندە بە ئاقاری خراپدا براوە خەریکە مرۆڤ دەگاتە ئاستی شەرمکردن لەباسکردنی.

کۆی سێکتەر و بوارەجیاوازەکان توشی شکست و پاشەکشە هاتوون لە ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ژینگەیی و پەروەردەیی.

لەمجارەدا باس لەمەترسیەکانی پەروەردە دەکەم دوای سی و دوو ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر ڕاپەڕیندا، ئەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرین کە خەڵک لەسەر پەروەردە هەیانە و دەڵێن: بۆچی ئاستی ئەو کەسانەی لە پێش ڕاپەڕین قوتابی و خوێندکار بوون ئاستی زانستی و پەروەردەییان باشترە لە نەوەی دوای ڕاپەڕین؟

هەموو مرۆڤێک لە خۆیەوە دەبێ لەو پرسیارە بنوارێ وولآمەکە لای ئەوان بەرجەستەترە چونکە ڕوونە ئەوان چۆنن و ئەوانەی ئێستا بڕوانامەیان هەیە ئاستیان چۆنە؟

وەڵامەکەی دیارە کە ئەوکات ئاست باشتر بووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ من بەرگری لە ڕژێمی بەعسی داگیرکاربکەم بڕوات و ئەولاترچێ، مەبەست لەو خەمەیە کە من و سەدانی وەک من هەمانە لەمەڕ خەمی نیشتیمان بۆنەوەکانی داهاتوو زمان و مێژو کەلتوری نەتەوەکەمان جاران خوێندن، ئەرک بوو تا لەڕێگەیەوە زانین و فێربوون ببنە شورای پاراستنی نیشتیمان، دەکرا لەو ڕێگەیەوە خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و جوانیەکانی خاک و خەڵک ببینین.

**ئەحمەد موختاربەگی جاف زۆر بەجوانی وبەباشی بەهەموو منالآنی کوردی ئەوت:**

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**

**هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە**

ئەو شیعرە لەسەردەمێکدا وتراوە کە شاعیر لە بڕوابونی تەواوەتی خۆی بە خوێندن سەرچاوەی گرتوە، بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئاراستەکراوە و هانی نەوەکانی گەلی کورد ئەدات بۆڕزگاری و شادبون بە سەربەخۆیی تاکە ڕێگە هەر خوێندنە چونکە دەبێتە قەڵغان و سوپەر لە ڕووی دوژمنان و ناحەزانی نەتەوەکەمان.

ئەگەر چاوێک بگێڕینەوە  بۆ سەرەتاکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین، جۆشوخرۆشی کوردایەتی و ڕوانین بۆ ئاسۆیەکی گەشتر لەوەی کە ئەم گەلە لەژێر جەوروستەمی بەعسی دوژمندا بیتەدەر و هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژێ خەڵک وەها سەرگەرمی خۆشنودی ببوو چاوی لە هەموو خراپیەکانی شۆڕش داخست و خۆی لەگەڵ دۆخەکە ڕاهێنا تا سێ دەیەی تێپەڕاند.

ڕاپەڕین و شۆڕش  هەمیشە  بۆ گۆڕانکاری و باشترکردنی  ژیانە بەڵام شۆڕش و ڕاپەڕین پێویستی بە فکروپلان  و بەرنامەڕێژی زانستی هاوچەرخ  هەیە، لەو بارەوە(**ئیما گۆڵدمان) دەڵێت: (هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بەبێ  شۆڕش ڕوو نادات، شۆڕش تەنها بیرۆکەیەکە کە کراوە بە کردار).**

بۆیە دەکرێ لەم وتەیەوە گومان بخرێتە سەر ڕاپەڕین کە ئایا بیرۆکەکەی بۆ ئەم ئەنجامە بوو کە ئێستا  هەیە؟

هەمووخەڵک و دنیاش ئەزانن ئەم ئەزموونەی دوای ڕاپەڕین چ ئاراستەیەکی  خراپی  وەرگرتوە بەڵام ئەم دەسەڵاتە مێش میوانی نیە و گوێ بە هیچ نادات.

سەبارەت بە پەروەردە سەرەتاکانی بە خراپی دەستی پێکرد و لە ڕێگە ڕاستەکە لایدا بەوەی نەتوانرا دامەزراوەکانی پەروەردە بپارێزرێت، ئەوانیش وەک شوێنەکانیتر بەر شاڵاوی  پەلاماردان و سوتان و وێرانبوون کەوتن، دوای ئەوە، زۆربەی قوتابخانەکان کرانە باراگای حیزبەکان، ئەتوانم ئەوە بڵێم لەو کاتەوە حیزب خۆی خزاندە ناو پەروەردەوە و تا ئەم چرکە ساتەی نوسینی ئەم

وتاره بۆته گرفتێکی گەورەی پرۆسەی پەروەردە بەڵام لەئێستادا زۆر بە چڕی و خراپترکاریب تێدا دەکات.

لەو سەر و بەندانەدا حیزبەکان هاتن ناوی قوتابخانە و خوێندنگەکانیان بەناوی شەهیدەکان و سەرکردەکان ناونا، دڵنیام لەوەی شەهیدان شایستەی ئەوەن ناویان بەبەرزی و ڕێز ڕابگیرێت و ئەوان باشترینەکانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلەن، ئەکرێ زۆر بایەخیان پێبدرێ بەوەی مۆزەخانەی تایبەت بەئەوان بکرێتەوە و وینە و ژیاننامەیان بپارێزرێت و ژیانی شایستە بۆ کەسوکاریان دابینبکرێت، نەک ناوی قوتابخانە و خوێندنگەیان بەناوەوە بکرێت پەروەردە پێویستە لەهەستی منداڵانەوە لێی بڕوانرێت نمونەیەک باسدەکەم کە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە چ کاریگەریەکی دەروونی خراپ لای منداڵ جێدەهێڵێت.

**لە یەکێک لەو قوتابخانانەی بەناوی شەهیدێکەوە ناونراوە منداڵەکە لە باوکی دەپرسێت: باوکە شەهید چیە؟ باوکەکە دەڵێ: ئەو کەسەیە خۆی بەکوشت دەدا بۆ گەل و نیشتیمانەکەی منداڵەکە دەڵێ: کەواتە ئەو کەسە مردوە؟ باوکی دەڵێ بەڵێ وایە باوکەکە هەستی بە نامۆیی منداڵەکەی کردوە، هەرجارێک ناوی قوتابخانەکەی بهێنرایا ترس و دڵەڕاوکێ منداڵەکەی داگیردەکرد.**

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت پەروەردە ناکرێت تێکەڵ بە هیچ کایەیەکیتر بکرێت.

پەروەردە بۆ ئامانجی گەورەی پەروەردەیی هیچ ئامانجێکی بەدی نەهێناوە زۆر جار باسی دەستی حیزبەکان دەکرێت لەناو

پەروەردەدا، لە ئێستادا وەک سەراتاکانی ڕاپەڕین پەروەردە زۆر خراپتر ئاراستە دەکرێت.

لە هەموو پەروەردەکان و قوتابخانە و خوێندنگەکانی کوردستان ژمارە وەربگرین زۆربەی بەڕێوەبەرەکان سەربەحیزبە دەسەڵاتدارەکانن.

ئەوە دەرخەری ئەوەیە پەروەردە لەسەر بنەما و بنچینەیەکی پتەو داڕێژراو دانەنراوە لەماوەی ئەم سی و دوو ساڵەدا، پەروەردە لە دەستی حیزبەکاندا خراوەتە تونێلێکی تاریک وەک توونی بابا و خەریکە ئومێد و هیواکان دەخنکێنرێن.

وتارەکەم بە وتەیەکی(**عەلی عیزەت بیکۆڤیچ**) **کۆتایی پێدەهێنم کە دەڵێت:(شۆڕش لەگەڵ فیکردا بناغەکانی گۆڕانکاری پێکدەهێنێت، بەڵام سامان بەبێ هزر و ێرانکارییەکی دڵنیایە).**

## پەروەردە ومتمانە بە خۆبوون

زۆر جار ئاماژە بە گرنگی و ڕۆڵی پەروەردە کراوە، تەنانەت بە سەرچاوەی هەموو ئاراستەکان دادەنریت. هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕەوتی شارستانی و ژیاریی لە پێشەوە بیت، بێ چەند و چون بۆ گرنگیدانی ڕۆڵی پەروەردە دەیگێڕننەوە، بە پێچەوانەشەوە کاتێ کۆمەڵگە لە دواوە بێت و دوور بیت لە ژیانی شارستانی و ژیاری، ئەوە یەکسەر دەڵێن گرنگی نەدراوە بە پەروەردەکەی، لەم ناساندنە کورتەی پەروەردە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر پەروەردەیە ژیانی شایستە بەدیدێنێت، بە ڕۆڵپێنەدانیشی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی پڕ لە نەخۆشی و ناخۆشی بەرهەمدێنێت.

بێینە سەر بابەتەکەمان کە متمانە بەخۆکردنە، لە سەرەتادا ئاماژەمان بە بایەخی پەروەردەکرد لە هەموو کایەکانی ژیاندا، دەبێ لە سەر دروستکردنی متمانە بەخۆکردن، پەروەردە ڕۆڵی چیبیت؟ بێگومان لەم بوارەشدا کاریگەری زۆر گەورە دەبینێت.

متمانە بەخۆبوون، بەواتای مرۆڤ هەست بە بەهێزی خۆی بکات و بڕوای وابێت ئەوکار و ئەرکەی پێی دەسپێرن یان خۆی ئەنجامی دەدات سەرکەوتوو دەبێت، یان کاتێک توشی گرفتیکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ڕوو بە ڕووی دەوەستێت و لاواز و دەستەوسان دانانیشێت، خۆی ڕادەستی بڕواو و نەستی قەدەرێکی وێڵ ناکات، بەڵکو بە بیرکردنەوە و پلانی وورد و بڕوابوون بە تواناکانی بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو گرفتەدا

هەنگاو دەنێت، لە ئەنجامدا زاڵدەبێت بەسەر ئەو تەنگژە و سەختیەدا.

بڕوا بە خۆبوون زۆرجار مرۆڤ فێری دەبیت، یان پرۆسەی فێربوون لە ناو سیستمی پەروەردەدا دەبێتە فاکتەری هەوێنی ئەو متمانەیە لەناخی هەر تاکێکدا.

هەر بۆیە گرنگە پەروەردە کار لەسەر دروستبوونی ئەو متمانەیە بکات، پێویستە لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن به ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی چیرۆک و شیعر و بەسەرهاتەکانەوە، مناڵان بەو شێوازە پەروەردە بکرێن، بەو هۆیە دەبنە تاکێکی خاوەن ئیرادە و متمانە و بڕوا بەخۆبوونیان لێدەردەچێت.

دیارە ئەوەی گرنگ و پێویستە بۆ مناڵ دابینبکرێت، بۆ هێنانەدی متمانە بەخۆبوون کەشێکی ئارام و گونجاوە، بە تایبەت لەناو ژینگەی قوتابخانە و خوێندنگە، **لەمبارەوە (ماجد عرسان گەیلانی) وتویێتی (منداڵێک کە لە کەشێکی ئاسایشدا دەژی، فێری متمانە بەخۆبوون دەبێت).**

**جا ئەم کەشە پڕ ئارام و ئاسایشە جۆن دروست دەبێت؟**

بەر لەوەی مناڵ بێتە قوتابخانە و خوێندنگە، ژینگەی ماڵ دەبیتە یەکەم بەریەککەوتنی ئەو مرۆڤە لەگەڵ کەشێک کە دەکرێ بکرێتە سەرچاوەی بەهێز کردن و ئاراستەکردنێکی دروست لەگەڵ دەروونی ئەو مناڵە، تەنانەت زۆرجار مناڵان لە ناوژینگەی ماڵاکانیان، یان ئەو گیانە بەرزە دروست دەکەن کە مناڵەکە متمانەی بەخۆی هەبێ،

یان بەپێچەوانەوە ئەبێتە کەسێکی لاواز کە ترس و بێبڕوایی جێگەی متمانە بەخۆبوون بگرێتەوە.

بۆدەرچوون لەو مۆتەکەی لاوازیەی منالّ، دایکان و باوکان ئەرکی گرنگیان لەسەر شانە کە لەناومالّدا کەشێکی پڕ لە ئارامی و ئاشتی بۆ دروست بکەن، ئەوەش بە هاندانی منالّ بۆ زالّ بوون بەسەرگرفت و ئاریشەکاندا، دەکرێ هەر لەڕێگەی یاریکردن و هەندێ کەلوپەلی منالّەکە ئەوڕێگە دروستە بگرنەبەر و پەیڕەویبکەن.

کەش و ژینگەی قوتابخانە و خوێندنگە شوێنێکیترە بۆ ئەوەی گیانی متمانە بەخۆبوون دروست بکرێت، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی کەشێکی ئارامی وا کە منالّان هەست بەئاسودەیی دەروون بکەن، لە ڕێگەی فەلسەفەیەکی دروستی پەروەردەیی هاوچەرخ، لەسەر بنەمای خۆشەویستی نێوان مامۆستا و قوتابی و خوێندکار.

هەوڵبدرێت وابکرێ لە ناخی تاکدا متمانە هەمیشە بوونی هەبێت و لێی دانەبڕێت، چونکە کاتێ متمانە بارگەی لە ناخی کەسێکدا پێچایەوە، بە ئاسانی نایەتەوە بۆ مالّی چۆڵکراوی هەستە تۆراوەکە، لەو کاتەدا مرۆڤ بڕوات باشترە، ئەگەری گەڕانەوەی هەیە بەلاّم متمانە ئەگەرێکی قورسە بگەڕێتەوە، **بۆ ئەم دۆخە(شکسپیر) نوسەری ناودار دەڵێت:(ڕۆیشتنی متمانە، قورسترە لە ڕۆیشتنی کەسەکان).**

**متمانە دروستکردن پێویستی بە بنەمای پلانی داڕێژراوی پەروەردەیی و زانستی هەیە، چونکە ئەگەر وانەبێت، لەوانەیە ئەو کەسە مرۆڤێکی دەرچوو لەداب ونەریت و یاسا دەربچێت، لەو کاتەدا لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەبێتە کەسێکی خۆبەزلزان و پڕکێشە بۆ کۆمەڵگەکەی، متمانە بە خۆبوون بە مانای خۆبەزلزانین نییە، بەڵکو متمانە بە خۆبوون تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوانی دیکە بچووک نەبینێت، ئازایەتی و جوامێریە، هەروەک (وەیندایرئیمێرسۆن) دەڵێت:(متمانە بە خۆبوون گیانی قارەمانێتییە).**

**متمانەبەخۆبوون پرسێکی گرنگ و هەستیارە، پێویستە بە وریایی و ئاگایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانی باشی لەسەر دابنێ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی لە پڕۆگرامەکانی خوێندن جێی بکرێتەوە و خولی تایبەت بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بکرێتەوە، تا ڕێنمایی و وانەی گرنگ لە خولەکاندا پێشکەش بکرێن، دەبێ،کەسانی زۆر شارەزا و لێهاتووی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی وانەکان بڵێنەوە، ئەوانیش لە قوتابخانەوخوێندنگەکانیان پەیڕەوی بکەن، لەپێناو ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ دروستکردنی تاکی بەهێز و باوەڕی پتەو بەخۆیان و ژیانی پڕ لەژیاری و کامەرانی، بۆ ئەوەش تا زووتر هەنگاوبنێین درەنگە.**

# پەروەردەو نەهێشتنی فشاری دەروونی

فشارە دەرونیاکان بەپێی هەلومەرج و کاتەکان و چەند هۆکارێک دروست دەبن، فشاری دەروونی ئەوحاڵەتەیە کە مرۆڤ هەست بە نائاسایی بوون و جیاوازی دەکات لە نێوان کەسەکاندا، بەهۆی نامۆیی و دوورەپەرێزی و دابڕان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، جارهەیە کەسی تووشبوو هەست بە بوونی نامۆیی دەکات بەڵام ناتوانێت بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵ بێت و لێی دەربچێت، جاریواش هەیە کەسی تووشبوو بەو حاڵەتە وا هەست دەکات خۆی ڕاستە و دەوروبەری ناڕاستن.

دەکرێ هۆکارەکانی ئەو فشارە دەروونیانە بۆ تەمەن و ژینگەی ژیان دیاری بکەین و ئینجا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، ئەوانیش بەشێکیان بۆماوەیین، واتە نەخۆشیەکی گوازراوەیە لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان، یان لەئەنجامی بوونی نەخۆشیەکی جەستەیی کەسەکە بەبیرکردنەوەیەکی نادروست تووش دەبێت، جۆرێکیتر ئەوەیە کەسەکە ویستێکی تایبەتی هەیە هەمووکات بیری لێدەکاتەوە و شیکاری زۆری بۆ دەکات ناگاتە ئەنجام تووشی ئەو فشارە دەروونیە دەبێت، دوا جۆری فشاری دەروونی کەسانی دەوروبەر کاریگەریان لەسەر کەسەکە هەیە بەوەی خواستی خۆیان دەسەپێنن بەسەریدا کە دەبێتە جۆرێک لە فشار و پێی دەوترێت فشاری کۆمەڵایەتی، ئەمیش وا دەکات ببێتە فشاری دەروونی بۆ سەر تاک.

**(سیگمۆند فرۆید)دەڵێ: (فشارە دەروونییەکان مرۆڤ لە خۆشییەوە دەگۆڕن بۆ کەسێکی بێزار و بێدەنگ)ئەم ووتەیەی زانا و شارەزا و دەروونناس فرۆید، جوانترین پێناسەیە لەسەر زانینی و بە ئاگابوونی فشارە دەروونیەکان، چونکە پێمان دەڵێ گۆڕینی دۆخی کەسێکە لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی و بێزاربوون، هەر ئەوێش پێمان دەڵێ چارەسەر ئاسانە و مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوی بۆ بنێت، لەو بارەوە دەڵێ:(ڕاستگۆیی تەواو لەگەڵ خۆتدا ڕاهێنانێکی باشە)** کەواتە باشترین ڕاهێنان ڕاستگۆیی ئەو کەسەیە، بەجۆرێکیتر دەبێتە بڕیاردانی گونجاو بۆ دەرچوون لەو فشارە دەروونیە، ئەوەش بە ئیرادەیەکی بەهێز دەکرێت.

فشارە دەروونیەکان لە ئەنجامی ئەم فاکتەرانە دروست دەبن:

**فاکتەری جەستەیی: زۆرجارنەخۆشیەکی جەستە، وادەکات فشاربچێتە سەر دەروونی تاک**

**فاکتەری ئابووری: بە هۆی خراپی دۆخی ئابووری و بیرکردنەوەی زۆر دروست دەبێ یان نەبوونی کار و بژێویەکی باش**

**فاکتەری کۆمەڵایەتی: ئەمیان دەوروبەر دەبنە هۆکاری دروستبوونی**

**فاکتەری پەروەردەیی: خراپی سیستەمی پەروەردە و نەخوێندنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی فشاری دەروونی بۆسەر تاک دروست دەکات**

ئەوەی لێرەدا بۆمن گرنگە لێی بدوێم، ڕۆڵی پەروەردەیە لە نەهێشتنی فشارە دەروونییەکان بەتایبەت لە سەر قوتابیان و

خوێندکاران، ئەویش بە ووردبونەوە و خوێندنەوەی لایەنەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکان.

نامەوێ ڕۆڵی ئەو کەسانە بەکەم بگرم کە وەکو توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا کاردەکەن، کەسی باش و خاوەن توانایان تیایە، بەڵام گرفتەکە لە پەروەردەدا دەبینم کە وەک پێویست کار لە سەر ئەو کەسانە نەکراوە و ووزەکانیان نەخراوەتە گەڕ، بۆ چارەسەر کردنی گرفت و کێشە دەرونیەکان، چونکە ئەو کەسانە پێویستە بەردەوام خەریکی خۆنوێکردنەوەبن، هەرچەندە بەڕای من قوتابخانە پێویستی بە توێژەرنیە، ئەگەر مامۆستا بەڕاستی مامۆستا بێت، لەو شوێنانەی لێی دەردەچن هەر دوو بواری دەروونناسی منالان و کۆمەڵناسی بەباشی دەخوێنن، زۆر بەئاسانی بەسەر ئەوگرفتانەدا دەتوانن زاڵبن کە ڕوو بەڕووی منالان دەبنەوە، جگە لەوەی مامۆستایان هەمیشە ئاگاداری هەست و نەستی قوتابیانن، بەڕێوەبەری سەرکەوتوو دەتوانێت ببێت بە باشترین ڕینمایی کار و توێژەر و دەروونناس، بەڵام ئەوانە ئەڵێم کە بەتوانا و بیری خۆیان و لەبەر خۆشەویستی پیشەکەیان بەڕێوەبەرن نەک حیزب قۆڵی بگرێت و لەسەر کورسیەکەی بەڕیوەبەر دایبنابێت، بۆ مەرامی ئایدۆلۆژی و لەقاڵبدان.

ڕۆڵی پەروەردە گرنگ و پڕ بایەخە لە چارەسەری فشارە دەروونیەکانی منالان، بەوەی هەر کەسە و کاری خۆی بەباشی و جوانی ئەنجام بدات، لەو کاتەشدا خوێندنگە و قوتابخانەکان دەبنە شوێنی ڕاستی و دروستی و کەشی پڕ لەجوانی و ئازادی، کەواتە ئاسوودەیی شوێنی فشاری دەروونی دەگرێتەوە،

**لەمبارەوە(محەمەد غەزالی) دەڵێت:( مرۆڤەکان لە کوێ دەتوانن ڕاستی لە درۆ جیا بکەنەوە؟) لەوەڵامدا دەڵێ: (لە کەش و هەوای پاکی ئازادی و دوورلە پیسیەکانی فشار و دڕندەیی و ستەمکاری).**

دەکرێ پەروەردە ئەو شوێنە بێت کە فشارە دەروونیەکان لەوێ بەباشی چارەسەر بکرێن، هەستی منداڵان ئاراستە بکرێن بۆ ئاسودەیی دوور لەتێکچوون و شڵەژان، گیانی متمانە ووورەبەرزی جێی ڕوخان و شکست بگرێتەوە.

هەندێک نەریتی خراپ لە ناو کۆمەڵگەدا خەریکە دەچەسپێت، ئەویش بەتایبەت دواقۆناغی خوێندنی ئامادەیی کە خوێندکاران خۆیان بۆ قۆناغی زانکۆ ئامادە دەکەن، ئەو قۆناغە زۆرترین فشاری دەروونی دروست دەکات بۆ سەر ئەو خوێندکارانە، تەنانەت هەندێ لەوانە کەوتونەتە نامۆیی و دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی، تەنانەت گرفتی دەروونیشیان بۆ خێزانەکانیان دروستکردوە، ئەو حاڵەتانەش کە ڕوودەدەن تەنها بیرکردنەوەی ئاڵۆز و خراپە و ڕۆچوونە بە ناو قووڵی بیرکردنەوە بەمەبەستی گەیشتن بەو شوێنەی کە دەیەوێ بەدەستی بێنێت، کەنمرەی بەرز و بەدەستهێنانی پلەی پزیشکیە، کە ئەو خەون و خەیاڵەش زۆرجار کەس و کار و دەوروبەر لەناخی ئەو خوێندکارانەدا دروستیان کردوە، لەسەر بەڕێوەبەر و مامۆستایانە ئەو بیرکردنەوە چەوتە بۆ خوێندکاران ڕاستبکەنەوە و وایان لێبکەن دوای خەون و خولیاکانیان بکەون نەک ئەو ویستانەی دەوروبەریان مەبەستانە.

# ترس و پرۆگرامەکانی خوێندن

ترس، یان ترسان، هەستکردنە بە هۆی مەترسی یان هەڕەشەیەکی هەستپێکراو  کە لە سەر مرۆڤ ڕوودەدات، ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئەرکەکانی لە ئەنجامیشدا گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا دروست دەبێت، مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و بیرکردنەوەی ئاڵۆز دەکات .

ئەم ترسەش لەئەنجامی تووش بوون بە ڕوداوویان بیستن و بینین، کاریگەری خراپ جێدەهێڵێت. مەبەست لەڕووداو ئەو کارەساتە ناخۆش و خەمهێنانەیە، کە تووشی کەسێک یان خێزانێک دێن، جار هەیە ڕووداوەکان گەورەترن بەسەر شار و وولاتێکدا دێن، هەندێ لەڕووداوەکان سروشتین، وەک لافاو و بومەلەرزە و هەرەسی بەفر کە قوربانی لێدەکەوێتەوە.

بەلام هەندێ ڕووداو هەن دەستکردن و مرۆڤەکان بە هۆ یان بێهۆ دروستی دەکەن، ئەوانەی بێ هۆن و بەدەستی ئەنقەست نین جیاوازن لەوانەی  کە بەبێ هۆ دروست کراون.

نامەوێ پۆلێنی ڕووداوەکان بکەم، چونکە مەبەستەکەی من ئەوە نیە، بەڵکو خواستی من ئەوەیە هەرڕووداوێک کە هەیە و دیاریکراوە چ کاریگەریەک لەسەر دەروونی منالان  جێدەهێڵێت؟

گەلی کورد بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی نیشتمانەکەی(کوردستان) لە هەموو کات و سەردەمەکانی  مێژوودا، ڕووبەڕووی شەڕ و ناخۆشی و وێران بوون و کوشتنی بە کۆمەڵ لەلایەن دوژمنەکانی  بۆتەوە،

**لەم ململانێ و شەڕ و دوژمنکاریانەشدا، کارەسات و ڕووداووی ناخۆش هاتۆتە بەر دەم ئەم گەلە.**

**من لەگەڵ ئەوەدام مێژوو وەک خۆی بنوسرێتەوە، تا هەم وەک ئەرشیف بپارێزرێت و هەم بکرێتە وانەی مێژوو بۆ ژیان، بەڵام پێویستە بەشێوازی زانستی و پسپۆڕی ئەو کارە بکرێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا هەر کەسەو بە گوێرەی بیری تایبەت و زۆرجاریش بەمەبەست هەندێ لەوانەی خۆیان بە سیاسەتوان دەزانن، مێژووی خۆیان و شۆڕش و گەلێک دەکەنە قوربانی تەنها بۆ ناوی خۆیان.**

**لەلایەکی ترەوە ئەو ڕووداوانە شۆڕبونەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، لەمیدیاکان و پڕۆگرامی خوێندن ڕەنگدەدەنەوە، من لەگەڵ ئەوەدام نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بە ئاگابن لە مێژووی پڕمەرگەساتی نەتەوەکەیان، بەڵام ئەوەش پێویستی بە پلانی وورد هەیە، کەی و چۆن و لە کام شوێن و بۆ چ تەمەنێک و بەکام شێواز ئاماژەیان پێبدرێت ؟ پێویستە ئەمانە بەباشی لێکبدرێنەوە.**

**ڕوونتر و ڕاشکاوانە تربڵێم، لەناوپڕۆگرامەکانی خوێندن بە شێوازی دوور لە ڕەچاوکردنی حاڵەتی دەروونی و تەمەن، ئەو ڕووداوو کارەساتانە خزێنراونەتە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن کە دەبنە هۆکاری ترس و دڵەڕاوکێ لای منالان، لەوانەیە بڵێن ئەی چۆن باسی مێژووی نەتەوەکەمان نەکرێت؟ من ناڵێم باس نەکرێت و نەوەکان شارەزا نەکرێن، بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆکرد، چۆن و کەی و بە چ شێوازێک باسبکرێت، ئەوە گرنگە، پۆلێنکردنی**

بابەتەکان و چۆنێتی ناساندنی بۆ قۆناغەکانی خوێندن پێویستە هەڵوێستەی لەسەربکرێت ئینجا دابنرێن، ئەویش بەپێی تەمەن و توانای وەرگرتنی بابەتەکە و دروست نەکردنی کاریگری نەرێنی لەسەر دەروونی مناڵان، وابێت کە ترس و بیم و دڵەراوکێ جێنەهێڵێ لە سەر مناڵان، لە سەر ئەمە **(سۆفۆکلێس) هونەرمەند و شانۆنامەنووس** و نوسەر دەپرسێت و دەڵێ:**(بۆچی مرۆڤ هەست بە ترس دەکات بەڵکو بە ڕێکەوت و هیچی تر هەنگاوەکانی ڕێبەرایەتی نەکات؟)** ئەمە وولامەکەی ئاسانە لەکاتێکدا ئاماژەی بە ڕیبەرایەتی نەکردنی هەنگاوەکان کردوە.

بێگوومان ترس وا دەکات نەتوانین هەنگاوبنێین، نیشاندان و دەرخستنی ئەو ڕووداوانەی ترس دروست دەکەن پێویستە بخرێنە ناو پڕۆگرامی پۆلەکانی سەروو بازنەی دوو، واتە لەپۆلەکانی حەوت بۆ نۆ و بەرە و سەرتر، ناکرێ لەپۆلی چوارەمی بنەڕەتی باسی ئەنفال و کیمیاباران بکرێت و مناڵان تووشی ترس و شۆک ببن، هەمیشە ترس خەون و خولیا لە ناو دەبات و مرۆڤ ڕادەگرێت.

نوسەری گەورە و ڕۆماننووس**(پاولۆکۆیلۆ)**دەڵێ:**( تەنها یەک شت هەیە کە خەون وخولیا مەحاڵ دەکات، ئەویش ترسە).**

لە ناو دنیای ڕۆشنبیری ئێمەشدا چەندین ڕاو بیرو بۆ چوون هەن ئەوە دەسەلمێنن، ئێمەش لەڕەوتی تێگەیشتن و ناساندن ئاراستەکان لە نەتەوەکانی تر کەمترنین، نمونەشمان زۆرە، هەروەک نوسەری ناوداری کورد **(عەبدول واحید نوری) لە نوسینی**

**پەخشانێکدا دەڵێ:(خەریک بوو بنوسم  ترس باشنیە، بەڵام باش بوو  زوو دەستم گرتەوە و زانیم دەردی ئێمە نەترسانە و ترسان نیە).**

**خەون و ویست و خولیاکانمان بەمەبەستی ئەوەیە نەوەکانی داهاتوو بە باشی ئاراستە بکەین و لەڕێگەی دوورکەوتنەوە لەو فۆبیا ترسێنەرانەی منداڵان ئیرادە و توانستەکانیان دەچەپێنرێن  و ئامانج ناپێکن.**

**داواکارم لەوەزارەتی پەروەردە ولیژنەی تایبەت بە گۆڕین و پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن، ئاوڕ لەو بابەتانە بدەنەوە کە دەبنە هۆکاری دروستکردنی ترس لەسەر دەروونی منداڵان و بدەن و ڕەچاوی بارودۆخی ئیستای دنیای شارستانی بکەن، چونکە کارکردن لە سەر دروستکردنی کەسێتی تاک لە منداڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، تا کۆمەڵگەیەکی بوێر و خاوەن ئیرادە  و دوور لەترس بونیادبنرێت.**

# دەست درێژیکردنە سەرزەوییەکانی پەروەردە

لەماوەی ئەم سیودوو ساڵەی حوکمڕانی کوردیدا، ئەوەی من بەدیم کردبێت و بینیبێتم، ئەم دەسەڵاتە خواست و ویستەکانی تەنها بۆ خزمەتی خۆی و بنەڵاکانیان و دار و دەستەکانیان تەرخانکردووە و چۆنی بۆ لوابێت ئاوا پەلاماری حەرەمەکانی کۆمەڵگەی داوە، لەداگیرکردنی زەوی و زاری خەڵک و پاوانەکان و لەوەڕگەکان و زەوی کشتوکاڵی و ئەو زەویانەی زانیویانە خاوەنەکانیان لە شارەکان نەماون و سەفەریان کردوە یان کۆچیان کردوە بۆ هاندەران و شارەکانی تری عێراق، بە دواداچوونی وردیان بۆ کردن و پاشان کردیانن بە موڵکی حکومەت و پاشان هەرخۆیان بە ناوی جیا جیا لەسەر خۆیان تاپۆکرد و بۆ پڕۆژەی قازانج ویستی خۆیان بەکاریان هێنان، ئەو قۆرخکاری و داگیرکاریانە هەتا ئێستا بەردەوامی هەیە بۆ سەر موڵکی خەڵک و وەزارەتەکان.

چەند ڕۆژێک لە مەوپێش بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیاند کە هەندێ کەس و لایەن و کۆمپانیا داوایان لێدەکەن زەویەکانی پەروەردەیان بدەنێ بە مەبەستی کردنیان بە پڕۆژەی بازرگانی، یان بە پشتگیری دەسەڵاتداران ئەو کارە دەکەن.

بەڕێزیان بەڕاشکاوانە وتی ئێمە ڕێگری ئەکەین لەو هەوڵانەی بیانەوێ دەست ببەن بۆ زەویەکانی پەروەردە، ئەم بڕیارە جێی دەستخۆشیە و هەقوایە خاوەن ویژدانەکان و هەموو نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنوسان و مامۆستایان هاوکار و پشتیوانی

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەبن، تا هەنگاوی تەماحی پاوانخوازی ئەوانەی مەبەستیانە لە جیاتی خزمەتکردنی پەروەردە زەویەکانی داگیربکەن.

لەدوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ یەکەم شوێن کە دەستدرێژی کرایە سەر لەلایەن حیزبەکانەوە بیناکانی قوتابخانە و خوێندنگەکان بوون، هەرئەوان بوون کرانە بارەگای حیزب و شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوە، دوای ئەوە ئەو بینایانەی کە پێیان باش بوو تیایدا مانەوە و کردیان بە بارەگای خۆیان، شوێنی مەکتەب سیاسی ئێستای یەکێتی وەک نموونەیەکی بەرچاوی خەڵکی شار دەهێنمەوە، کە پێشتر پەیمانگەی مامۆستایانی کچان بوو، نامەوێ ناوی شوێنەکان بنوسم نەبا هەندێکیانم بیربچێت، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان ئەوە ڕویداوە،ئەوە وەک نموونەیەکی دیار باسم کرد، قوتابخانەی فریشتە و بیناکەی پشتی کە یادگاری سەدان لەو کەسانەیە لەو شوێنە خوێندکار بوون، کردیان بە شوێنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئێستاش چاویان لە زەویەکانی ئامادەیی بەکرەجۆیە ئەویش موڵکی پەروەردەیە کە پێکهاتووە لە(١٨٢) دۆنم، لەگەڵ ئامادەیی سەرچنار و ئامادەیی پیشەسازی سلیمانی و چەند شوێنێکیتر کە چاوی تەماحی بازرگانەکانی لەسەرە، بینای کۆنی پەروەردە و شارستانی و ڕەگەزنامە کرا بە کاسۆمۆڵی ئێستا، هەموو مێژووی جیهان بخوێننەوە بزانن هیچ لە دکتاتۆر و ستەمکارەکانیش غیرەتی ئەوەیان کردوە بەو جۆرەی دەسەڵاتی کوردی دەستدرێژی بکانە سەر موڵکی گشتی و پەروەردە؟

هەر زوو نییەتی حیزبەکان دەرکەوت چیان ئەویٚ بۆ خۆیان و چی لەم وولآتە دەکەن، پێغەمبەری ئیسلام(محەمەد د.خ) لە فەرموودەیەکدا باس لە نییەت و خواست دەکات و دەفەرموویت **(إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى)** وەک ئاماژەی بۆ دەکات، هەمووکارێک پێش ئەنجامدانی خواست و ویست و پلانی گەرەکە، ئەگەر بە پێی خواستەکە بێت و بۆ باشە بیت، هیچ گومان هەڵناگریت ئاکامی باشی دەبێت، پیرەمێردی مەزنیش لەم بارەوە وتوویێتی(نییەتت باش بێت ئیش ئەبەیتە سەر، درەخت زڕ نەبیٚ هەر بۆت دیٚتەبەر).

دەرکەوت ئاغاکانی کوردایەتی چ مەرام و نییەتێکی پاوانخوازی دڵ و هزری داگیرکردوون، خۆزیا من وەک نوسەرێک و مامۆستایەک و ڕۆژنامەنوسێکی چاودێر، ئەو پڕۆژانەی کە بە ناوی وەبەرهێنانەوە دراون بەو کۆمپانیایانە، لەجیاتی ڕەخنە و سەرنج لە سەریان، وایان بکردایە بەشان و باڵیاندا هەڵم بدایە و بمووتایە خزمەتەکانیان بەرچاوە بۆ هەژارانی مەملەکەت، بەڵام نەمبینیوە هەژاران لەو باڵاخانە گەورانەدا ئارام بگرن.

ئەوەندەی من بزانم و ئاگاداربم بەشێک لەو کۆمپانیایانەی خەریکی بە ناو وەبەرهێنانن، فێڵەڕێیەک ئەدۆزنەوە تا ئەو زەویانە لە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی تایبەتمەند وەربگرن، هەندێکجار هیچ پرس و ڕایەک و ڕەزامەندیەک لە لایەنی تایبەت بەو زەویانە وەرناگرن، هەمووشمان دەزانین تائێستا زۆنەکان دابەشکراوون لەبەر ململانێی حیزبی کارکردن و بڕیاری دژ بەیەک جێبەجیٚ دەکرێت، لەم ناوەشدا زەرەرمەندی یەکەم خەڵک

و خاوەنی زەویەکانن، ئەوەی بۆ من و هەموو خەڵک بۆتە مایەی نیگەرانی، دەسەڵاتی کوردی لەماوەی سێ دەیە نەیتوانی نموونەیەکی جوان پێشکەش بکات.
بەداخەوە هەر ئەو هۆکارەیە وایکردوە زۆربەی خەڵکی کوردستان، پشتییان لەم دەسەڵاتە کردووە و ئاوات بە چوونە سەرمەرکەز دەخوازن.
چانسی نەتەوەکان و گەلانی ئەم ڕۆژهەڵاتە ئەو نادادی و پاوانخوازیەیە کە دەسەڵاتداران دەیکەن و ئەنجامی دەدەن.
وەک نوسەری دیاری عەرەب (جەلال ئەمیر) دەڵێت:(لە وولاتانی جیهانی سێیەمدا فەرمانڕەوا خاوەنی دانایی لوقمانی حەکیمی هەیە، بازرگانیش خاوەنی پارە و دارایی قارونی هەیە، خەڵکەکەشی ئارامگری ئەیوبیان هەیە).
دڵنیام ئەو نوسەرە کە ئەو وتەیەی دەربڕیوە، دەزانێ هەموو ناوچەکە بە هەمان دۆخی ڕامیاری و ئەقڵیەتی سیاسیە پاوانخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەند هاوشێوەن، ئەمانەی خۆمان ئەوانەشیان تێپەڕاندوە.
بەهیوام هەمووومان دەنگ و هاوار و پێنووسەکانمان لەئاست ئەو غەدرەی بەرامبەر زەوییەکانی پەروەردەی سلێمانی دەکرێت بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبین، داواش لەو کۆمپانیایانە دەکەم ببنە هاوکار و پشت و پەنا بۆ خزمەتی پەروەردە و نەوەکانی داهاتوو، واز لەو چاوتێبڕینە نایاسابیە بێنن کە زەوییەکانی پەروەردە بکەنە پرۆژە، تا مێژوو بە ناشیرین ناویان نەبات، داواشم لەپەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانە ئەو یاساشکێنیانە ڕابگرن و نەهێڵن تالانی جێی ئاوەدانی بگرێتەوە.

# پەروەردە و گرنگیدان بە مافەکانی منداڵان

دانانی بەردی بناغەی هەموو کایەکانی ژیان پەروەردەیە، هەرکات ئەو بناغە و بنچینەیە بەباشی دانرا، بێگومان ئەگەر دیوارەکەشی چەند بەردێکی ناڕێک بوون ئەوەندە کەریگەری نەرێنی نابێت، دەتوانرێت بە ئاسانی چاکبکرێت و ڕێکبکرێتەوە، پەروەردەش بۆ ژیانی کۆمەڵگە بەو جۆرەیە، وەک بناغەکە وایە، جا ئەگەربناغەکە باش چەسپاو بوو، وەستای کارامەش دیوارەکەی دانا بوو، ئەوە هیچ مەترسیەکی نابێ و لە هەموو ڕویەکەوە، جێی دڵنیایی دەبێت، لەم نموونەیەدا مەبەستمە دیوارەکە بە فەلسەفە و پرۆسەی پەروەردە بچوێنم و وەستاکەش مامۆستایە، دەکرێ بەرد و چیمەنتۆ و ئەوانی تر بە هۆکارەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە دیاری بکەین، وەک کتێب و پێنووس و تیانووس و ئەوانی تر.

هەر یەکیک لە هۆکارەکانی دروستکردنی خانوویان بینا بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام وەستای باش ئەوە دیاریدەکات کە کام کەرەستەیە باش و گونجاوە بۆ کارەکەی ئەو، وشەی مامۆستاش هەر لەهەمان ڕۆڵ و پێگەکەیەوە، ئەو ناوەی بە باڵا بڕاوە، هەم مام بێت بۆ مناڵان و هەم ئەو وەستایەش بێت کە باسمکرد.

کەواتە ئەو مرۆڤە مەزنەی دەبێتە نەخشەکێش و دروستکاری ئاییندەی نەوەکانی داهاتوو، مامۆستای باشە.

ماف بۆ مرۆڤ بەگشتی دابینکردن و دەستەبەرکردنی پیویستەکانی مادی و مەعنەویە، بەشێوەیەکی گشتی.

دابینکردنی  ماف بۆ منالآن هەر بەشێوەیەکی سەرزارەکی نابێت، پێویستە زۆربەوردی هەنگاوی  بۆ بنرێت و کاری لەسەر بکرێت، چونکە گەورە خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدات، تا ئەو کاتەی دەتوانێت، بەلآم منالٚ دەبێ ئەو مافانەی بۆ بەدیبێت و ڕابهێنرێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆی و دەوروبەر، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی پەروەردە، چونکە منالآن بەپێی تەمەنیان خواستەکانیان جیاوازە، منالّی بچووک و ساوا، هەرچی بەرچاوی بکەوێت داوای دەکات و بەهی خۆی دەزانێت، زۆرجار ووڕک دەگرێت لە ناو مارکیت و بازاڕ داوای زۆر لەو کەلوپەلانە دەکات  کە بەر چاوی دەکەون.

لەناوپرۆسەی پەروەردەدا پێویستە ماف بۆ منالآن دیاری بکرێت، جگە لەمانە پێویستە مامۆستا مامالەی مرۆڤدۆستانە بەهەست و سۆز و خۆشەویستیەوە لەگەڵیان بکات، منالآن کاتێ لە ناو قوتابخانە و خوێندنگەن، هەست بە ئارامی بکەن، جگە لەو پلانەی کەناوی فێربوونە بە شێوازی هاوچەرخ و سەردەمیانە بۆیان دابنرێت.

ئەو مافانەش بریتین لە دابینکردنی هەموو پێویستیەکانی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و مامۆستا و پرۆگرام.

 بە ڕوونی لەسەر مافی منالآن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئاماژەی بە مافەکانی منالآنداوە و دەڵێت:**(منالآن تەمەنیان هەرچەندێک بێت، هەموویان وەک مرۆڤی گەورە و ئاسایی مافیان**

**هەیە، ئەوەش مافی دەربڕینی بیر و ڕاو بۆچوون و مافی یەکسانی و مافی تەندروستی و پەروەردە، دەگرێتەوە).**

کاتێ ماف بۆ منالان دیاری دەکرێت واتە بینینی ئایندە و ژیانێکی باشتر بۆ **نەوەکانی داهاتوو بنیاتبنرێت.**

**(نیکۆلاس سپارکس) دەڵێت:(هیچ شتێک ناتوانێت شێوازی ژیان بگۆڕێت تەنها لە بوونی گۆڕانکاری لەمنداڵدا نەبێت).**

لای زۆربەی گەلانی پێشکەوتووی جیهان لە ڕێگەی پێدانی ماف بە منداڵان، ژیانی کۆمەڵگەکەیان گۆڕیوە بەرەو ئاقاری خۆشبەختی و کامەرانی و دادوەری، فەیلەسوفی ناودار، **فرێدریک نیتچە (١٨٤٤–١٩٠٠)لەم بارەوە وتویەتی(بۆ ژن، پیاو ئامرازە، بەڵام کۆتایی ئامانج هەمیشە منداڵە).**

ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ساڵی ١٩٥٤ وەک بۆنەیەکی جیهانی ڕاگەیەندرا کە هەموو ساڵێک لە ٢٠ی تشرینی دووەمدا بەڕێوەدەچێت بۆ بەرە و پێشبردنی وابەستەیی نێودەوڵەتی و هۆشیارکردنەوە لە سەر ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی تایبەت بەمافەکانی منالان پەسەندکراون.

هەروەها پاش ئەوە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافی منداڵان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی١٩٨٩ لەلایەن ١٩٢ وڵاتەوە، بە ڕۆژی جیهانی منداڵان ناسرا.

لەدوای ئەو واژۆکردنە ساڵانە ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگیرێت و ئاهەنگ و بۆنەی بۆڕێکدەخەن.

لەوانەیە تۆی خوێنەری ئەم وتارە لە دڵی خۆتدا بڵێی تۆی نوسەر لە گوێی گادا نوستووی بۆ لێرە گەورەکان مافیان هەیە تا بۆ منالآن ماف دابین بکرێت؟

بەڵێ دەزانم گەورەکان مافەکانیان پێشێلکراوە و خراوەتە قوڕگی شێر و نەهەنگەوە، بەڵام ناکرێ منالآنیش وەک ئێستای ئێمە بژین و دوارۆژیان بە تونێلێکی تاریک و نادیاری وەک توونی بابا بسپێرین.

مرۆڤ خەون و خەیاڵ و خولیای بۆ دەرباز بوون و گەیشتنە بە ئارامی و ژیانی شایستە، ئەگەر بۆ ئەو ئامانجە خەبات بکەین و بناغەکە دابنێین بێگومان پێی دەگەین، ئەویش بەو وەستا کاراماییەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد دێتە دی کە مامۆستایانی دڵسۆز و خەمخۆر و خاوەن پلانی جوانی ژیانی دوارۆژن.

کاتێ منالآن مافیان پێدراو ڕاهێنران لەسەر داکۆکیکردن و بەرگریکردن لە مافەکانیان، لەداهاتووشدا مرۆڤی خاوەن ڕێز و شکۆمەند دەردەچن بۆ مافی ئەوانی تر، ئەو کات مافەکان پۆلێن دەکەن بۆ مافی کۆمەڵایەتی و مافی ئابوری و ڕۆشنبیری، بەدڵنیایی کاتێک تاک ئەو وشیاریەی هەبوو لە سەر مافەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر خود و کۆمەڵ دەبێت.

دەکرێ مافەکان پۆڵێن بکەین بۆمافە سەرەکیەکان، مافی پاراستنی کەسی و ئازادیەکان و مافە کۆمەڵایەتی و مافە ئابووریەکان.

ئەوەی ماوە و  جێی بایەخ پێدانە و زۆر گرنگە لە ئاکام و ئامانجدا دەبێتە ئاسۆی بینینی هەمووومان، ئەویش مافی ژیانی شایستەیە، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

(مافی ئازادی، مافی یەکسانی، مافی دادپەروەری، مافی تاک بۆ دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی پاراستن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، مافی پاراستن لە ئەشکەنجەدان، مافی تاک بۆ پاراستنی پێگە و ناوبانگ).

بەهیوام وەزارەتی پەروەردە گرنگی بەمافەکانی منداڵان بدات و بیکاتە خاڵی وەرچەرخان لە ناو پرۆسەی فێربووندا.

## پەروەردە و خولەکانی هاوینە

دۆخی ژیان بەگشتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، کە جێی هیچ مشتومڕو باس وخواسێک نیە، چونکە گۆڕانکاری پێویستیەکی گرنگە بۆ ژیان، کاتیش لەسەر کەس ناوەستێ بۆیە مرۆڤ ناچارە لەگەڵ گۆڕینی کات خۆی بگونجێنیت.

یەکێک لەو فاکتەرانەی  ڕۆڵی کارا دەگێڕن بۆ گۆڕانکاری، پەروەردە پشکی شێری بەردەکەوێت، ئەوەیە نەهێنی پشت پێشکەوتنی وولاتان، کە خۆیان بۆ گۆڕانکاری و پێشخستنی ژیان ئامادە دەکەن لەڕێی پەروەردەوە، پێش ئەوەی جیهان بە تەواوەتی بکرێتەوە بەڕوی زانست بە گشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکان بەتایبەتی، وک دەڵێن ئەمڕۆ جیهان لە گوندەوە بچووک بۆتەوە بۆ شاشەی مۆبایلێک، ئەوکاتانە خولی مەشق و ڕاهێنانەکان باشترین ڕۆڵیان دەگێڕا بۆ ڕاهێنان و ئاراستەکردنی مامۆستایان بەتایبەت لەوەرزی هاویندا، کاتێ ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێدەکردەوە مامۆستایان بە گوڕ و هێز و تینێکی پڕلەووزەوە پێشوازیان لە خوێندکاران و قوتابیان دەکردەوە، پەیامەکەیان کە ئاراستەکردنی  پەروەردەیەکی دروست و فێربوون بوو، کاریان لەسەر دەکرد.

ئەوسەردەمە خولیا و ویستە تایبەتەکان وەک هونەرەکانی نیگارکێشان و موزیک و وەرزش، بە هۆی خولی تایبەت و لەدەرەوەی خولە پەروەردەییەکان منالان دەیانتوانی بەشداری بکەن، هەرچەندە لە یەکەی مەشق و ڕاهێنان بۆ ئەو وانانەش

**ماموٚستاکان بەشداری خولەکانیان پێدەکرا، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان خولەکانی هاوینەی ئەوسا و ئێستا بکەین، تووشی شۆک و سەرسوڕمان دەبین، ئەوسا خولەکانی پەروەردە لە ڕێگەی یەکەی مەشق و ڕاهێنان سەرپەرشتی دەکردن و ناوی ماموٚستایان بەلیستێک دەنێردرا بۆ خوێندنگەکەیان و بەپێی پسپۆڕیەکەیان خولەکان دیاری دەکران، لەگەڵ ئەوەی کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون وانەکانی خولەکانیان دەوتەوە، بڕێکی باشیش پارە بۆ ئەو ماموٚستایانە دیاری دەکرا کە بەشداریان دەکرد.**

**ئەوە دەبووە هاندەرێکی باش تا هەوڵ و کۆشش و بابەتەکان جوانتر و باشتر بگەیەنرێن.**

**ئامانج لە کردنەوەی خول و ڕاهێنان، باشتر کردن و ئاراستە** کردنێکی دیاریکراوە، وەک **(لۆرن فلیشمان)پرسیار دەکات و دەڵێ:( هەر کەسێک دەتوانێت بە باشی ڕاهێنان ئەنجام بدات، ئایا پلان هەیە بۆ باشتر کردن؟)**وەلامی ئەو پرسیارە ئەکەوێتە سەر چۆنیەتی پلان و بەرنامەی ئەو خولەی کاری لەسەر دەکرێت لەلەیەن ئەنجامدەرانی.

**بەلام ئێستا خول زۆر بەکەمی دەکرێنەوە، ئەوەی دەشکرێتەوە هەندێ کەسی نزیک لەحیزب و کەسەکان نەبێ هەرکەس ئاگای لێنیە، یان لە ئێستادا کۆمەڵێ پەیمانگەی بازرگانی بەبڕێک پارەی زۆر خول بۆ هەموو وانەکان دەکەنەوە، سەیرەکە ئەوەیە هەر ئەو ماموٚستایانەی لە خوێندنگەکان وانە دەڵێنەوە بەشداری ئەو خولانە دەکەن و دەبنەوە ماموٚستا، واتە لەئێستادا خول و بەشداریکردنی**

ئەوخولانە بۆتە بازرگانیەکی ڕێپێدراو،کەئەمە کارێکی خراپ و ناڕەوایە، کاتێ پەروەردە لەڕێگەی یەکەی مەشق و ڕاهێنان خولەکان پەرە پێدەدات گرنگی زۆر و بایەخی تایبەتی هەیە، دەکرێ گرنگی خولی هاوینە لەم خاڵانەدا کورت بکەمەوە، کەئەمانەن:

١- دانانی ئامانج و پلانێکی ڕوون بۆ خولەکە.
٢- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی بەشداربوان.
٣- وەرگرتنی زانیاری نوێی بابەتەکە.
٤- گۆڕانکاری و نوێبوونەوە.
٥- خوێندنەوە و زانینی کەموکورتیەکان.
٦- لە خولەکاندا تێگەیشتن و سەرنج و تێبینیەکان بەکورتی و پوختی دەدرێن و گفتوگۆیان لەسەردەکرێت.
٧- کەسانی بەشداربووی خولەکان هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی خولەکە دەنوسن.
٨- نابێت کەسانی ناپیشەیی یان ناداهێنەر خولەکە پێشکەش بکەن، چونکە ئەنجامەکەی لاواز دەبێت و دەگۆڕێت بۆ ڕۆتین.
٩- دەبێت لە خولەکەدا باسی ئەو کاتە بکات کە پێویستە بۆ تەواوکردنی. بڕی ئەو کاتەی کە بۆ ڕاهێنانی هەر بڕگەیەکی خولەکە تەرخان کراوە.
١٠- باشترە لە کۆتایی خولەکەدا نوسراوێکی ڕاپرسی بەسەربەشداربوان دابەش بکرێت و بۆچوونی ڕاست لەسەر خولەکە بنوسن.

**١١- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی (ڕاستگۆیانە) لە کۆتایی خولەکەدا و زانینی جیاوازی مەعریفی و کردەیی. تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیانە ئەو تاقیکردنەوەیە کە بەڕاستی ئاستی سودمەندی خولەکە دەپێوێت.**

**١٢- بڕوانامەیەک لە کۆتایی خولەکەدا پێشکەش بە بەشداربوان دەکرێت، ئاستەکان دیاری دەکرێت.**

**هیوادارم وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، پلان دابنێت بۆ کردنەوە و ئەنجامدانی خولی هاوینە بۆ مامۆستایان، چونکە تاقە هۆکاری پیشخستن و ئاراستە کردنێکی دروستی هاوچەرخە بۆ پرۆسەی پەروەردە بەرەو باشترکردن و ڕاگرتنی ئەو بازرگانیە ناشیرینەی بە خولەکانی هاوینانەوە دەکرێن، لەلایەن چەند کەس و پەیمانگەیەکەوە، دڵنیام ئەگەر خواست هەبیت و خەمی پەروەردە بۆ چاککردن بکەینە ئامانج بەسەر هەموو ئەو بازرگان و گرفتانەدا زاڵدەبین کە لەمپەری بەردەمی پەروەردەن.**

## پەروەردە، گرفتی جیاکاری منداڵی مامۆستا و منداڵانی تر

لەو کاتەوەی من بیرم بێت، پێش تەمەنی منیش گرفتی منداڵی مامۆستا لە قوتابخانەکاندا هەبووە، ئێمەی منداڵی هەژاران ئای چەند دڵمان بەخۆمان دەسوتا، ئەوکاتانەی منداڵێکی مامۆستا لەپۆلەکەمان ئەبوو، چونکە ئەو نازداری پۆل بوو، لای هەندێ لەمامۆستاکان، بە لێوی بەخەندەوە و قسەی خۆشەوە، ڕاوێژی لەگەڵ دەکرا و کام شوێنەی پێخۆش بوایە ئەو شوێنە تاپۆی خۆی بوو، جار جارەش نازێکی بە سەر مامۆستادا دەکرد، مامۆستاش بەزەردەخەنە و سەر لەقاندنێک داواکەی قبوڵ دەکرد، وەک چۆن ئێستا منداڵانی بەرپرس خواپێداون و لەهیچیان کەمنیە، کام قوتابخانە و خوێندنگەیان بوێ بە پارە لێی دەخوێنن، پاش چەند ساڵێکیش نەوەیەکی بێ مەعریفە و دوور لە زانست دێنە ناو کایەی ژیان و ئەوان ووڵات بەڕێوە دەبەن، بۆ ئەو سەردەمەی ئێمەش منداڵی مامۆستا وەها بوون، زۆربەی منداڵان حەزیان دەکرد لەو منداڵانە نزیک ببنەوە، ئێستا تێدەگەم لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جیاکاری و چینایەتی ئەوەیان خولقاندبوو.

بەڵام ناکرێ دەست خۆشی لە هەندێ مامۆستا نەکرێت و لەوانی تر جیانەکرێنەوە، لەو سەردەم و زەمانە خۆیان لەو کارە دزێو و ناشیرینە بواردووە، چونکە ئەو مامۆستایانە هیچکات نەیان دەهێشت منداڵی مامۆستایان لە ئێمەی منداڵانی تر جیاببنەوە، تەنانەت مامەڵەی ناو پۆل وبەشداری پێکردنی وانەکەش، هەر بۆیە ئێمەی منداڵ لە وانەی ئەو مامۆستایانەدا دڵمان زۆر خۆش دەبوو.

**من نامەوێ لەشکۆی بەرزی مامۆستایان کەم بکەمەوە، بەڵام وەک مامۆستایەک وچاودێرێکی بواری پەروەردە، ئەوەی لای من وخەڵکانی تر دەبێتە باس و خواس پێویستە هەڵوێستەی لەسەربکەم، بەمەبەستی وەرگرتنی ئاراستەی دروست و چارەسەرکردنیان.**

**پەروەردەی هاوچەرخ و مۆدێرن، کارلەسەر کەلێنەکانی ناو کایەکە دەکات و ناهێڵێت ببنە دەلاقە، چونکە کەوایلێهات دیواری پرۆسەکە بەسەر منداڵان و هەموو ئەوانەدا دەڕوخێت کە لە ناو ئەو بینایەدان، پاشان رەنگدانەوەی بۆسەر هەموو کۆمەڵگە بەخراپ دەکشێتەوە و بەرەو وێرانە ئاراستە وەردەگرێت .**

**باسکردن و بینینی ئەو دیاردە دزێوەی بۆتە مۆتەکەی زۆربەی منداڵان و گەورەکانیش، بۆ منداڵان ئێستایان دەبێتە خەم و ئاڵۆزی و بۆ گەورەکانیش یادەوەری تاڵ، بۆ دەبێ منداڵی مامۆستایان خۆشبەخت بن و منداڵە هەژارەکان بێبەختبن؟**

**ئەو مامەڵە نادروستەی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا دەکرێت، وێرانکردنی پرۆسەی پەروەردە و دەروونی تاکەکانە، ئەوان بۆ هەردەبێ نمرەکانیان نایاب بێت و لەسەرووی نمرەی ئەوانی تر بێت؟**

**بۆچی بۆ منداڵی مامۆستا ڕەوا بێت بچێتە ژووری مامۆستایان و پێشوازی پڕ خەندە و خۆشی لێبکرێت؟ بەڵام کاتێ منداڵێکیتر بە ئیشێک دەچێتە نزیک ژووری کارگێڕی یان مامۆستایان، وا**

دەردەکرێت و دڵی دەشکێنرێت، نازانێ چۆن بگەڕێتەوە پۆلەکەی خۆی، پێدەچی بۆچەند ڕۆژێ ئەو دڵتەنگیە یەخەی بەرنەدات.

تەنانەت نان خواردنی بۆنەکان منالآنی مامۆستایان جیادەکەنەوە، دایکێک یان باوکێک کە بەڕاستی مامۆستا بن، هیچکات ڕێ بەخۆیان نادەن منالەکانیان لە هاوڕیکانیان جیابکەنەوە، بەڵکوکارێک دەکەن کە دڵی منالآنی تریش خۆش بکەن و جیاکاری نەکەن، ئەوانە بەڕاستی مامۆستان.

**(ناپلێۆن پۆنابارت ١٧٦٩ – ١٨٢١)ڕۆڵی ئەوکەس ولایەنانە بەرز دەنرخێنێت کە بە باشی پەروەردە ئاراستە دەکەن، وایان باس دەکات وەک ئەوەی دەرگای زیندان دابخەن و دەڵێت: (ئەوەی قوتابخانە بکاتەوە زیندانێک دادەخات).**

کەواتە ئەگەر بمانەوێت پەروەردە لەو زیندانە دووربخەینەوە و بیکەینە شوێنی ژیان، دەبێت وەزارەتی پەروەردە بە بڕیار ئەو جیاوازیکردنە لەنێوان منالآنی مامۆستایان و منالەکانی ترنەهێڵێت و ڕێی لێبگرێت، هەموو ساڵێک گلەیی وگازندەی خەڵک دەبیسترێت، بەتایبەتی کاتی وەرگرتنەوەی نمرەی قوتابیان و خوێندکاران، چونکە نادادیەکی زۆر بەدیدەکرێت، لەنێوان نمرەی قوتابیان و منالآنی مامۆستایانی ئەو قوتابخانە و خوێندنگەیانەی ئەو جیاوازیە دەکەن، هەر خۆم سالآنە ڕوو بە ڕووی پرسیاری چەندین کەسوکاری قوتابیان بومەتەوە، کە نادادی و غەدریان بۆ باس کردوم کە لەمنالەکانیان کراوە.

قوتابخانە و خوێندنگە پێویستە پڕبێت لە زەردەخەنە و خۆشی، نەک جیاوازیکردنی مناڵانی ناو ئەو ژینگە پەروەردەییە.

(فرجیل) هونەرمەند و نوسەر و شاعیر دەڵێت:(منداڵەکە دایکی بە زەردەخەنەکەی دەناسێتەوە) لەمەوە دەردەکەوێت منالان هەست بە هەموو جۆرە مامەڵەیەک دەکەن کەبەرامبەریان دەکرێت، وەک چۆن زەردەخەنەی دایکی دەناسێتەوە.

بەوهیوام ئەم وتارە هاندەربێت بۆهەموو مامۆستایان، کە چاودێریەکی ووردی ئەم حاڵەتانە بکەن و نەهێڵن ببێتە دیاردە، لەلایەکی تر لەڕێگەی ئەم بۆچوون و سەرنجانەی منەوە، وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە، بڕیار و ڕاسپاردەی گونجاو لەم ڕووەوە دەربکەن، لە ڕێگەی لایەنە تایبەتمەندیەکانەوە، چاودیری قوتابخانە و خوێندنگەکان بکەن و ڕێگربن لەو جۆرە مامەڵە نا دروستەی ناو پرۆسەی پەروەردە.

# نەک ڕۆژێک، جیهانێک بۆ منداڵان

لە ١ی ٦ هەموو ساڵێکدا خەڵک بە گشتی خۆیان سەرقاڵ دەکەن بۆ ڕۆژی منداڵان، میدیاکانیش وەک بۆنەکانیتر بەرنامەی تایبەت بەو یادە ئامادە دەکەن، باجارێ بزانین ئەم یادە چۆن سەرچاوەی گرتوە؟

ڕۆژی منداڵان ڕۆژێکی جیهانییە کە دەکەوێتە یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێک و تایبەتە بە توێژی منداڵ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی دەکرێتەوە بە شێوەی جیاواز و ڕۆژی جیاوازیش، لە ساڵی ١٩٢٥ کۆنفڕاسێکی جیهانیی بۆ پاراستنی مافی منداڵان ڕێکخرا و ڕۆژی ١ی حوزەیرانی کردە ڕۆژی منداڵان، بە فەرمیش لەساڵی (١٩٥٠)ەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕۆژی ١ی حوزەیران کرا بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان جگە لە چەند وڵاتێک کە لە مانگەکانی ئازار و نیسان و ئایار یادەکە دەگێڕن، جگە لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٥٤ ڕۆژی ٣٠ی نیسان وەک ڕۆژێک دیاریکراوە لەپێناو هاندانی وڵاتان بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر دەربارەی مافەکانی منداڵان و خۆشگوزەرانییان، بەر لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە کۆنفڕانسی ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ فیدڕاسیۆنی دیموکراتی نێودەوڵەتی ژنانی یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی وەک ڕۆژی جەژنی منداڵان دیاری کردبوو.

ئەگەرچی ئێمە بەشێکی دانەبڕاوین لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵام هەنگاوەکان و ئاراستەی ڕەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانمان، زۆر

**خاوون و بەهێوری کەوتونەتەڕێ، منالانی ئەم جوگرافیە بچووکەی زەوی، زۆر زولملێکراوون و بێبەشن لە خۆشیەکانی ژیانیان.**

**بێگوومان گەورەکانی ئێستاش بەهەمان بێنازی منالی خۆیان بەرێکردووە.**

**منالانی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتە بەگشتی و کوردستانی بندەستی داگیرکاران بە تایبەتی، ببینین و لە ژیانیان وورد ببینەوە، سۆز و هەستمان دەجوولێت و هەناسەیەکی ساردی خەمهێن گیانمان داگیردەکات، چونکە هەر لەمنالێەوە زۆربەی منالان تووشی ئازاردان و ئەشکەنجەدان دەبنەوە، ئەمە جگە لەو هەژاری و دەستکورتیەی کەسوکارەکانیان کەناتوانن ژیانێکی شایستە بۆمنالەکانیان دەستەبەربکەن.**

**کاتێ هەژاری یەخەی خێزانەکان دەگرێت، ئەوانیش ناچاردەبن منالەکانیان بنێرنە سەرشەقام بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەیان، لە وێشەوە، ڕووبەڕووی دەیان کێشەی دەروونی و جەستەیی دەبنەوە، تا گەورەدەبن ئەم منالانە ئەو چەوسانەوەیە لەگەلیان گەورە دەبێت، ئەو ئازارانە ڕۆدەچنە ناخی کۆمەلگەوە.**

**لە سەر مرۆڤ پێویستە بەرنامە و پلانی درێژمەودای هەبێ بۆ ژیانی خۆی، هەرچەندە زۆر لەو خەون و خەیاڵ و بەرنامانە بەدینایەن، لەم بارەوە، نوسەر و فەیلەسوف ژان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢– ١٧٧٨)دەلێت:( پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەم شەش تیۆریم هەبوو سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ، بەلام ئێستا شەش مندالم هەیە و هیچ تیۆرێکم بۆیان نییە).**

جەژن و یاد و خۆشی بۆ منالان پێویستە هەمیشەیی بن نەک تەنها ڕۆژێک بێت و تێپەڕبێت، چونکە جوانی و گەشی و خۆشی ژیان هەموویان دەبنە فاکتەری ئایندەی گەش بۆ ژیان، بەبێ دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ منالان، ئەو ژینگەیە بەدینایەت، هەر بۆیە، **نوسەر(مستەفا سادق ئەلڕافعی)دەڵێت:(ئێمە هەست بە دەروشانەوە و جوانی لە سروشتدا ناکەین، مەگەر ڕۆح دەوڵەمەند نەبێت بە مندالی و خۆشی مندالی و یاری وچێژەکانی).**

هێمن موکریانی شاعیر، نمونەیەکی گەشی تاکی کوردە، کاتێ لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕوون باسی سەردەمی منالی خۆی دەکات، ئاوات بەگەڕانەوە بۆ منالی دەخوازێت، چونکە ئەو کاتانە بێبەشکراوە لە یاری و چێژی منالێتی خۆی، لەبەرئەوەی بەربەست و ڕێگریە کۆمەڵایەتیەکان بێبەشیان کردبوو.

زۆربەی زۆرمان لەم تەمەنە گەورەیەماندا حەزبە فیلمە کارتۆنیەکان دەکەین و دەیانجار کاتەکانی خۆمان پێبەخشیووە، چونکە تام و چێژی منالیمان بەباشی نەچەشتووە و دەمانەوێ ئەو چێژە بگەڕێتەوە تا بیچێژین، ئەگەر بۆساتێکیش بێت.

وولاتێک و مەملەکەتێک کە شەڕ و کوشتن و خوێنڕشتن جێگەی خۆشی و ئاشتی و ئارامی گرتبێتەوە، بێگوومان نەک مافی منالان بەلکو ئایندەشیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

**وەک (محەمەد ماغوت)نوسەر و بیرمەندی گەورەی عەرەب دەڵێت:(جگە لە کوشتن و تالانکردن و خوێنڕشتن هیچی تر نییە، کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە مندالییەک هەیە دەبێت گەشە بکات).**

کاتی ئەوە هاتوە بیرلەمناڵان و نەوەکانی داهاتووی نیشتمان بکەینەوە، بە دابینکردنی ژینگەیەکی جوان و ئارام کە دوور بێت لەشەڕ و کوشتن و خوێنڕشتن و چەوسانەوە، ناکرێ ساڵانە یەک ڕۆژ دابنێین بۆ مناڵان گوایە جەژنیانە، بەڵام ماندو و هیلاک و بێ ژیان بن و بیانچەوسێنینەوە، باواز لەو نەریتەخراپە بێنین کە هەربە قسە جەژنی منداڵان بکەینەوە، هەر بۆیە ناکرێت یەک ڕۆژجەژنی بێ بەرامەی ماف و ئازادیەکان بێت بۆ منداڵان، دەبێت، جیهانێکی جوانیان بۆبەدیبێنین.

## پەروەردە، پرۆسەی بێبەشکردنی بەشێک لەمامۆستایان

لەناوپرۆسەی پەروەردەوبەشەکانیدا، چەند ساڵێکە هەست بە ستەملێکردن دەکرێت لە بەشێکی گرنگی توێژی مامۆستایان، هەرپرسێک و شێوازێک بێتە ئاراوە بە مەبەستی گۆڕانکاری و دیاریکردنی ئاست و پلە و پۆستە پەروەردەییەکان، ئەم جیاکاری و بێبەشکردنە هەستی پێدەکرێت و گەیشتۆتە کۆنگرەو بڕیارە پەروەردەییەکانیش.

هەندێکجار بڕیار دەرکردن و ڕاسپاردە ئاراستەکردن، ئەگەر بە ووردی و خەمخۆری و بەدواداچوون و شەنوکەوکردن نەبێت، پێچەوانە دەبێتەوەو زیانی زۆرتردەبێت لە سوود.

ماوەی چەند ساڵێکە پرۆسەی پەروەردە بەگشتی خەریکی بێبەشکردن و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری مامۆستایانی خۆیەتی، لەم ماوەیەدا چەند مامۆستایەک پەیوەندیان پێوەکردوم و سکاڵای خۆیان لەلا باسکردم، منیش بەڵێنم پێدان کە ئەم گرفتە لە وتارێکدا بخەمەڕوو، تا وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی وەزارەت چاوێک بەم زوڵمەدا بخشێننەوە و چارەسەری بکەن، چونکە بە چارەسەرنەکردنی گرفتەکە گەورە دەبێت و دەبێتە لایەنی شکست و دواکەوتن و ڕۆچوون بە ناو غەدرێکی پەروەردەیی کە کاردانەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زانستی لێدەکەوێتەوە.

هەرکاتێک نادادی خۆی بخزێنێتە ناو هەر کار و پرۆژەیەکەوە، وەک کرم چۆن لە درەختێک دەدات و کرمۆڵی دەکات و درەختەکەش

تەمەنی کورت دەبێت، کاتێ بەو ماوە کورتە و ێرانەیەک دروست دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، دادپەروەری و ڕاستی تەمەنی پرۆسەکە درێژ دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە **خەلیفەی موسوڵمانان (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) وتویێتی:( دۆخی نادادپەروەری ساتێکە، بەڵام دۆخی حەقیقەت و ڕاستی تا ڕۆژی دواییە).**

دێمە سەروتنی ڕاستی ئەو بێبەشکردنەی بەرامبەر مامۆستایان دەکرێت و کراوە، لە بڕیار و ڕاسپاردە پەروەردەییەکاندا، ئاماژە بەمەرجەکانی وەرگرتن و بەشداریکردن لەو بەشوپۆست و پلانەدا دەکرێت، زۆربەیان ئاماژە بەبوونی بڕوانامە دەدرێت کە پێویستە بەکالوریوس بێت، بەبروای من غەدرەکە لێرەوە دەست پێدەکات،چونکە ئەو مامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالوریوس)ن زۆرکەمترن لەئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن، بەپێی یاسا و دیسپلینی پەروەردەیی و بەشەکان لەباخچەی ساوایان تاقۆناغی پێش زانکۆ بۆ هەربەشێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، دەکرێ کەسێک بڕوانامەی باڵاشی هەبێت لە هەربەشێکیان پیشەی مامۆستایی بکات، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ویستویانە لە پەروەردەکاندا چەند کورسیەک بۆ سەرپەرشتیاران دابنێن، هەر چەندە بۆ کاری سەرپەرشتیکردنی قۆناغی بنەڕەتیش بووە، هەرداوای بڕوانامەی بەکالوریۆس کراوە، یان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی چەند خاڵ و مەرج دانراون تەنانەت بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگە مەرجە هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریوس بێت، من لێرەوە ئەو هەڵەیە بۆ ئەو کەسانە ڕاست دەکەمەوە، کەناکرێت و نابێت  بە هیچ جۆرێ

له ناو پرۆسەی پەروەردەدا بۆ پلەوپۆستێک بڕوانامە بکرێتە مەرج چونکە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە دان نانێت بە بڕوانامەی دبلۆم چۆن و بەچ یاسایەک ئەوکەسانەی دامەزراندوە بە پیشەی مامۆستایی؟

لەلایەکیترەوە دەرچووی ئەو پەیمانگەیانەی بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە باشتر و چاکتر و گونجاوترن بۆ مامەڵەی کاری پەروەردەیی چونکە ئەوانە چەند ساڵێک دەروونزانی گشتی و دەروونزانی منداڵ و هەموو شیوازەکانی وانەوتنەوەیان خوێندوە و ڕاهێنراوون، ناکرێ و ناشێ ئەوانەی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە و هەیە لە ناو کایە و پرۆسەی پەروەردەدا پەراوێزبخرێن.

بەپێی توێژینەوە زانستیەکان و کەسە پسپۆڕ و شارەزا و تایبەتمەندەکانی بواری گەندەڵی، بە تەنها بەهەدەردانی سامان و پێگە گەندەڵی نین، بەڵکو نادادپەروەری و ستەمیش هەردەچنەخانەی گەندەڵیەوە، لەم بارەوە **نوسەری ناودار (نەجیب مەحفوز) بەباشی جۆرەکانی گەندەڵی دەستنیشان کردووە و بەم جۆرە دەڵێت: ( گەندەڵی زانایان لە بێباکییەوەیە، گەندەڵی دەسەڵاتداران لە نادادپەروەرییەوەیە، گەندەڵی هەژاران لە دووڕوویییەوەیە).**

ئەو بەشانەی کە بڕوانامەی دبلۆمیان لێوەرگیراوە، ئەم شوێنانەن(پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان(تێکەڵ)، پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کوڕان، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان) ئەم شوێنانە بە باشی

کاری خۆیان کرد و مامۆستایانیان بەجوانترین شێوە پێگەیاند، جگە لەبەشە پیشەییەکان (ئامادەییەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی) کەبەپێی هەلومەرج و پێویستی بە پیشەی مامۆستا دامەزراون، دیارە ئەمانیش هەر بێبەش دەکرێن لەو پلە و پۆستە پەروەردەییانەی لەم کاتانەدا دادەنرێن.

لای زۆربەی پەروەردەکاران و شارەزایانی فەلسەفەی پەروەردە، ئەو پێوەرەی ئێستای وەزارەتی پەروەردە، جێی نابێتەوە لەناو کایە دروستەکە و پلانە زانستیەکاندا، چونکە ئەو مامۆستایەی زیاد لەدە ساڵ خزمەتی پەروەردەی کردبێت، هێندەی دووجار بەرتەقای بڕوانامە ئەزموون و شارەزایی پەیداکردوە، جگە لە خواست و حەز و ویست کە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن بۆ بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی کەسەکە، مامۆستای سەرکەوتوو ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لەکایەی پرۆسەکەدا، لەم ڕووەوە، نوسەروکەسایەتیەکی وەک **(عەبدوڵڵا عەبدولکەریم السعدون) دەڵێت: (مامۆستایەکی سەرکەوتوو گرنگترین پایەی بنیاتنانی پەروەردەیەکی سەرکەوتووە).**

دەکرێت وەزارەتی پەروەردە چەند پێوەرێک دیاری بکات بۆ دانان یان وەرگرتن لەو پۆست و پلە پەروەردەییانەدا مەرج نیە بڕوانامە بێت، دەکرێ گرنگی زیاتر بە(ئاستی خزمەت و شایستەی زانستی و هەڵسەنگاندنەکان و سزا و سەرپێچییەکان و ڕێزوسوپاس)بدریت، من ئەمانەم وەک ئەنکێت و شێوازی داخوازیەکە پۆلێن نەکردوە، تەنها ئاماژەن بۆ گرنگیدان بەمانە کارەکە باشتر و سەرکەوتووتر دەکات.

هەموو ئەوخاڵانە دەکرێت نمرەی لەسەر دابنرێت، نموونە مامۆستایەک سزا و نەهاتووی هەیە خاڵی لێدەشکێت، یان ڕێزوسوپاسی هەیە خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، لەسەر ئەم پێوەرانە دەتوانرێت باشترین مامۆستای خاوەن ئەزموون لەو شوێنانە دابنرێن.

ناکرێ وەزارەتێک بەشێکی گرنگ و گەورەی خۆی بخاتە پەراوێزەوە، تەنها لەبەر چەند هۆکارێکی لاوەکی و دوور لەبنەما زانستییەکان، ناکرێ ئەوانەی لە ڕۆژە سەخت و گرانەکاندا لەگەڵ نیشتمان و گەلەکەیان بوون ئێستا بخرێنە لاوە.

ئەوەندەی من بە چاوی زانستی و پەروەردەیی هاوچەرخ سەیری پرۆسەی پەروەردە دەکەم، کاری خراپەکاران، هاوشێوەی ستەمکار بەسەر دنیای پڕ خەون و ئاواتەکانی ئەم نەتەوەیەوەیە، بەداخەوە نادادی دەبەخشرێتەوە، کە بۆ دڵسۆزان بۆتە مۆتەکەیەکی گەورە، **(ئەفلاتونی فەیلەسوف) وتویێتی: (گەورەترین خراپە جگە لە ناعەدالەتی ئەوەیە کە ستەمکار باجی نا دادپەروەرییەکەی نادات).**

بەپێی ئەزموون و کارمان لەناو دنیای جوان و پاک و بێگەردی پەروەردە، هەرچی ببینین وبەباشی بزانین، دەست خۆشی دەکەین و ئەوانەشی جێی سەرنج و ڕەخنەن، بێگومان دەبێ هەڵوێستەیان لەسەربکەین بەمەبەستی خستنە سەر ڕێگە ڕاست و دروستەکە، چاوەڕوانی هیمەتی دڵسۆزانین تا ئاوڕ لەم نادادیە بدەنەوە و نەیهێڵن.

## حیزب، مۆتەکەی پەروەردە

هەمووومان ئەوە باش دەزانین حیزب بریتیە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ خەڵک لە ناو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەک لە پێناوی گەیشتن بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو.

حیزبەکانی کوردستان لە کاتی خەباتی شاخ و بەرەنگاری دوژمنانی گەلەکەمان، دروشم و ئامانجی ئازادی و بیروڕای ئازاد و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز بووە، بەڵام بەکردەوە هەموویان دژ بەو دروشمانە بوون، باشترین بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم وتەیەم شەڕی چەکداری ناوخۆی حیزبەکان بووە لەشاخ، کە دەیان و سەدان کەس لەو ناکۆکیانە بوونە قوربانی.

دوای ڕاپەڕینتش چونکە بەهەمان نەفەسی عەقڵی تەسکی بەرژەوەندی حیزبی و یەکترقبوڵ نەکردن کەوتنەوە یەکترکوشتن و سڕینەوەی یەکتر، تاگەیشتە جیاکردنەوەی زۆن و ناونانی ئەو ناوچانە بەناوی ڕەنگی لۆگۆی حیزبەکانیان، وەک هەولێر و دهۆک و ئەو ناوچانە بە ناوچەی زەرد و سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان و هەڵەبجە بە ناوچەی سەوز، ئەم دابەشکاریە هەتا ئێستاش برەوی پێدەدرێ، دەرخەری عەقڵی تەسک و بچووکی دامەزرێنەر و دروستکەری ئەو چەمکانەن.

بەو هۆیەی ئەم دوو حیزبە هێزی چەکدار و ملیشیای تایبەت بە خۆیان هەیە، زۆرتر گرێدراوی هێزە هەرێمیەکان بوون،ئەوەش بۆ

مەبەستی پاراستن و مانەوەیان لە ململانێکاندا، لە بەرامبەردا بوونە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتە هەرێمیانە.

هەرکاتێک حیزب هەوڵی بەدامەزراوەیی خۆیدا و لەبۆتەی نیشتماندا ئامانجەکانی بەدیهێنا، هەوڵی ئەوەیدا کەنیشتمانی بێت دەستبەرداری بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەبێت، ئەگەر بەوردی و چاوی سەرنج و ڕەخنە لە حیزبەکانی کوردستان بڕوانین ئەم حیزبانە نە نیشتمانین و نە دامەزراوەیین، بەڵکو هەموو ئامانجە باڵاکان دەکەنە قوربانی خۆیان و بنەماڵەکانیان، ئەمەش وایکردوە هیچ بەرەوپێشچوونێک لەم مەملەکەتە ڕوونەدات.

تەنانەت داگیرکاری و پاوانخوازی و دەستبەسەراگرتنی هەموو کەیەکان، کراوەتە ئامانجیان.

لێرەوە دەردەکەوێت دروشمی حیزبەکان تەنها هەر بە گفتاربووە و نەبۆتە کردار، کاتێ پرەنسیب نەبوو لە سیاسەتدا ئەمە ئاکامەکەیەتی.

**سیاسەتمەدار و فەیلەسوف و شۆڕشگێڕ (مەهاتماگاندی ١٨٦٩–١٩٤٨) دەڵێت: (حەوت شت هەیە مرۆڤ لەناو دەبات: سیاسەت بەبێ پرەنسیپ، چێژ بێ ویژدان، سامان بەبێکار، مەعریفە بێبەها، بازرگانی بێ ئەخلاق، زانست بێ مرۆڤایەتی، پەرستش بێ قوربانی).**

بزانە هەر یەکێک لەمانەی باسکراوە لای ئێمە چەند بە خراپی مامەڵەی لەگەڵکراوە؟

**هیچ سێکتەر و بەش و شوێنێک لەم وولاتەدا نیە حیزب و ێرانی نەکردبێت، وەک مێرووی زیانبەخش گەرای تێدا دانەنابێت، ئەوەی من مەبەستمە لەسەری هەڵوێستە بکەم، کایەیەکی گرنگی ژیانە کە ئەویش پەروەردەیە، ئەم سێکتەرە بۆتە مەخسەرەی دەستی حیزبەکان بە دەستتێوەردان و بەکارهێنانی زۆر بەخراپی تەنها لەبەر بەرژەوەندی تەسکی ئایدۆلۆژی، لە هەر شوێنێک سەیربکەی و لەهەرلایەک هەڵوێستە بکەی نەهیچ دەبیستی و نەدەنگت بە هیچ لایەک دەگات، هەربۆیە فەیلەسوفی ئەڵمانی(ئیمانوێل کانت) دەڵێت:(لە هەموو شوێنێکەوە دەنگێک دەبیستم کە بانگ دەکات، بیر مەکەرەوە).**

**لێرە لەم مەملەکەتە وێرانەیەی دەستی حیزبەکان هیچ بڕیارێک لە پەروەردە دەرناچێت ئەگەر بارەگای حیزب دەرینەکات و ئاگادارنەبێت، چۆن و بەکام پێوەری زانستی و ئاکاری و مرۆیی کەسێک حیزبی نەبێت لەم وولاتەدا جێی نەبێتەوە؟**

**چۆن دەکرێت حیزب لە بارەگاکانیەوە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان بۆ پەروەردە دابنێت؟**

**کام حومڕانی و کام دەسەڵاتی دیمۆکراسی ئەم کارە قێزەوونە دەکات؟**

**حوکمڕانی باش خۆشترین خەونە بۆ گەلان، چونکە دادوەری و یەکسانی بۆخەڵک دێنێت، بۆیە شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد ١٨٦٧–١٩٥٠) وتویێتی:**

**خۆزگە دەستورێک دەخرایە ناو**

**پیاو بۆ ئیش دەبوونەوەک ئیش بۆ پیاو.**

چەندان ساڵە لەم هەرێمۆچکەیەی ئێمە حیزبەکان ئیش بۆ خەڵک دەدۆزنەوە و پیاوانی خۆیان دەکەنە خاوەن کار، **(ڤۆڵتێر، نووسەری بەرهەمە فەلسەفیەکان، فەیلەسوف، شاعیر١٦٩٤ – ١٧٧٨) دەڵێت:( باشترین حکومەت ئەو حکومەتەیە کە کەمترین کەسی بێ کەڵکی تێیدا بێت).**

ئەم وتەیەی ئەو فەیلەسوفە بێ چەند و چون حکومەتی هەرێممان پێدەناسێنێت، کە چەندە دوورە لەکایەی حوکمڕانی ڕەشید.

هەر کات بڕیارەکانی بە ناو پەروەردەیی و ڕاسپاردەکان کاریان لە سەرکرا و چوونە بواری جێبەجێکردنەوە، کەی هەوڵدرا بەرپرس و بەڕێوەبەر لە ناو بەشەکانی پەروەردە بۆحیزب قۆرخ نەکرێت و ئاهێک بە گیانی پەروەردەدا هاتەوە، کەی لەبارەگای پڕ جەهلی حیزب کەسە نەزانەکان نەکران بە بەرپرس، ئەوسا دەڵێین هەنگاو بەرەو چاکسازی دەنرێت، نەک وەک ئەم سیودوو ساڵەی بەڕێکراوە کە حیزب بۆتە مۆتەکەی بڕیاردەر بەسەر هەموو سێکتەرەکانەوە بەگشتی و پەروەردە بەتایبەتی.

# ڕۆڵی پەروەردە، لە کەمکردنەوەی توند و تیژی

**(ئەگەر دڵێکی ئارامت هەبێت، شەڕ لەناوناخی خۆتدا ڕونادات– ماهاتما گاندی)**

سەرەتا بابزانین توندوتیژی چیە و جۆرەکانی چین و کاریگەریەکانی بۆ سەرتاک و کۆمەڵ چ ڕەنگدانەوەیەک دروست دەکەن؟

هیچ کەس لە توێژەران و شارەزایان و نوسەران، لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو ڕێکنەکەوتوون، بۆ توندوتیژی، هەریەکە و بەجۆرێک دەیناسێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم زاراوەیە زیاد لەپێناسەیەک هەڵدەگرێت.

دەکرێت بڵێین توندوتیژی دەرچوونە لە حاڵەتی تایبەت و هەڵچوونێکی دەروونیە، زۆرجار دەبێتە ڕوودانی خەم و ئازار بۆ کەسانی بەرامبەر، بە هۆی ئازاردانیان ب ەشێوازی ئازاردانی دەروونی یان جەستەیی.

توندوتیژی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، جیاوازی هەیە کە چەند فاکتەرێک ڕۆڵی سەرەکی لەو جیاوازیەدا دەبینن.

گرنگترین فاکتەر بۆ زانینی جیاوازیەکە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە، بێگومان ئەوەی ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ گەشەپێدان و

بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گەلان، چەند هۆکارێکن لەوانە(**شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت (جۆری حومڕانی)، سیستەمی پەروەردە، ئابوریەکی زانستی وگەشەکردوو...)**

ئەمانە بەشێکن لەو فاکتەرانە، دیارە زۆریتریش هەن، بەڵام ئەمانە کاریگەرترینیانن بۆ سەرژیان بەگشتی لەڕووی کاری توندوتیژیەوە.

کۆمەڵگەی دواکەوتوو هەمیشە وابەستەی عەقڵی نەریتیە، هیچکات خۆی لە بۆتەی خۆخوازی و بەرژەوەند پەرستی ڕزگار ناکات، لە ناو بازنەیەکی بچووک خوول دەخوات و لێی دەرناچیت، بۆیە کاتێ توندوتیژی لەلایەن کەسێکەوە سەرهاڵدەدات وەک ئاگر لە ناو پووشوپاوانێک بکەوێتەوە، زوو تەشەنە دەسێنێت و زۆر شوێنی تریش دەسوتێنێت، لەتاکەوە بۆ خێزان و گوند و ناوچە و هۆز و خێڵ و عەشیرەت، زۆر جار ئەم ڕووداوە بچووکانە واگەورە بوون دەیان کەس بوونەتە قوربانی و چەندین ساڵ درێژەیان کێشاوە.

بەڵام لە کۆمەڵگە شارستانیەکان و پێشکەوتوەکاندا، بە ئاسانی بەهۆی دادگایەکی پڕ لەدادەوە زوو گرفتەکە چارەسەر دەکرێت و کەمترین کەس لەو کارە زیانی بەردەکەوێت، یان تەنها ئەو کەسە سزا دەدرێت کە هۆکاری ئەوڕووداوەیە.

ئەمەوێ هەندێکجۆرلە توندوتیژی باس بکەم و لە دواییدا هەوڵ ئەدەم گرنگترین فاکتەر بۆ چارەسەرکردنیان بخەمەڕوو، ئەوانیش ئەمامەن:

١- توندوتیژی فیزیکی(جەستەیی) ئەوجۆرەیە کەکەسی بکەرئەبێتە هۆی ئازاردانی بەشێک لەجەستەی کەسێکی تر.

٢- توندوتیژی سێکسی و دەستدرێژی کردنە سەرکەسانی تربە زۆر، ئەم جۆرە زیاتر دەکرێتە سەر منالآن و رەگەزی مێینە،ئەم توند و تیژیە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە.

٣- توندوتیژی دەروونی، جۆرێکیترە لە ئازاردانی کەسی بەرامبەر، بە هۆی بەکارهێنانی شێوازێکی نادروست و دوور لە مرۆڤایەتی.

٤- توندوتیژی زارەکی(دەمپیسی) واتە بەکارهێنانی زمان بۆ ووشەی نەشیا و بریندارکەر وەک جنێو و درۆ و بوهتان بەکارهێنان.

٥- توند و تیژی ئابووری، ئەمجۆرە بەکارهێنانی سامان و ماڵ و سەروەتە بەشێوازێکی نەشیاو و بێبەشکردنی کەسانی ترە لێی، یان نەڕەخساندنی هەلیکارە و چەوساندنەوەی کەسانی تر، زۆرجار جیاوازی چینایەتی و بێنرخ کردنی مافی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە.

٦- توند و تیژی رەگەزی، ئەمجۆرە زیاتر لەو کۆمەڵگەیانە سەرچاوە دەگرێت کە عەقڵی پیاوسالاری و بڕوا نەبوون بەمافی ژنان بوونی هەیە.

٧- توند و تیژی ئایینی، ئەمەش لەئەنجامی پیرۆزکردنی یەک بیروباوەڕ و ڕێنەدان بە ئازادی بیروڕای تری ئایینی، زۆر جار لەم جۆرەدا ئەگەر بەووریایی و ئاگایی

پیاوانی ئایینی مامەڵە نەکەن، کاری توندوتیژی دەگاتە هانابردن بۆ تیرۆر و کوشتن و سڕینەوەی کەسان و ئایینەکانیتر، لەسەر توندڕەوی ئایینی **(زەبرانی) دەڵێت: (توندڕەوی ئایینی و ستەمکاری سیاسی دوو دیوی یەک دراون، ئەوە بەس نییە کە دراوەکە لێبدەین، دەبێت بیگۆڕین).**

٨- توند و تیژی پەراوێزخستن و دوورخستنەوە، جۆرێکی مەترسیدارە بە تایبەت بۆ منداڵان کاتێ لەلایەن دایکان و باوکان و مامۆستایان بەرامبەر بە هەندێ منداڵ دەکرێت و دوور دەخرێنەوە لە بەخشینی سۆز و میهرەبانی و بەشدارپێکردن.

من تەنها بۆسەرنجدان و ئاماژە و خستنەڕوو ئەو جۆرە توندوتیژیانەم هێناوەتەوە، دەکرێ لەسەر هەریەکێک لەوانە دەیان توێژینەوە ئەنجام بدرێت، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە ڕووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە و هەڵوێستەی لەسەر بکات و خۆی و خەڵکی تریشی لێدووربخاتەوە، هەروەک **(ئیبراهیم المحلاوی) دەڵێت:(وەستانەوە و ڕوو بە ڕوو بونەوەی توندڕەوی توندوتیژی ئەرک و فەزیلەتە).**

بۆئەوەی کۆمەڵگەکەمان دوور بخەینەوە لە توندوتیژی پێویستە گیانی ئاشتی زاڵ بکەین بەسەر گیانی شەڕەنگێزیدا، سیاسەتزان و شۆڕسگێڕی ناودار**(ماهاتماگاندی) ئاماژەی بەگیانی ئاشتی کردوەو و توێتی(هیچ ڕێگایەک بۆ ئاشتی نییە، بەڵکو ئاشتی خۆی ڕێگایە).**

هەر لە مبارەوە پیاوی شۆڕشگێڕ و سەرکردەی ئەفەریقا(**نیلسۆن ماندێلا) وتویەتی:(ئاشتی ئەوەیە کە هەست بە تێگەیشتن لە کەسانی تر دەکەیت و فێر دەبیت بە ئاشتی لەگەڵیان بژیت).**

هیچ گۆڕانکاریەک بە ئاراستەی باشکردن و چاکسازی بەبێپلان و توێژینەوەی زانستی و ئاشنابوون بە تەواوی گرفتەکە، ئاکامێکی نابێت، بە بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی هەر دوو بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی، پێیان وایە زۆرهۆکار دەبنە لەمپەری توندوتیژی و توندڕەوی، وەک میدیا و کەسانی بەرپرس لە ئایینەکان، پەروەردە، بەڵام لە هەمووان گرنگتر پەروەردەیە، بۆیە ناکرێت هەروا بە سانایی و سادەیی لە پەروەردە بڕوانین، حکومڕانی باش و بەئاگا و خەمخۆر هەمیشە دڵی لەسەر فەلسەفەی پەروەردەکەیەتی، نەک خەمی گیرفانی بەرپرسان و تاڵانکردنی زەوی نیشتمان بۆ بازرگانیەکانی خۆیان.

پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستە خاڵی بکرێنەوە لەو بابەتانەی گیانی شەڕەنگێزی و تۆڵەکردنەوە و ئاژاوە لە ناو مناڵاندا دروست دەکەن، چونکە ئەمانە دەبنە ئاژاوە و ناخۆشی لەسەر کۆمەڵگە، لەجێی ئەوانە سۆز و میهرەبانی و هاوکاری و خۆشەویستی دابنرێن، ئەمانەش خۆشنوودی بە ژیان دەبەخشن.

ئەم وتارە بە ووتەی ناودارێک کۆتایی دەهێنم، وەک چۆن بە ووتەیەکی گرنگ دەستم پێکرد، بە هیوام هەموو لایەنە پەیوەندیدار و بەرپرسەکانی ئەم بوارە، سەرنج و بۆچوونەکانمان بەهەند وەربگرن، لەبەر خاتری نەوەی داهاتوو کە ژیانێکی پڕ لە ئاشتیان

بۆ دابین بکەین، شەڕ و ئاشووب و کوشتن و نەخۆشی و ناخۆشی بکەین بە ئاشتی و ڕێزگرتن.

**(تیتاڕۆنی) دەڵێت: (ئاشتی تەنها نەبوونی ململانێ نییە، بەڵکو بوونی دادپەروەری و لێبوردەیی و ڕێزگرتنی یەکترە).**

## کەسێتی مامۆستا و کاریگەری لەسەر پەروەردە

کەسێتی مامۆستا زۆر گرنگە لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا، کاردانەوە و کاریگەری لەسەر کەسێتی مناڵ جێدەهێڵێت. توێژینەوە پەروەردەییەکان گرنگییان بە شێوازەکانی کردار و ڕەفتاری کەسی پیشەیی مامۆستا داوە، کە دەبێتە هۆکاری بەهێز بوونی لێهاتووییە پەروەردەییەکان و ئاسوودەیی دەرونی بۆ منالان.

ئەو کاتەی بە تەواوی مامۆستا بایەخ بە پیشەکەی بدات و خواستی ئەوەی هەبێت، وەک مامۆستا کەسێتی زانستی و پەروەردەیی خۆی بەرجەستەبکات.

مامۆستای سەرکەتوو دەتوانێت گیانی لێبووردەیی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و هاوکاری لە ناو ناخی منالدا بچێنێت، ئەوەش بە مامەڵەیەکی پەروەردەییانەی دروست، لەڕێگەی ئەم جۆرە مامەلانەوە:

**(نەرمونیانی، ڕێزگرتن، ئارامگرتن، ڕاهێنانیان لەسەرچۆنێتی هەڵەکردن کە ئاساییە و چۆنێتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، هاندان، هاوکاری، خۆشەویستی ئەوانیتر، دوورخستنەوەیان لە دەمارگیری، دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی و دوورکەوتنەوە لەدرۆکردن).**

ئەمانە بەشێکی گرنگن کە مامۆستا لە هەڵسوکەوت و مامالەی کرداری لەکاتی وانە وتنەوە و ئاراستەکردندا ئەتوانێت بە شێوازی

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەر منالآن، ئەمانە مامەڵە و کرداری پەروەردەیین، هەندێ شێوازیتری کاریگەرهەن کە مامۆستا دەتوانیت، کەسێتی منالْ بەهێزبکات، کە زیاتر ڕوکەشو ڕواڵەتین، کە منالْ بەبێ ویستی خۆی نیگاکانیان تێکەڵ بە دیمەن و شێواز و جەستەی مامۆستا ئەبێت، بۆیە جلوبەرگ و جەستەی مامۆستا زۆر کاریگەری لەسەر ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی بۆ سەرکەسێی منالْ هەیە، بۆ مامۆستایانی پیاو و ئافرەت(ژن).

بەپێی کات و سەردەم و گۆڕانکاریەکانی دنیا، پەروەردە و ڕۆڵی نەوەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، هەمیشە نەوەی تازە سودیان لەئەزموونی مامۆستاکانیان وەرگرتوە و دەبێ مامۆستاکانیان تێپەڕێنن، **(لیۆناردۆ داڤینشی ١٤٥٢–١٥١٩) دەڵێت:(ئەوەی مامۆستاکەی تێنەپەڕێنێ و باشتر نەبێت، خوێندکارێکی بێبەرهەم و هیچە).**

مامۆستا پیویستە زۆر بە شێوازی سادە و ئاسایی لەگەڵ منالآن و خەڵکی مامەڵە بکات، واتە هەڵسوکەوتی خاکەڕایانە بێت، بەوەش قوتابیەکانی و خەڵک خۆشیان دەوێت، خۆشەویستیش هۆکارێکی گرنگە بۆنزیکی و فێربوون.

**(ویلیام ئارسەروارد) دەڵێت: (مامۆستای خاکەڕا و لێبووردە، باش بۆمان ڕوون دەکاتەوە، بە جوانی و ڕێزەوە ڕێی ڕاستمان نیشان دەدات، مامۆستای خۆبەزلزانیش ئەو کەسەیە کە پەراوێزمان دەخات).**

بەدەر لە کاریگەری کەسێتی مامۆستا بۆ سەرقوتابیان و خوێندکاران، مامۆستایان کاریان ئەوەیە هەمیشە ژینگەیەکی لەبار بۆ منالآن برەخسێنن تا خۆری سەرکەوتن و هیوا لە کازیوە چاوەڕوانیان بکات.

**(بیل پارسێلز) وتویێتی:(مامۆستای باش ژینگەیەک دروست دەکات کە ڕێگە بە خوێندکار دەدات سەرکەوتوو بێت).**

زۆر جار لە ناو کایەی کۆمەڵایەتیدا باس لە کەسێتی ئەو مرۆڤانە دەکرێت کە لە ناو کۆمەڵگە دیارن و کاریگەریان بەرچاوە، بێ چەند و چوون هەمووان باس لە قۆناغەکانی خوێندن دەکەن و مامۆستاکانیان بە نمونە دەهێننەوە، هەریەکێک لەوانە باس لە شێوازی مامەڵە و بالا و ڕێکپۆشی و هێمنی و گفتوگۆی مامۆستاکانیان بەو جۆرەی هاتونەتە بەرچاویان دەیانناسێنن، ئەوە دەبێتە ناسنامەی مامۆستایان لای قوتابیان و خوێندکاران، کە کەسێتیانە و ڕەنگیداوەتەوە.

یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی کەسێتی مامۆستا ئەنجامدانی دادپەروەریە، هەر مامۆستایەک نەیتوانی دادپەروەری لە پیشەکەیدا بەدیبێنێت، پەیامەکەی ئەسپاردەی تاریکی کردووە، **وەک(حەسەنی بەسری)ئاماژەی بۆکردووەووتویێتی:(ئەگەر مامۆستا لە ناو قوتتابیاندا دادپەروەر نەبێت، وەک لەتاریکیدا بنوسێت وایە).**

لایەنێکی تری گەشی کەسێتی مامۆستا گرنگیدانە بە خۆڕۆشنبیر کردن و ئاگایی بەردەوام لە ڕووی زانست و زانیاری و چۆنێتی گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکەی، بەهۆی فێربوون، دوور

بکەویتەوە لە شێوازی کۆنی وانەوتنەوە، کەپێی دەوترا فێرکردن، لەو کاتەدا زەبر و زەنگ و بەزۆر جێگەی خواست و حەز و ویست و ئارەزوودەگرێتەوە.

مرۆڤ کاتێ خۆی ڕۆشنبیر دەکات وویڵە بە دوای فێربوونی زیاتر، ئاگایی و هزری فراوان دەبێت، بەمەش دەگات بەهۆشیاری، هیچ شتێکیش هێندەی هۆشیاری سوود بەمرۆڤ ناگەیەنێت، بەتایبەت بۆماموستایان، **پیرەمێردی نەمرلەسەر هۆشیاری وتویێتی:**

**قەت بەهێچ ناچێ، خانم و خاتوون**

**هۆشیاری مرۆڤ، دەکات بە ئاڵتوون.**

ماموستای سەرکەوتوو خاوەن کەسێتی بەرز، جیاواز لە گەیاندنی پەیامە مرۆڤایەتیەکەی کە فێربوونە، لەڕووی دەروونیشەوە، ئاسوودەیە و دڵی بە پیشەکەی زۆر خۆشە.

ماموستا دەتوانێت بە باشی و جوانی پەیامی فێربوون و شێوازەکانی بیرکردنەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە: بیرکردنەوەی زانستی، بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەناوکەسێتی خوێندکاراندا بگەیانێت، بەمەش ئایندەی کۆمەڵگە ڕوون و گەش و پڕ دیموکراسی دەبێت، بەها و نرخ بۆ ژیان دابین دەکرێت، ئازادییەکان فەراهم دەبن، دەسەڵات و کارگێڕی و پایەکانی کۆمەڵگە پتەو دەبن،نیشتمان دەبێتە ژینگەیەکی ژیاری و کامەرانی، سۆز و خۆشەویستی جێ بە ڕق و کینە لەق دەکات و ژیان دەبیتە جوانترین تابلۆی سەرنج ڕاکێش و تێڕامان.

**وتارەکەم کۆتایی بە وتەیەکی(فیلۆکسین ئە لستێری) دێنم کەدەڵێت: (ئەوە مامۆستاکانمانن کە ڕێگای ژیانێکی ڕاست و دروستمان نیشان دەدەن و جوانیمان پێدەبەخش).**

# ڕۆڵی پەروەردە، لە نەهێشتنی شەرمکردندا

**(باشترین ڕێگا بۆ ڕزگار بوون لە شەرمنی ئەوەیە، لەبیرت بێت کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن – لاری کینگ).**

شەرم حاڵەتێکی دەروونی تایبەتی دیارە، لە هەندێ کەسدا هەیە، یان کەسی شەرمن هەست بە نائارامی و شەرمەزاری و ئاڵۆزی دەکات، هەر بۆیە ئەو کەسانە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لاوازە و تێکەڵ کەسانی ترنابن.

هەندێ کەس پێیان وایە شەرمنی نەخۆشیە، بەڵام پزیشکانی پسپۆڕ ئەو بۆچوونەیان پشتڕاست نەکردۆتەوە و بە نەخۆشی نازانن، تەنها وەک حاڵەتی دەروونی ئاماژەیان بۆ کردووە.

شەرمکردن لە سەرەتادا لە قۆناغی مناڵییەوە، دروست دەبێت، ئەویش بەهۆی چەند فاکتەرێک کە ئەمانەن:

١– هۆکاری بۆماوەیی: واتە بوونی حاڵەتەکە لەباوانەوە و گواستنەوەی بۆ نەوەکانیان، لەبواری کۆمەڵایەتیدا زۆر کەس دەناسین و دەبینین، کە کەسانی شەرمن و دوورەپەرێزن.

٢- مامەڵەی نادروستی دایک و باوک، وەک شکاندن و بێبەشکردن و ترساندنی منداڵەکانیان، ئەمەش کار لە دەروونیان دەکات و دەبنە مرۆڤی شەرمن.

٣- کێشە و ناکۆکی دایک و باوک(خێزانەکان)، کە منداڵەکە تووشی بێ ئومێدی و دڵەڕاوکێ دەکات، لەئاکامدا تووشی حاڵەتی شەرمکردن دەبێت.

٤- جیاوازی کردن لەگەڵ منداڵی تر، بەنموونە برا یان خوشکێکی تری هەبێت و هەست بەوە بکات، جیا دەکرێتەوە، ئاکامەکەی تووشی بێزاری و ڕقلێبوونەوە لە بەرامبەری دەکاتەوە و وەک گرێیەکی دەروونی لێی دەڕوانێت و تووشی شەرمکردن دەبێت.

٥- سزادان، هۆکارێکی ترە کە منداڵ دەکاتە مرۆڤی شەرمن، واتە مامەڵەیەکی نا پەروەردەیی و دوور لەهەست و سۆز.

٦- بوونی حاڵەتی تایبەت، وەک بوونی نەخۆشییەک یان لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەی، ئەو منداڵە هەمیشە حەز بەشاردنەوەی ئەو حاڵەتە دەکات، بۆیە بە ناچاری شەرم دەکات.

زۆرکەس پێیان وایە تاکە سوودی شەرمنی ئەوەیە تووشی کەمترین گرفت ئەبێت لەگەڵ کەسانی تر بەهۆی کەم بەرکەوتنی، هەندێکیش دەڵێن بەرنەکەوتنیش خۆی هەر بەشێکە لەکێشە و گرفت.

وتەیەکی کۆنی ناو کۆمەڵگەی کوردی هەیە، بەڕای من زۆر ناشیرین و نەشیاوە، بەڵام من وەک بوونی و جۆری بابەتەکە و دەستنیشانکردنی وەک خاڵی لاواز لەسەر پەروەردەی خێزان و

کۆمەڵگەی کوردی، دەیهێنمەوە، **تا وازی لێبێنین و بەرامبەر هیچ** کەس بەکاری نەهێنین، زۆربەمان بیستومانە کەدەڵێت: **(کچی شەرمن شارێک دێنێت، بەڵام کوڕی شەرمن شانەیەک دێنێ).**

جارێ ئەو جیاکاریە لەنێوان هەردوو ڕەگەز زۆر خراپە و ناکرێت بوونی هەبێت، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەم سەردەمی شارستانی و ژیارییەی ئەمرۆکە دنیا هێندە بچووک بۆتەوە لەسەر شاشەی مۆبایلەکانمانە، بەدەر لەوەی جیاوازی رەگەزی جۆرێکە لە سەندنەوەی ماف و پێشێلی رەوایەتی ئازادییەکانی تاکە.

شەرمکردن و جۆرەکانیمان ناساند، دەکرێ هەوڵی نەهێشتنی ئەو حاڵەتە دەروونیە بدەین و چارەسەری بکەین، چونکە مانەوەی گرفت و کێشە بۆ تاک دروست دەکات، تەنانەت، تارماییەکی ترسناکە بۆمرۆڤ، **ڕۆماننووسی ناودار(گابرێل گارسیا مارکێز(١٩٢٧ – ٢٠١٤) دەڵێت:( شەرمنی ئەو تارماییەیە کە ناتوانرێت شکست بهێنێت).**

ئەو کاتەی کە لەگەڵ مرۆڤ هەنگاوی ناو ئەویش گەورەبوو، بێگوومان ناتوانرێت شکستی پێبهێنرێت، کەواتە کەی گونجاوە و بەچی چارەسەری بکەین؟

باشترین و کاریگەرترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەرمنی، کاتی منالییە ئەویش لە ڕێگەی پەروەردەوە دەبێت، بەم هەنگاوانە:

١- پەیوەندی هاوڕییەتی نێوان مامۆستاوقوتابی، کەدووربێت لە ترس و دڵەڕاوکێ، پڕبێت لە هەست و سۆز و خۆشەویستی.
٢- دروستکردنی کەشێکی گونجاوی پڕلە یاری و جوڵە.
٣- مامەڵە کردنێکی دروستی پەروەردەییانەی هاوچەرخ، لەلایەن مامۆستاکانەوە.
٤- پڕۆگرامەکانی خوێندن بابەتی چیرۆک ئامێزی تیا دابنرێت، کە شەرمنی لە منالاندا بسڕێتەوە و نەیهێڵێت.
٥- هەماهەنگی باشبکرێت لەگەڵ دایک و باوکی منالان بەگشتی و ئەوانەی شەرمنن بەتایبەتی، تا لەڕێگەی پەروەردەیی و تایبەتەوە شەرمەکەیان نەهێڵرێت.
٦- دروستکردنی پەیوەندیەکی هاوڕێیانەی پتەولە نێوان قوتابیاندا (بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ).

چارەسەری هەموو کێشە و گرفتێک مەحاڵ نیە، بۆیە لە سەر وەزارەتی پەروەردەیە، هەنگاو بنێت بۆ ئاوڕدانەوە لە حاڵەتی شەرمکردن و دانانی ڕێگەچارەی گونجاوی دروستی پەروەردەییانەی هاوچەرخ، تا منالەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و نەوەکانی داهاتو، لەجیاتی شەرم، توانای دەربڕین و ڕوو بە ڕووبوونەوە و لەجیاتی ترس ئازایەتی و لەجیاتی شەڕ، تۆوی ئاشتی لەناخیاندا بچێنین و گوڵی جوانی کامەرانی لە داهاتوودا ببینین.

ئەوەی گرنگە بۆهەنگاونانی چارەسەرکردنی شەرمکردن، پێویستە لە سەرەتاوە لە منالیدا کاریان لەسەر بکەین، چونکە تەمەنی

منالّی ئەو تەمەنەیە مرۆڤ شەرم لە شکست ناکات، هەمیشە درێژە بە ویستاکانی دەداتەوە و بەردەوام دەبێت.

**ئەوەتا (مالکۆم ئێکس سیاسەتمەدار ١٩٢٥ – ١٩٦٥) دەڵێت:( دەبێت لە منداڵان فێربین شەرم لە شکست نەکەین و هەستین و یاریەکە دووبارە بکەینەوە).**

# پێشوازیکردن لەساڵی نوێی خوێندن

**(هەر کەسێک دەرگای قوتابخانەیەک بکاتەوە، دەرگای زیندانێک دادەخات – ڤیکتۆرهوگۆ)**

گرنگترین پلان بۆ ساڵی نوێی خوێندن بریتیە لە چۆنێتی و شێوازی پێشوازیکردن، چونکە ئەوە دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئەوەی دڵی هەموو منداڵان خۆشبکرێت، تاموچێژی ئەو ڕۆژە دەبێتە هاندەری بەردەوام بۆساڵەکە، چونکە ئەو هەنگاوە دەسپێکێکی گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەدا، لەبەر ئەو هۆکارە گرنگەی ئاماژەمان پێدا، هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەک پێویستی بەدانانی ئەو پلانە هەیە، بە بۆچوونی ئێمە پلانی پێشوازی لەساڵی نوێی خوێندن بە گشتی و قوتابیە تازەکان بە تایبەتی لەم هەنگاوانە کورتدەکرێنەوە:

١– خۆئامادەکردنی دەستەی مامۆستایان و لەبەرکردنی جلوبەرگی جوان و شایستە و پەروەردەییانە.
٢– ڕازاندنەوەی قوتابخانە بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و نەخشونیگاری سەرنجڕاکێش.
٣– ئەنجامدانی چەند یاریەکی هەمەڕەنگ و بەشدارییپێکردنی قوتابیان.
٤– ئامادەکردنی چەند سروودێکی پەروەردەیی.
٥– بەخێرهێنانی منداڵە تازەکان و ئامێزگرتنەوە و دەربڕینی هەست و سۆز و نەرمونیانی بۆیان.
٦– پێشکەشکردنی چەند دیاریەک بە منداڵان.

٧- ناساندنێکی کورتی قوتابخانەوباشەکانی.

٨- خۆناساندنی ماموستایان بەمناڵان و دەسخستنە ناو دەستیان یەکەبەیەکە.

٩- ئاهەنگێکی خنجیلانە بۆ یەکترناسینی مناڵە تازە هاتووەکان سازبکرێت.

ئەم هەنگاوانە دەبنە فاکتەری کردنەوەی دەرگای ئومێد و خۆشەویستی قوتابخانە لەلای منداڵان، هۆکارێکیش دەبێت بۆ دڵخۆشکردن و زەردەخەنەی مناڵان، لەسەر دڵخۆشکردنی منداڵان **(محەمەد عەلی کلای)دەڵێت: (زەردەخەنەی منداڵان باشترین شتە لە جیهاندا، برینەکان سارێژ دەکات و ژیان گەشاوەتر دەکات).**

ڕاستە قوتابخانە و خوێندنگە ئەرکی گەورە و گرنگیان لەسەر شانە بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردە، بەڵام هەر ئەوان بە تەنیا ناتوانن ئەرکەکە سەربخەن و هەنگاوەکان تەواو بکەن، بەڵکو لەسەر لایەنی پەیوەندیدار و بەرپرسیشە، هاندەر و هاوکار و پشتیوان بێت بۆ گەیشتن و سەرخستنی ئەم ئامانجە،ئەویش بە دابینکردن و بەئەنجامگەیاندنی پێداویستیەکان و خزمەتگوزاریەکان، لە بینای خوێندنی باش و گونجاو و دانانی ماموستا و کەلوپەلی قوتابخانە و پێویستیەکانی خوێندن.

لایەنێکی تریش کە ئەرکی لەسەر شانە کەسوکاری قوتابیان و دایبابەکانیانە، ئەوانیش ئەرکی گرنگیان لەسەرە بە پشتگیریکردن و هاندان و خزمەتکردنی ڕۆڵەکانیان و هاوکاریکردنی قوتابخانە لە پێناو ئایندەی گەشی ئەو منداڵانە.

**(لیۆتۆڵستۆی)دەڵێت:( منداڵان پێویستە شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لە ژیاندا، ئەوان ئەو هیوایەن کە دەبێت بەرهەم بهێنرێن).**

لەمەوە کاکڵەی بیر و خزمەتکردنی منداڵان و دابینکردنی ئەوەی پێویستە بۆیان دەردەکەوێت، چونکە

ئەوان تاقە هیوای ئایندەن کە دەکرێت لەورێگەیەوە بگەین بەو بەرهەمەی کەناوی خۆشگوزەرانی وئایندەی ڕوون وگەشە بۆ داهاتومان.

ئەوەی تا ئێستا وەک پێویست سیستمی پەروەردەی ئێمە خەمی نەخواردووە و هەوڵی بۆ نەداوە، گرنگیدان بووە بە لایەنی هەستو سۆز و ویژدانی، هەروەک سەردەم و زەمەنی کۆنتر و کەمێک گۆڕانکاری نەبێ بەسەریدا نەهێنراوە، کە دەکرا و پێویست بوو ئەوەندە گۆڕانکاری بەسەردا بهاتایە، هەموو یاسا و نەریتە کۆن و خراپەکان شۆڕشیان بەسەردا بکرایە، نەک لەهەمان بازنەدا بخولێینەوە، ئەم دەربەست نەبوون و خەمساردیە وایکردووە، پرۆسەی پەروەردە وەک پێویست گەشەنەکات و کۆمەڵگەکەشمان، هەروا بەستەی عەقڵی خێڵ و هۆزبێت، کەی قوتابخانەکانمان بوون بەو جێگەیەی منداڵان تێیدا ئارام بگرن؟ ئاسوودەیی لە ناویاندا هەستی پێبکرێت؟ ژینگەی فێربوون و ئاراستە کردنی پەروەردەی سەردەم و هاوچەرخ بوون؟ هەموومان وانەکانی ژیانی لێدەخوێنین و فێردەبین، زانای گەورە و ناودار(**ئەلبێرت ئەنیشتاین) بەمجۆرە پێناسەی قوتابخانە دەکات و دەڵێت:(لە**

**قوتابخانە وانەیەکت پێدەڵێنەوە و دواتر تاقیت دەکەنەوە، بەڵام ژیان تاقیتدەکاتەوە و دواتر وانەیەکت پێدەڵێتەوە).**

**پاشئەوەی گرنگی و بایەخی شێوازی پەروەردەییانەمان باسکرد، دەکرێ چەند پرسیارێک بکەین، بزانین سیستمی پەروەردەی ئەم هەرێمەی لەمەڕ خۆمان، تاچەند ڕەچاوی ئەو گرنگیدانەی بۆ پێشوازیکردنی ساڵی نوێ پێویستە، ڕەچاوکراوە؟**

**١- چ پلانێک هەیە لەلایەن وەزارەت و پەروەردەکانەوە بۆ ساڵی نوێی خوێندن؟**
**٢- چەند قوتابخانە پلانی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەومەبەستە؟**
**٣- ئەو ڕێنماییانە کامانەن کە گشتاندنیان بۆ کراوە بۆ ئەومەبەستە؟**
**٤- چ کارێکی هەماهەنگی کراوە لەگەڵ مامۆستایان و کەسوکاری منداڵان بۆ ئامادەکاریەکانی ساڵی نوێی خوێندن؟**

**لەگەڵ ئەوەی هەموو کارێکی باش و کردەییەکی شیاو و گونجاو دەکرێ بە پەروەردەی دروست سەیربکرێت، بەڵام وەک (حەسەن کەمال) دەڵێت:(چوونە قوتابخانە جیاوازە لە پەروەردەکردن).**

**کەواتە بە تەنها چوون بۆ قوتابخانە، ناکاتە ئەوەی پەروەردەیەکی تەواوبێت، دەکرێت بەهەنگاوێکی دروست و پێویست هەژماربکرێت.**

**عەقڵی ڕەخنەگرانە بەشێکی گرنگ و پێویستی پەروەردەیی هاوچەرخ و سەردەمە، بینینی ئەو شێوازە بۆ ژیان جێی سوود و ئامانجی داهاتووی تاکی بەئاگا و ڕەخنەگرە، بۆیە**

**بەوتەیەکی(تۆدۆرۆڤ)کۆتایی بە وتارەکەم دێنم کەدەڵێت: (لە قوتابخانە فێری ئەوە ناکرێین کە بەرهەمە ئەدەبییەکان باس لە چی دەکەن، بەڵکو فێری ئەوەمان دەکەن کە ڕەخنەگران باسی چی دەکەن).**

# ئەرک و ماف، لە تەرازووی ناڕەزایی و بایکۆتکردندا

**(دەسەڵات مافەکان نادات و ناسەلماینێت، بەبێ ئەوەی داوای لێبکرێت و فشاری لێبکەیت، وەک چۆن ئەم کارەی نەکردووە و هەرگیز نایکات – فرێدریک دۆگلاس)**

هەموو مرۆڤێک کاتێک ئەرکێکی پێدەسپێردرێت لە بەرامبەر ئەو ئەرکە مافی بۆ دیاریدەکریت، بە پێی ئەرکەکە مافەکەشی گۆڕانی بەسەردادێت.

لەم هەرێمی کوردستانەی کەتەمەنی حوکمڕانیەکەی سیودوو ساڵە، زۆر قۆناغی سەخت و ناخۆش و ئاستەنگی جۆرا و جۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەمنی هاتوونەتە بەردەم حکومەت و خەڵکەکەی، هەندێکیان دەرەکی بوون، کە لەدەرەوەی هەرێم کاریان بۆ کراوە، ئەتوانم بڵێم تەڵە و داوی ڕاوچی ئاساییانە کە بکەرەکانی دوژمنانی کورد پێی هەستاوون، ئەنجامەکەشی زیانی گەورەی بۆ خەڵک و سوودەکەشی بۆ بکەرەکان بووە، بەشێکیشیان ناوخۆیی و بەهۆی نەزانی و بێپلانی و دەستوەردان و بەرژەوەندپەرستی کەس و لایەنە دەسەلاتدار و حیزبە حومڕانەکانەوە کراوە و ڕوویانداوە.

شێوازی حوکمڕانی نا دادپەروەر و قۆرخکاری هەموو جومگە سەرەکیەکانی ژیان و بەکارهێنانی پۆست و پلە بۆ بەرژەوەندی کەسی لەم هەرێمەدا وایکردوە، هیچ تاکێکی ئاسایی هەست بە ئارامی دەروونی خۆی نەکات، بگرە ئەو هەستەی بەرامبەر خاک و

نیشتمان هەیانبووە لە پێشوودا بگۆڕێت بۆ ڕق و بێمەیلی و نەمانی خۆشەویستی و سۆز.

لە دوای ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆ و فرۆشتنی نەوت و سامانی سرووشتی ئەم هەرێمە و پەیدابوونی داعش و پەلاماردانی ئەوهێزە توندڕەو و تیرۆریستە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، قەیرانی دارایی سەریهەڵدا و خەڵک ماندوو کرا بەهۆی بێپلانی و نەزانینی حوکمڕانی و ئیدارەدان، لەو سەروبەندەدا چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین بە گشتی و توێژی مامۆستانیان بەتایبەتی خۆپیشاندانیان بردە سەرشەقام و پاشان بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن، چونکە لەبەرامبەر ئەرکەکانیان مافەکانیان نەدەدرایە و پێشێلدەکرا.

دوا بەدوای ئەو هەموو کارەساتە ڤایرۆسی کۆڕۆناش یەخەی جیهان و ئەم هەرێمەشی گرت، لەو کات و ساتانەدا حکومەت دەستیکرد بە لێبڕین و پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و بارگرانی و ژیانی سەخت و کولەمەرگی پێشکەشی خەڵکەکەی خۆیکرد.

لەمسەر و بەندەی ئێستاشدا کە بە بڕیاری دادگای پاریس لەسەر سکاڵای حکومەتی ناوەندی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ و بێڕەزامەندی ناوەند قەدەغە کرا و ڕاگیرا، حکومەتی هەرێم ناچار بەڕێکەوتن کرا لەگەڵ ناوەند، بە هۆی جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتنەکە و دەنگنەدان لە سەر یاسای بودجە و یەکتر تۆمەتبار کردن لەلایەن هەرێم و ناوەندەوە، وەک پێویست

**بڕی داهاتی دیاریکراوی هەرێم نەنێردراوە، لەم کاتەشدا ئەوەی زیانی زۆری بەردەکەوێت خەڵکی هەرێم بەگشتی و موچەخۆرانن بەتایبەتی.**

**چەند ڕۆژیکی کەمی ماوە بۆ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٣–٢٠٢٤ لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێم مووچەی مانگەکانی ٧و٨ ی دابەشنەکردووە، دەنگۆی بەربڵاوی ناڕەزایەتی و بایکۆتی دەوامی مامۆستان هەیە کە تاکاتی کردنەوەی دەوام مووچە نەدرێت، ئەوانێش هەڵوێست وەردەگرن.**

**ئەوەی بۆتە مایەی خەم و بێزاری خەڵک لەم دەسەڵآتەی هەرێم، بێمنەتی و نەخوێندنەوەی ئەو هەموو داوا و ڕەخنە و ناڕەزایەتیەیە، بەڵام خۆیان و منداڵەکانیان و کۆمپانیاکانیان مێش میوانیان نیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوڵەمەندتر ئەبن لەسەر حسابی خەڵک، دڵنیام بەمکارانەشیان جامی ڕقی خەڵک زیاتر پڕ دەکەن، کەڕژا لافاو خۆیان دەبات، بەو هیوایەم نەگاتە ئەو ڕۆژە و بەخۆیاندا بچنەوە.**

**ستەمکردن لە خەڵک بە گشتی و مووچە خۆران بە تایبەتی دەرخەری نادادی دەسەڵاتی خۆ سەپێنە، بۆیە دەڵێم خۆسەپێن لەم هەرێمە هیچ مانایەک بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و هەڵبژاردن نەماوەتەوە، چونکە هەموو ئەوانە تەنها ووشەن و ناچنە ناو خانە و ڕەفەکانی خۆیانەوە، ئەم چەند گوتار و ناڕێکی و ناتەباییەی هێزە دەسەڵاتدارەکان درز و کەلەبەر و تەنانەت دەلاقەی گەورەی دروستکردوە، لە بەردەم نەیارانی کورددا، بۆیە ئەوانیش هیچ**

مافێک بەم هەرێمە بەڕەوا نابینن کە پێی بدەن، دڵنیام ئەوانەی جاران دۆستی کورد بوون ئەوانیش پشتیان تێکردووین و لەگەڵمان نین، بەهۆی سیاسەتە هەڵە و پڕ خەو شەکانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، لە داهاتوودا ئەوانە باشتر بۆ هەموومان ڕوون دەبنەوە.

لەمسەر و بەندەی بێڕێزیکردن بە مووچەخۆران و پێنەدانی مافەکانیان، ناکرێت هەموو کار و کردەوەیەک بە دڵی ئەوان بێت، بۆیە دەکرێ هەڵوێستەیەک بکەین و ئەو ناهەقی و ستەمە بوەستێنین، بە وانەی ئەم هەرێمەیان گەیاند بەمرۆژە ڕەشە بڵێین: ئاغاکانی ناو دیواخانە کۆشک بلووریەکان، فەرموون ئێوەش کەمێ قوربانی بە سامانەکانتان بدەن و بیدەن بە خەڵک، وەکچۆن خەڵک زیاد لەسێ دەیەیە، بە هەموو جۆرێک قوربانی بۆ ئێوە دەدات، بۆ ئەم داوایەشم ئەزانم مێش میوانتان نیە، ببینن زۆر لە ستەمکارەکانی دەور و بەرمان بەرشاڵاوی تووڕەیی خەڵک کەوتن و هیچ فریایان نەکەوت، ووتوویانە هەق ئەسەنرێ و نادرێ، زوو ئەوانەی ژیرانەتر مامەڵەیان لەگەڵ ئەزموونەکان و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان کردبوو، ووتیان دوای سەدامیش خراپتر ڕوو ئەدات، هەموومان گەیشتینە ئەو بڕوایە، هەر بۆیە ووتارەکەم بە ووتەیەکی **(ڕۆبێرت فرۆست) کۆتایی پێدەهێنم کە دەڵێت: (پێم وایە مافی سروشتی مرۆڤە کە بە شێوازی ئاسایی خۆی بژی کە ئەویش وەک دۆزەخە)**

## بایکۆتی خوێندن و بێباکی حکومەت

لە دوای ساڵی ٢٠١٤ هەرێمی کوردستان توشی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەی بۆتەوە، زۆربەی ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانانە بە هۆی نەدانی مافەکانی خەڵک بووە بەتایبەت موچە، جگە لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ کە زیاتر هاندانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتە و گۆڕانکاری ناوچەیی و شەپۆلەکانی بەهاری عەرەبی بوو، ئەو ناڕەزایەتیە، تاقە ناڕەزایەتی بوو کە لایەنی پەیوەندیدار بەپەرلەمان و حکومەتەوە بێنە سەرخەت و وەڵامبدەنەوە، لە دانیشتنێکی پەرلاماندا کرا بەپاکێجێکی ١٧ خاڵی و ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کرا، بەڵام هیچ لەو خاڵانە نەچوونە بواری پڕاکتیکیەوە.

هەر بۆیە خەڵک بێهیوا و بێئومێدە لە حکومەت داوا ڕەواکانی بسەلمێنێت .

زۆربەی ناڕەزایەتیەکان توێژی مامۆستایان پێیهەستاون، ئەو شەپۆلی ناڕەزایەتیەش بەر ناوچەیەک لە هەرێم کەوتوە، ئەویش سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین و هەڵەبجەیە، ئەوەش سەلماندنی دوو زۆنی و دوو ئیدارەیی دەسەلمێنێت، لە بەر ئەوە حکومەت یەک سیستمی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی هەیە، ناکرێت لەو کاتەی هەموو مامۆستایان و فەرمانبەران بێبەشبکرێن، تەنها بەشێکیان لە ناوچەیەکی دیاریکراو ناڕازیبن، بۆ ئەمەش کۆمەڵێ فەکتەربوونیان هەیە، گرنگترینیان شێوازی مامەڵەی دەسەڵاتی ئەو زۆنە نیشان دەدات، کە تاچەند قبوڵی ناڕەزایەتی دەکات، لەگەڵ

ئەوەشدا لە مێژوودا هەندێ شوێن وا ناسراوون کە هەمیشە سرک و یاخین، سلێمانی لە سەرەتای دروستبونیەوە ئەم ناسنامەیەی هەبوە، بۆیە شاعیری ناودار(کامەران موکری) نازناوی (شاری هەڵمەت و قوربانی) بەمشارە دەبەخشێت، بەڵام من مەبەستم ئەوە نیە لە خەبات و قوربانی و جوامێری و ئاست بەرزی شارەکانی تر کەمبکەمەوە، زیاتر تیشکخستنە سەر ئەوەی زۆربەی نارەزایی و خۆپیشاندان و بایکۆت لەو سنوورە بوە.

لەمکاتەشدا وا نزیکی هەفتەیەکە بایکۆتی خوێندن و نەکردنەوەی دەرگاکانی قوتابخانە و خوێندنگەکانی سنووری سلێمانی بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەی لە ناوچەکانی تر دەرگاکانی قوتابخانە و خوێندنگەکان کراونەتەوە بەرووی قوتابیان و خوێندکاراندا، لە هیچ شوێنێکی دنیا نیە و نەبوە حکومەت خەمی پرسێکی لەو جۆرە نەخوات و لێی بێدەنگ بێت، مەگەر وولاتە دکتاتۆر و خۆسەپێنەکان.

لە هەر شوێنێکی دنیا پرۆسەی پەروەردە پەکبخرێت و پەراوێز بکرێت، ئەوە نیشانەی کەوتن و وێرانی ئەو کۆمەڵگەیەیە، لە سەر ئەم وتەیە پیرەمێردی گەورە دەڵێ:

ڕێی ڕاست ئەمەیە گەر ڕاستت ئەوێ

کە دیوار ڕووخا، بانیش ئەکەوێ

بە ڕای من لەم پەندەدا دیواری کایەکانی کۆمەڵگە پەروەردەیە، جا ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بیر نەکەنەوە

و هەست بە مەزنی پەروەردە نەکەن، وا بزانن کێشە نابێت بۆیان، زۆر بە هەڵەداچوون، چونکە لە دنیادا بان(سەقف)ی هیچ بینایەک بەبێ دیوار ناوەستێت.

ئەمشێوازی بەڕێوەبردن و کارگێڕیەی هەرێم تا سەر بەمجۆرە بڕناکات، کەوا دەڵیم لە دڵەوە نیگەرانم، بەڵام حوکمڕانیەک نەتوانێ دڵی مامۆستا و موچەخۆرانی خۆی ڕازی بکات، ئەوە چ حوکمڕانیەکە؟ لە کاتێکدا لە وولاتێکی پڕ ساماندا بیت، گومان و دوو دڵی و نامۆیی هەموو کۆمەڵگەی باشوری کوردستانی گرتۆتەوە، کە ئەم دەسەڵاتە جگە لە خۆیان هیچ خەمێکی تریان نیە، **(عومەر موختار) تێکۆشەری لیبیا و سەرکردەی قوربانی مافەکانی خەڵکی ئەو وولاتە، لەسەر دوو دڵی و گومان وتویێتی:(دوو دڵی گەورەترین بەربەستە لە بەردەم سەرکەوتن) .**

لە سەروو هەموو شتێکەوە دەبوایە حکومەت ببوایە جێی ڕەزامەندی خەڵک و متمانەی ببەخشییایە، نەک بە جۆرێک بێت کەس دانی خێری پێدا نەنێت، پێموایە ئەمەش زۆر خراپە بۆی.

**(گۆتە ١٧٤٩ – ١٨٣٢)ی نوسەر دەڵیت: (ئەگەر متمانەت بە خۆت هەبێت، ئەوا متمانە بە کەسانی تر دەبەخشیت).**

دۆخی ناڕوون و ناڕێک و نادادی هەرێمی کوردستان بەرەو ئاقارێکی پر لە مەترسی و ناخۆشی و دڵەڕاوکێ و ڕوو لە چاڵی تاریکی و وون بوون دەکات، بە دەست کۆمەڵێ حیزب و بەناو سەرکردەی بێخەم و بێئاگا لە خەڵکی ئەم هەرێمە.

ناچارم، خەمساردی و بێنمەتی و بێباکی بەرپرسانی کورد وایکردوە کە لەگەڵ شاعیری جوانەمەرگ و خەمخۆری کورد(ئەحـمەد مـختار جـاف)دا پڕ بە دەم هاوار بکەم و بڵێم :

لادە شـاعیـر تۆ لە بـاسی عشـقبازی و سـەیرکە
چـۆن خـەریکن چـەند کەسـێ ئێـستا وەتەن وێران ئەکەن
جـاهـیلان بـۆ ئیستیفادەی زاتی خـۆیان ڕۆژ و شـەو
لـەم مـوحـیـطە مەنعی عیـلم و سـنعەت و عیـرفـان ئەکەن
ڕوو ڕەشـی دوونـیا و قیـامەت ئەو نەفـامانەن کـەوا
هەجـووی قەوم و میـللەتـی خۆیان بە پـارە و نان ئەکەن
ئـاسمان ئێستا وەهـا چەرخـاوە جـاهل غـالیـبە
گـوربـە و ڕێـوی خـەیـاڵـی مـەرتەبەی شـێران ئەکەن
چـەن کەسێـکی تـازە پیـا کەوتوو لە کـوورە دەرچـوون
پیـاو کە چـوو بۆ ئیش لە پێـشدا یوقـلمـەی گیرفان ئەکەن
خەڵـکە، بەعـزێ کەس لـە ئینـسانیەت چیـان دیـوە زەرەر
وا هەمیـشە مـەشـقی وەحـشی و پەیـڕەوی حـەیـوان ئەکەن.

لەم دۆخە هەستیارەدا دڵنیام هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، ئەو هەستەی کە (ئەحمەد موختار بەگی جاف) دەریبڕیوە، هەیەتی و ئەم دەسەڵاتە بەو شێوازە دەبینێت.

# پەروەردە و گیانی وەرگرتنی ڕەخنە

**(من ڕەخنەی توندم لەکەسی زیرەکەوە پێباشترە لە پشتیوانی کوێرانەی خەڵک – یۆهانس کێپلەر).**

هیچ گومان نیە لە سەر ئەوەی پەروەردەی ڕەخنە گرانە، دیدێکی سەردەمیانەی پێویستە بۆ پەروەردە و ئایندەی گشت کۆمەڵگەیەک، ئەو دیدەی کە مانای جەوهەری ڕاهێنان و تێبینیکردن و سەرنجدان و خوێندنەوەی ووردە بۆ هەموو کایە جۆر بە جۆرەکانی ژیان.

دیدی ڕەخنە و ڕەخنەلێگرتن وابەستەی کایەکانی ژیان دەکرێت لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە، ئەوەش بە سانایی بەدینایەت پێویستی بە پلان و دانانی ئامانج و ستراتیژی دوور مەودا هەیە.

پەروەردەی ڕەخنەگرانە (ڕەخنەیی) ئامانجی پێکهێنانی عەقڵە بە شێوەیەک کە بتوانێت بڕیار لەسەر بیرۆکە و تێڕوانین و بڕیاردانەکانی دەربکات بۆ دیاریکردنی ڕادەی یەکگرتووییان لە ڕووی دەروونییەوە پێش ئەوەی وەریبگرێت، عەقڵی ڕەخنەیی دیاردە و ڕووداوەکان وەک خۆیان قبوڵ ناکات و پەلە ناکات لە باوەڕ پێهێنانیان، بەڵکو دەیانخاتە بەردەم تەرازووی دەروون و بەراورد و هەڵسەنگاندنەوە، تاقیاندەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ڕاستن یان هەڵەن.

پەروەردەی ڕەخنەگرانە، هەنگاوی گرنگدان و بایەخپێدانە بە گیانی وەرگرتنی جیاوازی و بەراوورد کردن تا دەگات بە ئامانج، بۆیە

دەکرێ ئەم تێزە ناوبنێین (جیاوازی ڕەخنە و ڕق) ئەمەش بەو مانایە دێت کە هیچ کاتێک ڕەخنە ناچێتە ناو چوار چێوەی ڕق و کینەوە، بەڵکو دەبێتە بەشێکی گرنگ لە گەیشتن بە دۆزینەوەی ڕێی ڕاست و دروستی ژیان، **لەمبارەوە (مستەفا مەحمود) دەڵێت: (جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەخنە و ڕق، لە نێوان ئامۆژگاری و ڕوشکێنی لە نێوان ڕێنمایی و سەرپەرشتیکردن، ژیانی خەڵک بە ناوی تۆ نەنووسراوە تا پێیان بڵێی چۆن بژین).**

ئێمە پەروەردەی کەلتورێکی داخراو و داگیر کراوین، لە ناو هەناوی هەر تاکێکماندا، لە جێی رەخنە دڕکی ڕق و کینە ڕواوە، تاکە هۆکارێکیش کە بتوانین لێی دەربچین هاندان و بەپیرەوە چوونە، ڕووە و پەروەردەی ڕەخنەگرانە، ئەویش کارکردن و ماندوو بونی گەرەکە تا ڕێچکەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێت بە ڕێگە ڕاست و فراوانەکەی ژیان، لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەگەین بە پەروەردەی ڕەخنەگرانە.

لە ناو کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆژهەڵاتی تا ئێستاش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نەبۆتە نەریت، تا بتوانرێت بخرێتە ناو پرۆسەی پەروەردەوە، لە ناو ژانرە ئەدەبیەکانیشدا ڕەخنە هەمیشە بە چاوێکی

دژ و دوژمن لێی ڕوانراوە و کەم نوسەر هەیە ئەو گیانە بە ئاسایی وەربگرێت، بۆیە (مامۆستاهەژار) لەوەرگێڕانی (شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی) ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێ من مەمنوونی

ئەوانەم کە شڕەکانم بۆ پینەدەکەن نەک هەوڵبدەن عەیب و عارم وەدەرخەن.

دیارە خۆی باش کۆمەڵگەکەی دەناسێت و ئەزانێت چۆن لەسەنگەردان بۆ شکاندنی یەکتری.

ئاراستەی بەدیهاتنی ئەم بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، بە کەسانی باش و بیر فراوان دەکرێت (**سەلمان عۆدە) دەڵێت:( دانیشتن لەگەڵ کەسانی ژێر کاریگەری ڕەخنەی خراپ لەسەرت کەمدەکاتەوە، واتلێدەکات بە چاوی ئاسایی لە ڕەخنەبڕوانی).**

لە ناو پەروەردەدا بە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان و کارکردن لە سەربنەماکانی لێهاتوویی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئامانجگەلێک بەدیدێنێت، کە هەموو لایەنەکان و بەشەکانی ناو پرۆسەکە بگرێتەوە لە پیداگۆجی (فەلسەفەی پەروەردە) و شێوازی گەیاندن یان وانە وتنەوەی مامۆستایان (دیداکتیک).

ئەوەی جێی شکو سەرنج و تێبینی من و زۆر کەسانیترە، لە ئێستادا مامۆستاکان بە گشتی بە گیانی بیری ڕەخنەگرانە ڕانەهێنراون و هیچ پلانێکی باش لەو جۆرە نەبۆتە بەرنامەی کاریان، کە ئەمەش ئەوەندەی لە سەر وەزارەتی پەروەردەیە کەمتر ڕەخنەکە ئەوان یان مامۆستاکان دەگرێتەوە.

ئەوەی ئاماژەم بۆ کردوە، تەنها تیشکێکە و خستومەتە سەر ئەو کایە گرنگەی ژیان کە بۆ هەموو لایەن و کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە گرنگ و پێویستە، جا ئەگەر بمانەوێ هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە،

پێویستە لە ناو پەروەردەدا ڕەنگدانەوەی باشی هەبێت، ئەوەش بەدەست خستنە سەر هەموو کەلێن و کەموو کوڕیەکانی ناو پرۆسەکە، لە دیاریکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ و سەردامییانە، ئینجا پرۆگرامی گونجاو و ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان، دڵنیام ئەوەش کاتی زۆری دەوێ بەڵام دەستپێکردن زۆر باشترە لە چاوەڕوانی و دانیشتن بە دیار دۆخێکی خراپکراوی ناڕوون.

## پەروەردە وگیانی بەرپرسیارێتی

**(لەڕاستیدا زۆربەی خەڵک ئازادییان ناوێت، چونکە ئازادی بەرپرسیارێتی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و خەڵکیش لە بەرپرسیارێتی دەترسن– فرۆید)**

بەرپرسیارێتی بە واتای لە ئەستۆگرتنی ئەرک بە دڵسۆزی و ئەنجامدانی و گەیشتن بە مەبەست و ئاکامێکی بەرهەمدار. لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە جیهان پێی شاد بووە و هەموو دەرگاکان لە سەر پشتن بۆ گەیشتن و بینینی ئەوانەی مرۆڤەکان دەیخوازن و مەبەستیانە بە دەستی بێنن، پەروەردە بووەتە سەکۆی گەیشتن بەو خواستانەی مرۆڤایەتی لە بوارەکانی (ئاشتی، ئارامی، ئازادیەکان، خۆشنوودی، خۆشەویستی، ڕێزگرتن ....هتد)ئەمانە هەروا ئاسان و ساکار بە دەست نایەن، بەڵکو هەوڵ و ماندوبون و پلانی زانستی گەرەکە، کە کار لەسەر فەلسەفەی پەروەردە بکرێت و بەشێوازێکی نوێ و هاوچەرخانە و سەردەمیانە دابڕێژرێت، ئەم کار و پلانە گەورەیە خۆی لە خۆیدا گەورەترین بەرپرسیارێتیە، بەداخەوە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان لەم بەرپرسیارێتیە گرنگ و پڕبایەخە بێبەشکراوون، بە هۆی وا بەستە بوون و گرفتە کارگێڕی و ڕامیاری و ئابوورییەکان، کە ئەمانەش لەژێر دەسەڵات و چنگی لایەن و گروپ و دەستە و تاقمە خۆخوازە پاوانکارەکاندان، ناهێڵن هیچ پلانێک بچێتە سەر سکەی ڕاستی خۆی تا ئامانج و مەبەستی ئاوان لە بەر چاونەگیرێت.

هەر کۆمەڵگەیەک پەروەردەی باشی نەبێت، وەک جەستەیەکی نەخۆش وایە بێدەرمان، کە دیارە نەخۆش چارەسەر نەکرێت دەمرێت یان لاواز و بێتین و تاودەبێت و هیچ کارێکی پێناکرێت، بەڵام ئەگەر جەستە تەندروست بێت، پێویستی بە دەرمان و چارەسەرنیە، هەر بۆیە هەموو نەتەوەیەک لە ڕێگەی پەروەردەی باش و هاوچەرخ نەتەوەیەکی تەندروست و ئازادی لێدەردەچێت.

بەرپرسیارێتی لە کاروکردەوەی تاکدا لە چەند لایەنێکدا دەردەکەوێت، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاک لە چاودێریکردنی دایک و باوک و منداڵ و ئەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە لە ناو کۆمەڵگەی خۆیدا، وەک منداڵی بێ باوک و هەژار و بە ساڵاچوو و نەخۆش و ئەوانیتر.

لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی تاک بەرپرسیارێتی پیشەییە لە پابەندبوونی بەو ئەرکەی پێی سپێردراوە یان خۆی هەڵیبژاردوە، وەک ئەنجامدانی دڵسۆزی و خەمخۆری بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێویستن، ئەوەش بە پەرۆشی و بەڕێوەبردنی کارەکان بە شێوەیەک کە پێشکەوتن و گەشەسەندنیان مسۆگەر بکات، بەرپرسیارێتی دوو لایەنی هەیە، یان خودی کە دەگەڕێنەوە بۆ تاک، یان گشتی ئەوانیش ئەرکی تاکە بەرامبەر هەمووان یان بۆ خزمەتی کایەی گشتی دەبێت.

جۆرەکانی بەرپرسیارێتی کە تاکەکان پێی هەڵدەستن بەڵام لە ئاکامدا، هەمووان سوودی لێدەبینن، کە دەکرێت لەم خاڵانەدا کورتبکرێنەوە:

**١- ڕێکوپێکردنی کەل و پەل جل و بەرگ(پاکوخاوێنی و ڕێکپۆشی).**

**٢- ڕێزگرتن لە گەورەکان و یارمەتیدانی بچووکەکان.**

**٣- پارستن و پاک ڕاگرتنی ژینگە.**

**٤- خۆشەویستی و هەست و سۆز بۆ مرۆڤ و گیانەوەرانی تر**

**٥- گرنگیدان بە پاراستنی کەلوپەل و پێویستیەکان، لەماڵ و شوێنەگشتیەکاندا.**

لە کۆندا چەمکی پەروەردە و بەرپرسیارێتی بە هەڵە شیکردنەوەی بۆ کرابوو، وا بەستەی لێدان و سزادان و فەرمانکردن بوو، بەڵام ئەوە لە لایەن پەروەردەکاران و شارەزایانی بواری دەروونی بوو بە مێژوویەکی تاڵ و کۆتایی پێهات.

پرسیار لە حەکیمێک کرا دەربارەی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵ لە کۆمەڵگە و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ

**حەکیم لە وولامدا وتی: (من کوڕەکەم لە پێناو گەلەکەمدا پەروەردە دەکەم، پەروەردە کردنی کوڕەکەشم لە ئەستۆی هەمووانە)** ئەمە ئەگەر شتێک هەبێت، تەنها ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چەمکی پەروەردە، گەورە و گشتگیرە.

بۆیە بەرپرسیارێتی پەروەردە لە ئەستۆی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە، لە گەورەترینەوە تا نزمترین، چ بچووک و گەورە، بەرپرسیارێتی دایکە لە ماڵەوە، باوک لە ناو خێزان، مامۆستا لە قوتابخانەکەی، هاوڵاتی لە کارەکانی، پیاوانی هێزی چەکدار لە پۆستەکەیاندا، ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەکەیدا، بانگخواز لە مینبەرەکەیدا، نووسەر لە نوسینەکانیدا، بازرگان لە کڕین و

فرۆشتنیدا، پزیشک له نەخۆشخانەکەی و مامۆستا له قوتابخانەکەیدا.

بۆ ئەم هەستە گەورەیەی بەرپرسیارێتی **(نیتچە) وتویێتی:(ئازادی ئەو خواستەیە کە بە ر پرسیاربین بەرامبەر بە خۆمان).**

قوتابخانەکان و خوێندنگەکان بەزیندان دەناسرێن، دەبێ بزانرێت ئەم هەستە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ کە هەوای پەروەردەی تێدا نیە، بۆچی؟ چونکە ترس و نائارامی بەها و ڕەوشتی بەرز وون دەکات، بەڵام جیاوازی ئەمە کە پەروەردەی باشە بینایەکی بەرزە کە ڕۆحەکان پڕ دەکات لە متمانە و سەربەخۆیی، توانای دروستکردن و بنیاتنانی نەوەی سەرکردایەتی هۆشیاری هەیە کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەبێت، وەک هەمووتاکێک بڕی پێویست پەروەردە وەردەگرێت، بە تیۆری و پراکتیکیشەوە، بۆیە دەبێت مامۆستا ئاگاداری ڕۆڵی خۆی بێت، نەک پەروەردە، بەڵکو پەروەردەکردن پێش پەروەردە دێت، هەر لەبەر ئەوەیە، زانست و فێربوون هیچ سوودێکی نییە بەبێ پەروەردە.

جوانترین شتەکان کە باس لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی کراوە بریتین لە دەستەواژە و وشەی نووسراو و وێنە، بەرپرسیارێتی شتێکە کە پێویستە فێری ببێت و لە ڕۆحی منداڵەکاندا بچێنرێت بۆ ئەوەی بتوانن پەروەردەیەکی دروستیان هەبێت، هەموومان بتوانین بۆ سوڕاندنی چەرخی پێشکەوتن لە وڵاتی خۆمان و دامەزراندن وگۆڕانکاری لەسەر ئاستی کەسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بتوانین

به خەونەکانمان بگەین و بەرپرسیارێتی بەرزکردنەوەی پێگەی نیشتمانمان هەڵبگرین و بەرپرسیاربین.

وتارەکەم بەوتەیەکی **(ئاندریە مۆرۆ)کۆتایی دەهێنم که دەڵێت: (ئازادی و بەرپرسیارێتی دووانەن، ئەگەر یەکێکیان لە یەکێکی تر جیا بکرایەتەوە، هەموویان دەمرن).**

## پەروەردە لە نێوان ململانێی حیزبەکان  و خواستی مامۆستایان

بۆ دە ساڵ دەچێت لە دوای ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا قەیرانی دارایی سەر و دڵی ئەم هەرێمەی گرتوە و بەجۆرێ شڵەژاوی  هێناوە بۆ خەڵکی، نەتوانراوە بەباشی  و ئاسایی هاوڵاتیان لەم  جوگرافیە بچووکەدا ژیانێکی سادە و ساکار بەڕێبکەن.

 هەمیشە نارەزایەتی هۆکارێکە بۆ وەڵامی کارێکی پێچەوانەی خواستی کەسێک  یان  توێژێک  یان  گروپێکی  دیاریکراو.

لە هەرێمی کوردستان بە هۆکاری نەبوونی  شەفافی و نادادی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دەستوەردانی حیزبەکان لە هەموو بوار و سێکتەرەکانی  ژیان، ئەم هەرێمە دەرگیری ناخۆشی و نائارامی بووە، بۆیە  زۆربەی  چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان ناڕازین، بەڵام زۆربەی کۆمەڵگەی کوردەواری بێدەنگیان هەڵبژاردوە، جگە لە مامۆستایان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند  فاکتەرێک  کە لە کاتیکیتر و شوێنی تر دەکرێت ئاماژەیان پێبکرێت، بەڵام ئەمجارە باسەکەمان  تایبەت  کردووە  بە پەروەردە، لە بەشێکی  هەرێم  کە سنوری  پارێزگای سلێمانی و قەزا و ناحیەکانیەتی ئەو ناڕازیەتیانە براونەتە  سەرشەقام، یان بایکۆتی  هۆڵەکانی  خوێندنیان کردوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی هەیە لەدوای ساڵی دووهەزار و پانزەوە بێجگە لەگردبوونەوەکان و خۆپیشاندانی مامۆستایانی وانەبێژ، تەنها لەسنووری سلێمانی و دەوروبەری حەفتا خۆپیشاندان ئەنجامدراوە، تا نوسینی ئەم

وتارە. هەرجارە و بەجۆرێک و بێ ئەوەی وەڵامی داوا و خواستەکانیان درابێتەوە، لە پشتی هەموو ئەو نارەزایەتیانەوە، حیزبەکان بە عەلمانی و ئیسلامی و قەومی و چەپەکانەوە، هەوڵیانداوە بە ویستی خۆیان و مەرامە ئایدۆلۆژیەکانیان بخزێننە ناو ئەو نارەزایەتیانەوە، هەرحیزبە و بەپێی توانا و پێگەی خۆی کاریان لە سەرکردوون، بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە هۆکاری بوونی دەسەڵات و بوونی هێز و بەردەست بوونی دارایی زیاتر کاریان لەسەر کردووە و کاریگەریان زۆرتر بووە.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خۆپیشاندەران و نارازیکاران خۆیان خزاندبێتە ئەجێندای حیزبەکان، بەڵام ئەگەر چەند کەسێکیشیان لەخشتە بردبێت توانیویانە، ئاقاری ئەو نارەزایەتیانە بگۆرن بۆ خواستی خۆیان، کە کۆتایی هێنان بووە بەو نەرەزایەتیانە، ئەگەر بەکاتیش بوو بێت.

هەر لایەک بیەوێت پەروەردە بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بەدڵی خۆی ئاراستەی بکات و لەئامانجە گەورەکەی پەروەردە دووری بخاتەوە، هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەو لایەنە نە بۆ خۆی باشە، نە لە پەروەردەش گەیشتووە، چونکە لە دۆخێکی ئاوادا پەروەردە تووشی شکست دەکات، نەوەیەکی ناووشیاری دوور لە بیرکردنەوە دروست دەکات، وەک نوسەر(عەلی ئیبراهیم موسەوی) دەڵێت: (پەروەردەی شکستخواردوو، ئەو پەروەردەیەیە، نەوەیەک دروست دەکات کە دەتوانێت تەنها بخوێنێتەوە و بنوسێت، بەڵام ناتوانێت بیر بکاتەوە).

**لە لایەکیتر ئەوەی بۆتە جێی سەرنج و تێبینی بەندە و زۆر خەڵکیتر، وەڵام نەدانەوە و پشتگوێخستنی خواست و داواکاریەکانی هەموو نارەزایەتیەکان بە گشتی و نارەزایی مامۆستایان بە تایبەتی، زۆر جێی تێرامان و سەرسامیە نزیکەی حەوتسەد هەزار قوتابی و خوێندکار لە ماڵەوەن، بە هۆی بایکۆتی حەفتا و پێنج هەزار مامۆستا، ئەتوانین بڵێین خوێندنی بەشێکی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ لە لێواری پەکخستن و فەوتان و دواکەوتندایە، کەچی بەرپرسێکی پەروەردە نەهات وەڵامێکی باوەڕپێکراو بدات بە توێژی مامۆستایان، یان بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێبدات، بە پێچەوانەوە بە زمانی هەڕەشە دەیانەوێت مامۆستایان بگەڕێننەوە هۆڵەکانی خوێندن، ئەگەر نەگەڕینەوە، ئاوا ناچار دەسەڵاتە کارگێڕیەکانیان بەکار دێنن، ئەوەش بووە هۆی تووڕە بوونی زیاتری مامۆستایان، وەک پەرچە کردارێک لە جیاتی چوونەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن چوو نەشەقام و دووپاتی بایکۆتی بەردەوامیان کردەوە، تا گەیشتن بە مافەکانیان.**

**ئەوەی لای زۆربەمان ئاسایی نەبوو لە ڕۆژی ٢٢-١٠-٢٠٢٣ بەشداری چەند بەڕێوەبەرێکی حیزبی بوو لەگەڵ چین و توێژەکانی تری شاری سلێمانی، کە وا دەخوێندرایەوە بە ویست و داوای حیزب بەشداربووبن، چونکە هەر لە ڕۆژی دواتر بارەگاکانی حیزب کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشێک لە بەڕێوەبەری پەروەردەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگەکان کرد و داوایان لێکردن بچنەوە بۆ دەوام و دەستبکەنەوە بە وانە خوێندن، لێرەوە گومان دەخرێتە سەر کەسێتی ئەوانەی لەو خۆپیشاندانە بەشدار بوون و**

دەچنەوە بۆ دەوام، بێ ئەوەی هیچ مافێکیان بەدەست هێنابێت، ئەوەش دووپاتکردنەوەی هێنانە خوارەوەی شکۆ و کەسێتی مامۆستایان و ئەوانەیە کە بەو کارە هەڵدەستن، ئێستاش چارەسەرکردنی کێشەی مامۆستایان و جێبەجێکردنی خواستەکانیان زۆر ئاسانە، دەسەڵاتی سنووری سلێمانی دەتوانێت خۆی بەو ڕێگەیانەی دەبنە دەرچەیەک بۆ دەرباز بوون لەم دۆخەی پەروەردەی تێکەوتوە،ئەتوانن لەو پارەیەی هەیانە یان داوا لە کۆمپانیاکانیان یان ئەو دەوڵەمەمدانەی دروستیان کردوون و کراوون بە ملیاردێر موچەی مانگێکی مامۆستایان دابین بکەن، تا پرۆسەکە بچێتەوە سەرسکەی خۆی.

بەڵام دەسەڵاتداران بۆیە ئەوە ناکەن دەزانن بەڕێوەبەرەکان وا بەستەی خۆیانکراوون و فشار لەسەر مامۆستایان دەکەن تا داوای حیزبەکان بەدیبێنن، ئەمەش وازهێنانە لە خواست و داواکان و بەکۆیلەکردنی نەک هەر خۆیان و مامۆستایانە بەڵکو پەلدەکێشێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

## ئاسایشی دەروونی مامۆستایان، هەنگاوی چارەسەر

دوای ئەوەی لەبەر نارەزایەتی و بایکۆتی مامۆستایان لەسنوری پارێزگای سلێمانی دەرگای قوتابخانە و خوێندنگەکان تانوسینی ئەم وتارە نەکراونەتەوە و بەداخراوی ماونەوە، چەندین بۆچوون و رای جیاواز و دژبەیەک لەسەر ئەو دۆخە هاتنە ئاراوە.

لایەنی کاربەدەستان و حکومەت و حیزبەکان یەک لایەن و جەمسەری گرفتەکە لێکدەدەنەوە، ئەویش ئەوەیە گوایە قوتابی و خوێندکاران باجەکەی دەدەن، سەرەرای رەوایی داوای مامۆستایان، بێ ئەوەی لایەنەکانی تر لەبەر چاوبگرێت و کاری لەسەر بکات بۆ چارەسەری ریشەیی گرفتەکە، چونکە هەر خۆیان هۆکارن، لایەنی دووەم ئەویش هەر داوای مامۆستایان بە رەوا دەبینێت، بەلام تەنها بۆ چوونی لە سەر کێشەکە هەیە و پشتگیری نارەزایەتیەکان دەکات، توانای چارەسەری گرفتەکەی نیە.

ئەوەی پێش کردنەوەی دەرگای خوێندنگەکان دەبێت بیری لێبکرێتەوە و هەنگاوی چارەسەری رێشەیی بۆ بنرێت، چاککردنی پرۆسەکەیە بەگشتی و ئاوردانەوەیە لە کۆی پرسەکە، بەدانانی فەلسەفەیەکی گونجاوی هاوچەرخی پەروەردەییە کە ئاراستەیەکی زانستی و پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەلایەتی و.... لە خۆبگرێت.

بابەتێکیتری گرنگ کە دەکرێ هەنگاوی پێویستی بۆ بنرێت، دۆخی بژێوی مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویانە، کە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی لەسەر پرۆسەکە هەیە.

ئاسودەیی دەروون، هۆکاری سەقامگیری و سەرخستن و بەدیهێنان و گەیشتنە بەئاکام، بە تایبەت لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا، ئەویش بەباشکردن و گۆڕینی گوزەرانی مامۆستایان دەبێت، هەرچی بکرێت بۆ ئاسایشی دەروونی مامۆستایان واتە بە هاناوە چوون بۆ چارەسەری ڕیشەیی دۆخی پەروەردە، لەم قۆناغەدا دەرچەیەکە بۆ ئاراستەی دەرهێنان لەو دۆخەی پەروەردە کەوتۆتە سوڕی خەوتن و متبوون.

**(برایان تریسی) لەبارەی بوونی ئاسایش لە ناو ناخی تاکدا دەڵێ:( تا زیاتر بەدوای ئاسایشدا بگەڕێیت، کەمترت لێی دەستدەکەوێت).**

لەم وتەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بوونی ئاسایش هەر چەند زۆر بێت هێشتا ڕۆحی مرۆڤ تێرناکات و زیاتر داوا دەکات.

جگە لە ئاسایشی دەروونی چەند جۆرێکیتر لە ئاسایش بوونی هەیە کە هەریەکێک لەوانە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکیش، **لای (شەمسی تەبریزی) ئاسایش پلەکەی زۆر باڵایە، ئەو دەڵێ):**

**(ئاسایش لە خۆشەویستی بەرزترە، بۆیە کاتێ نزیک بیت لێی سەرسام دەبیت، نزیک بوونەوەش دەبێتە هۆکاری دڵنیایی).**

چەند جۆرێکی ترلەئاسایش هەن کەجێی بایەخ و گرنگیپێدانن ئەوانیش ئامانەن:

**١- ئاسایشی دەروونی**
**٢- ئاسایشی خۆراک**
**٣- ئاسایشی تەندروستی**
**٤- ئاسایشی ئابووری**
**٥- ئاسایشی ژینگەیی**
**٦- ئاسایشی ماڵ**
**٧- ئاسایشی مرۆڤایەتی**
**٨- ئاسایشی سەربازی**
**٩- ئاسایشی زانیاری**
**١٠- ئاسایشی نەتەوەیی**
**١١- ئاسایشی ئاو**
**١٢- ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

ئەمانەی ئاماژەمان بۆکردوون جۆرە جیاوازەکانی ئاسایشن، بە گشتی کاریگەریان لە سەر ژیان هەیە، هەر یەکێک لەمانە کەموکورتی هەبوو لایەنێکی گرنگی ژیان کەلێنی تێدەکەوێت.

بۆئەوەی گرفت و کێشە پەروەردەییەکان بنەبڕبکرێن، پێش هەر هەنگاوێک دەبێت بیر لە سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی دەروونی مامۆستایان بکرێتەوە، ئەگەر ئەمە نەکرێت چۆن خەمی پرۆسەی پەروەردە هەڵدەگیرێت؟

دڵێکی خۆش و نیگایەکی دووربین و مێشکێکی دوور لە بیرکردنەوەی ئاڵۆزی، هەموویان دەبنە بنەمایەکی پتەو بۆ بەدیهێنانی پلانێکی ڕاست و دروست و نەخشەیەکی گونجاوی زانستی بۆ ئەنجامدانی هەر کار و پلان و پرۆسەیەکی خواستراو، لەم کاتەدا کە مامۆستایان هیچ دڵیان بە پیشەکایان خۆشنەبێت و هیچ ڕوانگەیەکی باش نەبێت بۆ بینین و هزریان هێندە ئاڵۆزکابێت، چۆن پلان و نەخشە و ڕێگایەک بدۆزنەوە تابتوانن بەباشی وەک توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە خزمەت بە قوتابیان و خوێندکاران بکەن؟

مامۆستایان بە سێ مانگ موچەیەکی کەم وەربگرن، چۆن ئاگایان لە پرۆسەی پەروەردە دەبێت؟

بە مەبەستی پشتگیریکردنی کەرتی پەروەردە و باشترکردنی کوالیێتیەکەی، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی مووچەی مامۆستایان و باشکردن وپێشخستنی ژیانیان بە مەبەستی هاندانیان بۆ پێشکەشکردنی باشترین پەروەردە بۆ نەوەکانی ئایندەیان کە درەوشانەوەی ژیاری و خۆشنوودی بەدیبێت.

ئەمەش بەهێزی سیستمی خوێندن لەو وڵاتەدا بەرز دەکاتەوە و سەیر نابێت کە پێشکەوتووترین وڵاتان لە ڕووی ئابووری و پەروەردەییەوە لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدان کە بەرزترین مووچە بە مامۆستایان لە جیهاندا دەبەخشن.

لێرەدا بە باشی دەزانم ڕیزبەندی ئەوووڵاتانە بخەمەڕوو وەک ماڵکپەڕی (anamusafer) بەدواداچوونی بۆ کردووە، ئەو وولاتانە زۆرترین موچە دەدەن بە مامۆستاکانیان، هەموومان دەزانین ژیان و سیستمی پەروەردە بۆچی لەوووڵاتانەدا ئەوەندە لە پێشەوەیە.

١- لۆکسمبۆرگ ٩٧,٨٠٨ دۆلاری ئەمریکی
٢- سویسر ٦٨١ هەزار و ٨٤٩ دۆلاری ئەمریکی
٣- ئەڵمانیا ٦٤ هەزار و ٢٨٩ دۆلاری ئەمریکی
٤- هۆڵەندا ٥٩,٨٩٤ دۆلار
٥- کەنەدا ٥٦ هەزار و ٤٢٢ دۆلاری ئەمریکی
٦- کۆماری ئێرلەندا ٥٤,٩٥٤ دۆلاری ئەمریکی
٧- دانیمارک ٥٣ هەزار دۆلار
٨- بەلجیکا ٤٩ هەزار و ١٨٥ دۆلاری ئەمریکی
٩- ئوستراليا ٤٨,٩٣٧ دۆلار
١٠- کۆریای باشوور ٤٨ هەزار و ١٨١ دۆلاری ئەمریکی

ئەم ڕێژەی موچانە لەو وولاتانەدا، ئەگەر بۆ هەر شوێنێک بەو ڕێژەیەی دیاریکراوە دابەشی دوانزە مانگی بکەی بڕێکی زۆرە و کەسی موچەخۆر سەرەڕای ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەران دەتوانێت لە خەڵکی ترباشتر ژیان بەڕێبکات، بەڵام مامۆستای ئەم هەرێمە بەکام پێوەر و بەچ تەرازوویەک بتوانێت، بەسێ مانگ موچەیەک وەربگرێت، هەر بەشی پێداویستیە سەرەتاییەکانی بکات؟ خەڵک و حکومەتیش داوای پەروەردەیەکی باشی لێبکات،

**سەرەڕای ئەو هەموو گرفتانەی وەک بەردی خڕحیزبەکان خستویانەتە سەر ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە.**

**بە دڵنیایی دەروونی نائارام و شێواو و شپرزە دەبێت، هەر بۆیە لە ئاکامی ئەم ووردبوونەوەیە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی دۆخی ژیانی مامۆستایان و بێباکی حکومەتی هەرێم، دەگەینە ئەو بڕوایەی سیستمی پەروەردە و ئەوپرۆسەیە گیرۆدەی چەقبەستن و دواکەوتن و وێرانی بووە.**

## بایکۆتی خوێندن، ڕووە و نەمانی متمانە

وا بۆ سێ مانگ دەچێت لە دوای وادەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان و خوێندنگەکان، بۆدەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بەڵام لەبەر دواکەوتنی موچەی مامۆستایان.

لەسنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین، بەدەر لە بایکۆتی خوێندن ناوە ناوە، مامۆستایان خۆپیشاندان و نارەزایی دەکەن، بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

لەم ماوەیەدا بەرپەرسانی پەروەردە بە چەندین جۆر ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ داواکاریان ئاراستەی توێژی مامۆستایان کردوە، بۆ کۆتایی هێنان بەبایکۆت و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن و گەڕانەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن، ئەو داواکاریانە بە هەر دوو جۆر بووە، یان وەک هاندان یان وەک هەڕەشە و فشار بەکار هێنراون، بەهیچکام لەمانە مامۆستایان ڕەزامەند نەبوون، بگرە توندتر و مکۆمتر وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان داوەتەوە.

ئەوەی جێی سەرنج و تێبینی و مایەی سەرسوڕمانی هەمووانە، لەم هەرێمەی کە تائێستا لە بەشێکی زۆری بایکۆتی پرۆسەی خوێندن تێیدا کراوە، هیچ بەرپرسێکی حکومی و حیزبی نەهاتوون بە مەبەستی چارەسەر کردن و گوێگرتن لە مامۆستایان هەنگاوبنێن تا وەک خەمخۆر و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نوێنەرانی

ماموٚستایان ببینن، یان بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن.

ئەوەی تا ئێستا باسمان لێوەکردوە، تەنها ڕووکەش و ڕووکاری بابەتەکەیە، دەمەوێ خاڵ بخەمە سەرپیت و ئاماژەکانم ئاراستەی لایەنێکی گرنگ و پڕبایەخی بایکوٚت بکەم کە ئەویش نەمانی متمانەیە، لە نیوان حکومەت و ماموٚستایان و نەوەکانی داهاتوومان.

جارێ پێویستە بزانین متمانە چیە و بوٚ گرنگە؟ ئەگەر متمانە نەمێنێ چی ڕوودەدات؟

متمانە بریتیە لە حاڵەتی دڵنیابوون لە خوود و بەرامبەر و ئەوانیتر،کاتێک دڵنیا بوون بەدیدێت هەستێکی بەرزی ژیاندوٚستی و دڵسوٚزی دروست دەبێت.

بەڵام ئەگەرمتمانە نەما و دیواری دڵنیابوون درزی تێکەوت، بەرگەی مانەوە ناگرێت و بێ چەند و چوون ئەو دیوارەی سەقفێکی لە سەردانراوە، لەگەڵ ڕووخانی دیوارەکە ئەویش دەڕوخێت، ئیتر هەر کەس و شتێک لە ناو ئەو چوار چێوەیەدا بێت کە ناوی دیوارەکەیە لە ناو دەچێت، جا مروٚڤ بێت یان گیانەوەریان کەلوپەل بێت.

بەڕای زوٚربەی نوسەران و پسپوٚڕانی بواری کوٚماڵناسی، متمانە ووزە و بەخش و داهێنان و دڵسوٚزی و دڵنیا بوونە.

به تایبەت  لە ناو پرۆسەی  پەروەردەدا  متمانە  بەپلان  کاری بۆ دەکرێت،  بەڵام لەو دەوڵەت وووڵات و شوێنانەی ژیان و ئایندە بنیات دەنێن، نەک ئەو شوێنانەی پرۆسەی  پەروەردەیان  خستۆتە پەراوێزی هەموو  کایە و سێکتەرەکانیترەوە.

کارکردن  و چاندنی  تۆوی  متمانە لەگەڵ ئەوەی بە پلان و بەرنامە دەکرێت، بەڵام لە پەروەردەدا پێویستە بە پڕاکتیکی ڕەنگبداتەوە و لە ناو فەلسەفەی  پەروەردەی  هەر ووڵاتێک بە جوانترین شێوە بەئامانج بگیرێت.

ئەوەش گەورەیی ئەو سیستمە دەخاتە ڕوو، دیارە کێ دەبێتە هەوێنی داهێنانی ئەو سیستمە گونجاوەی پەروەردە، ئەویش کەسانی گەورە و بە ئەزموونی  بواری پەروەردەن، کە دەبنە مەشخەڵی ڕوناککەرەوەی  ژیان بۆ کۆمەڵگەکەیان، بەتایبەت دروستکردنی متمانە بە خوود و بەئەوانیتر، بە تایبەتتر لای مناڵان و نەوەی ئایندە، لە خۆڕانیە، **پیرەمێردی گەورەوبیرفراوانی کورد ووتویێتی:**

**گەورە ئەوەیە، شێوەی شەمعی بێ**

**بۆخۆی بسوتێ و نەفعی جەمعی بێ**

بەڵام لەم دۆخە ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستان، کە حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بە باشی ئاوڕ لە پرۆسەی پەروەردە بداتەوە و لەبەر خراپی ژیانی مامۆستایان و نەدانی موچە و مافەکانیان، بایکۆتی پرۆسەی خوێندن لەو ناوچانەی ئاماژەمان بۆکرد بەتەواوی پەکی

کەوتووە، لەگەڵ پەککەوتنی پرۆسەکە خەریکە لایەنەکانی پەروەردەومامۆستایان وقوتابیان وخوێندکاران بە تەواوەتی متمانەیان بە یەکتر لاوازدەبێت ونامێنێت .

کاتێ متمانەش نەما، بڕوا بوون و دڵسۆزی و داهێنان و خۆشەویستی و ژیاندۆستی بەرە و ئاقارێکی نادیار ملی ڕێدەگرن و نازانرێت، بەرەو کام تونێلی تاریک و ڕێگەی وێڵی هەزار بە هەزار دەڕۆین.

لەسەرحکومەتی هەرێمە لەبەر خاتری هێشتنەوەی متمانە لە ناو نەوەکانی داهاتوومان و بڕواکردنی تەواوەتی بە دڵسۆزی مامۆستایان، بەپەلە هەنگاوبنێت بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی مامۆستایان بەوەی مافەکانیان بدات.

هیچ بیانوویەک نەهێنێتەوە، گوایە پارەی فەرمانبەران لای حکومەتی فیدراڵە، چونکە ئەوە جێی بڕوانیە لای مامۆستایان و خەڵکی کوردستان، ئەی ئەوسالأنەی نەدانی موچە و لێبڕین و پاشەکەوتی موچەدەکرا، کێ کردی؟ ئایا دروشمی ئابووری سەربەخۆیان بەرزنەکردەوە؟

بەم بێباکی و بێخەمی و بێمنەتی و بێدەنگیەی حکومەتی هەرێم گومان دەخرێتە سەر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەو سەبارەت بە پرسێکی گرنگی ژیانی و ژیاری کەپرۆسەی پەروەردەیە، چونکە ئەم شێواز و مامەڵە نادروستە دەبێتە هەرەسهێنانی کایە گەورەکەی ژیان و هەستە جوانەکەی ژیان لەناوکۆمەڵگەدا کەئەویش متمانەیە.

# ڕێزگرتن و پاداشتدانەوەی مامۆستایان

(مامۆستایان نوسەری باشن کاتێ لەسەر دڵی نەوەکانی داهاتوو دەنووسن– جویس میر)

ڕێزگرتن مانای پابەند بوونی مرۆڤ بە سنووردانان بۆ کەسانی بەرانبەر و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی و پێزانین بۆیان، لە چوار چێوەی مامەڵەی گفتار و ڕەفتار و کارکردنی کۆمەلایەتیدا.دەکرێ ئەم ڕێزگرتنە چوارچێوەیەکی گەورەتر وەربگرێت و بکرێتە کەلتوور و نەریت بۆ کۆمەڵگە.ئینجا دەبێت بێینە سەر شێواز و ئاراستەکانی ڕێزگرتن بۆ بەها و نەریت و دابی کۆمەلایەتی، کێ بەرپرسە لەو ئاراستەکردنە؟ بۆ وولامی ئەم پرسیارە، گومانی تیا نیە دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، بەپێی یاسا و دەستوور و پرەنسیبەکان، بە پلانی زانستی و پڕۆژە، لەگەڵ میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هاوتای فەلسەفەی پەروەردە، هەنگاوی پێویستی بۆ دەنێن.

لەمباسەماندا ئەوەی جێیدەبێتەوە و مەبەستمانە، ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ ڕێزگرتن و پاداشتکردنەوەی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستاندا، کە توێژێکی گرنگ و کاریگەرن و خزمەتی زۆریانکردووە، لەم کۆمەڵگەیەدا، لە هەموو کات و سەردەمەکاندا، لە کاتی خەباتی شۆڕش و بەرەنگاریدا لە شاخ ئەوان لە گوندەکان و لەناو ئەشکەوتەکاندا وانەی فێربوون و شۆڕش و کوردایەتیان بە منالانی کورد وتۆتەوە. لەدوای

ڕاپەڕینیش کاتێ ڕژێمی بەعس دامەزراوەکانی دەوڵەتی لە هەرێم کێشایەوە، مامۆستایان یەکەم توێژی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوون، بە دروشمی (سەری بەرزمان بۆ موچە نەوی ناکەین) وولامی ڕژێمی داگیرکەریاندایەوە و لەو کاتەدا نەیانهێشت پیلانی دوژمنان بۆ کۆتایی هێنان بە ئامانجەکانی ڕاپەڕین بێتە دی، ئەوە بوو زۆربەی مامۆستایان دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان دەرهێنا و فرۆشتیان و بەکولە مەرگی دەژیان، تەنها لەبەر نیشتمان و گەلەکەیان.

بەڵام کاتێ پەرلەمان هەڵبژێردرا و کابینەی حکومەت پێکهات، پاداشتی مامۆستایان چیبوو؟

بار و دۆخی ژیانی مامۆستایان و فەرمانبەران، هەر مەمرە و مەژی بووە، بەڵام بەرپرسەکانی حیزبەکانیش بوونە خاوەنی ملیۆنان دۆلار و دەیان ئۆتۆمبێل و پاسپۆرتی وولاتان و باخ و ژیانی خۆش، هاوڵاتیانیش بەشیان هەژاری و خەمباری بووە.

لە ناو کۆمەڵگەدا لە جیاتی پاداشتکردنەوەی مامۆستایان، نوکتە و وتەی بریندارکەر بە مامۆستایان دەوترا، بەنمونە لە زمانی گۆشتفرۆشێکەوە دەوترا(**بۆ مامۆستا ئێسقان بە خۆڕایی**) یان ( **کێ ژن بە مامۆستا دەدا؟**) ئەم ووتانە هیچ لێکدانەوەیەکی باش لە خۆ ناگرن جگە لە سوکایەتی و بێڕێزی بەرانبەر مامۆستایان، لای خۆمان ئاوا ڕێز لە شکۆی مامۆستایان گیرا، بەڵام با بزانین، کەسێکی وەک ( **عەلی ئیبراهیم ئەلموسەوی**) چۆن ڕێزلەمامۆستایان

دەگرێ کاتێ دەڵێ: (**پێش ئەوەی باسی مامۆستا بکەیت، دەبێت دەمت بە گوڵاو بشۆیت).**

لەو کاتانەی مامۆستایان بە شێوازێکی شارستانی داوای مافەکانیان لە دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی کردووە، یان وەڵام نەدراونەتەوە، وەک ئێستا کە بەهۆی بایکۆتی خوێندن وەرزی یەکەم نەخوێندرا، بۆ چوار مانگ دەچێ حکومەت مێش میوانی نیە، لە هەر شوێنێکیتر بوایە حکومەت هەڵدەوەشایەوە، کەچی بێباکی و بێخەمی ئەم حکومەتە گومان دروست دەکات، کە خۆیان حەز بەو دۆخە نەکەن.

جگە لەوە هەموو خەڵک بینی لە شاری هەولێر لەبەر نەرەزایەتی و چوونە شەقام، بە تەلەفۆن هەڕەشە لە مامۆستا کرا، بەوەشەوە نەوەستان، قاچیان بەرز کردەوە و شەقیان لە مامۆستا هەڵدا.

**ئەحمەد شەوقی دەڵێ :**

**قم للمعلم وفه تبجيلا**

**كاد المعلم ان يكون رسولا**

**واتە(هەستە لەبەر مامۆستا دەستە و نەزەر، خەریکە مامۆستا دەبێتە پەیامبەر).**

دەبوایە ئێستا وەک ئەو وڵاتانەی کە خۆشگوزەرانن و شارستانیان لە کۆڵناوە و شانازی بە خۆیان دەکەن گەیشتوون بە کوێ؟ لە سایەی بیری بەرز و خزمەتی مامۆستاکانیان بەو گەلانە، ئێمەش لەو ڕیزبەندیانەدا بووینایە، نەک نەدانی موچەی سێ مانگ و بێڕێزیکردن بە شکۆی بەرزی مامۆستایان.

دڵنیام ئەگەر هەل و مەجەکە گشتی بووایە و هەموو چین و توێژەکانی ئەم هەرێمە لە یەک ئاستی بژێوی ژیاندا بوونایە و نادادی بەو ئاستەی دەبینرێ بەدینەکرایە، وەک ساڵانی دوای ڕاپەڕین، مامۆستایان دەبوونە چرا هەڵگری ژیان، بەڵام دیارە پەتی ئارامگرتنیش دەپچڕێ و حکومەتیش بەو بیرکردنەوە خراپە هیچیان دەست ناکەوێ جگە لە پەشیمانی کە دوایی دادیان نادات.

دەکرا ئەزمون وەربگرن و فێری جوان بینینی ژیان و چاک ئاراستەی حوکمڕانیبن، نەک هەموو شتێک لە خزمەتی خۆیان و حیزبەکانیان و بنەماڵەکانیان و کۆمپانیاکانیادا ببینن، هەموو شتێک بازرگانی نیە بۆ خۆتان، ئەوەی ئیمامی غەزالی ئاماژەی بۆ دەکات هەم ژیان و هەم خۆشی و هەم بازرگانی و هەم ئایندەیە، وەک دەڵێ :(شەرەفمەندترین پیشە و باشترین پیشەسازی کە مرۆڤ دەتوانێت وەک پیشەی خۆی وەریبگرێت، پەروەردەیە،مامۆستایان میراتگری پێغەمبەرانن، چونکە جەهل لە مرۆڤەکان لادەبەن و دەیگوازنەوە بۆ ڕووناکی زانین و باوەڕ).

بە پێی سەرنجدان و خوێندنەوە و تێبینیکردن لەم شێوازە خراپەی حوکمڕانیەی هەرێمی کوردستان، وا هەست دەکەم ئەوەی شکۆ و ڕێز و پاداشتکردنی مامۆستایانی شکاند دەستێکی نا بەرپرسی حوکمڕانی خۆماڵی و جەهلی عەقڵی تەسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و خێڵەکی بوو، چونکە ئەم سەردەمە و عەقڵی خێڵ و هۆزیان نەوتووە بۆ حوکمڕانی گەل.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- وشە ڕەنگاڵەییەکان

٢- ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو

٣- ڕوانین بۆ ئایندە

٤- خواستی خەڵک لەزمانی قەڵەمەوە

٥- ئەو فرمێسکانەی وشک ناکەن

٦- سەمای بەفر

٧- پەلکە زێڕینەی خەیاڵ

٨- کوانووی هەناسە تەریوەکان

٩- گەشتە مێژووییەکان

١٠- ئامانجە باڵاکانی پەروەردە

١١- شێرەبەفرینە

١٢- پرسە پەروەردەییەکان